تێبینی: ئەم کتێبە هەڵەچنی و پاکنووس نەکراوە

# پوختەیەکی ڕوون و ڕەوان

## لە هۆکارەکانی

# جیاوازی نێوان موسڵمانان

مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە بۆ
www.ali-xan.com

ناوی کتێب بە کوردی: پوختەیەکی ڕەوان و ڕوون لە هۆکارەکانی جیاوازی نێوان موسڵمانان.

نوســـــــــــەر: ماموستا علی خان

خســـتنە ســـەر ۆرد: ژیلوان

دیزاینـــی نـــاوەوە: سایتی: www.ali-xan.com

نـۆرە وســاڵی چــاپ: یەکەم ١٤٤٣ – ٢٠٢٢

تیـــــــــــراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمـــارەی ســـپاردن: ژمارەی سپاردنی کتێبخانە گشتیەکانی پێ دراوە.

**بەرهەمی سایتی**

www.ali-xan.com

mamostaalixan
mamostaalixan
ALIMALIXAN
alixanali
mamostaalixan
m-alixan

# پوختەیەکی ڕوون و ڕەوان

## لە هۆکارەکانی

# جیاوازی نێوان موسڵمانان


نووسینی

علي خان

خستنە سەر کاغەز

**ژیلوان عەلی**

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای خاوەن بەزەیی بەزەییکار

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

أما بعد:

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبەی بەردەستت بریتییە لە وەڵامی پرسیارێك کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ ئاراستەی بەندە کراوە، لە هەمان کاتدا لە کۆمەڵێك مامۆستای تریش کرابو.

بەندەش -خوا لێی ببورێت- درێژادڕی کرد -لەچاو مامۆستاکانی تردا، نەك لەچاو خودی بابەتەکە، گەرنا

زۆرتـــر هەڵـــدەگرێت-. چـــونكە ئەم پرســـەم زۆر لاگرنگبو.

خـــواش دەزانێـــت لە خەمە گەورەكـــانم یەكرِیـــزی موسڵمانانە، بۆیە چاوێكم خشاند بە هەندێك سـەرچاوە و قەڵەمم لەسەر كاغەز دانا بۆ وەڵامی پرسـیارەكە، ئیتـر ئەوەی خـــوا رِۆزیـــدا و بەبیرمـــدا هـــات ئەو كـــات بەرِەچاوكردنی كورتبرِی نوسیم.

ئەوەبـو دواجـار ئەو برایـانە -خـوا پاداشـتی خێریـان بداتەوە- وەڵامی هەمو ئەو مامۆستا و بانگخوازانەیان لە دوتوێی كتێبێكدا كۆكردەوە.

لێـرەدا بەنـدە هەسـتاوە ئەو وەڵامەی جیـاكردۆتەوە و دەسـتكاریەكی كەمـی كـردوە بە پێـی پێویسـت، لەگەڵ تەخریجكردنی فەرمودەكان بە كورتی.

سا خوێنەری بەرِێز!

ئەم نوسیەنەی بەردەستت سەرپێییە، ئەوەندە نوسراوە كە كـات و پرسـیارەكە و شـوێنەكەی رِێـگەی دابێـت - بەیارمەتی خوای گەورە-.

بـۆیه لەوانەیه بەرچـاوت بكەوێـت؛ خاڵێـك بەش و لقێك بێت له خاڵێكی تر، یـان ڕونكـردنەوەیەك له ژێـر ئەو خاڵه و خاڵێكی دیشدا جێی ببێتەوە، یان له شـوێنێك پێویســتی كــردوه زیــاتر بڵـێم و ڕونكــردنەوه بــدەم نەمكردبێت و، به پێچەوانەشەوە. جـا له كەمـورتیەكەی ببورن، بەس بێت هەوڵێكه دراوه بـۆ یەكخستنی ڕیـزی موسـڵمانان له ژێـر ڕۆشـنایی قورئـان و فەرمودەكـان و فەرمایشتی زاناكان. ئاماژەش بەوە بكەم من خۆم لەسـەر هـیچ كۆمەڵێـك حسێب نـاكەم، بەڵكـو خـۆم به تەنهـا موسڵمانێك دەزانم، تەنها بەو نازە ڕازیـم، وەكـو ڕێبـازی بیروباوەڕیشــــمان باوەڕمــــان بەوەیه كه هــــاوەڵان وشـوینەكەوتوانیان لەسـەری بـوون. له خـوا داواكـارم لەســـەر ڕێبـــازی هەقمـــان دابنێـــت و نووســـراوەكه بەرەكەتـدار بكـات و به هـۆیەوە سـود بگەیەنێـت و، بیكـاته مـایەی تەبـایی و برایەتـی و یەكڕیـزی لەسـەر ڕێڕەوە دروستەكه. والحمد لله رب العـالمین. اللهـم صـل علی محمد وآل محمد.

علي خان

٥ جمادي الأولى ١٤٤٣

## پرسیاری ئاراستەکراو

هۆی پشێوی و ناتەبایی موسڵمانانی ئەمڕۆ دەگەڕێنیـتەوە بۆچی؟!

أ. نەبونی پێشەوایەکی ڕاستگۆ.

ب. نەبونی تاکی موسڵمان.

ج. نەگەڕاندنەوەی کارەکان بۆ لای قورئان و سوننەت؟!

# وەڵام

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، ولي الصالحين، مؤلف قلوب المؤمنين، والصلاة والسلام على الصادقين الأمين، وعلى آله وأصحابه وأتباعه وأحبابه إلى يوم الدين.

بەپشتیوانی و تەوفیق و یارمەتی خوای تەعالا، دەڵێین:

باسکردنی یەکرێزی و یەکپارچەیی ئیسلامی، یانی: باسکردن لەبارەی خودی ئیسلامەوە، واتە: باسکردن لەبارەی ئوممەتی ئیسلام و موسڵمانانەوە.

ئەوەش لەئاراستەكردنی ئەم پرسیارە دەخوێنمەوە: كەوا كۆمەڵێك دڵسۆز و خەمخۆر ئەیانەوێت چارەسەرێكی زانستی بۆ ئەم دوبەرەكی و ناكۆكیە بدۆزنەوە. ئەیانەوێت هەنگاوێك بەرەو سارێژكردنی برینی تەفرەقە و ئیختلاف هەڵبگرن، كە ئەم ئوممەتەمانی زۆر لاوازكردوە.

ئاراستەكردنی ئەم پرسیارە لەكاتێكدایە لەنێو موسڵماناندا كەژمارەیان دەگاتە نزیك دوو ملیار موسڵمانان بەپێی دوایین سەرژمێری، دەیان تەكەتول و كۆمەڵ لەنێو موسڵماناندا هەن، دەیان بانگەواز هەن، دەیان مەنهەج هەن، و﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ [المؤمنون: ٥٣] هەر لایەنێكیشیان خۆشحاڵن بەوەی لەسەرین و هەیانە.

لە كاتێكدایە كە شاراوە نییە لای هەمو موسڵمانێك ئومەتی ئیسلام لە چ كەرتی و پەرتی و ئیختیلافێكدا دەژیت؟! كە بوەتە مایەی دوژمنایەتی و دوبەرەكی و پەرتی، ئەمەش بەهۆی هەوا و ئارەزو و زیادە و ڕێچكە جۆراوجۆرەكانەوە.

بۆیە سەیرت لێ نایە كاتێك ببینی لەسەر حیزب و گروپ و مەزهەبەكەیان و شوێنكەوتنیان بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەوە بەیەكتر بكەن كە كافر پێیانی ناكات،

بەڕادەیەك: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّـاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ [الروم: ٤١]. خراپەكـاری دەریا و وشكانی گرتۆتەوە.

لەكاتێكدایە كە ڕیزە تۆكمەكەی موسڵمانانی تێدا كەرت بووە، یەك قسەییەكانی تێدا لەت لەت بوە، یەك ڕێ ڕوونە ڕووناكەكەیانی تێدا دەیان ڕیانی[١] لێبووە، كەسایەتی ساغ و سەلیمی ئیسلامی تێدا زایە بوە، وای لێهاتوە هەم دوژمن ڕوی تێكردوین، هەم دۆست پشتی لێكردوین.

لەكاتێكدایە، موسڵمانان وڵاتیان داگیركراوە، سەروەت و سامانیان بەتاڵان دەبرێت و براوە، بێڕێزی بەرامبەر پیرۆزیەكانیان دەكرێت و كراوە، هەقیان دەخورێت، دەكوژرێن و قەتڵ و عام دەكرێن، هەمو دونیا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش كە خۆی لە «نەتەوە یەكگرتوەكان»دا ئەبینێتەوە بێ دەسەڵاتی خۆی ڕاگەیاندوە، كەوا ناتوانن هیچ هاوكاریەك پێشكەش بكەن، ئەگەرچی هەقەكەش ڕوونبووبێتەوە، ستەمكارەكەش بناسرێتەوە، وەختە وامان لێدێت -یان وامان لێهاتوە- سەرباری زۆری

(١) ڕیان: دوو ڕێگا یان زیاتر، كە دەگەنە یەك.

ژمارەمـان كەس لامـان لێناكـاتەوە، بـووین بەشـوێنكەوتە بەڵكو چاولێكەر و موقەلیدی غەیرە خۆمان بەڵكو دوژمنی خۆمان بەبێ ویستی خۆمان.

بەڕاستی هەورێكی وا تاریك ئاسمانی جیهـانی ئیسـلامی داگرتوە، خەریـكە ڕونـاكی هەقـیقەت لەزۆرێكـی خەڵـك دەشـارێتەوە، موسـڵمانان بەهـۆی هێرشـە فیكـریە گوماناویەكـانەوە كەوتـونەتە گێـژاوێكەوە، سەرگەردانیەكەوە، مەگەر خوا بزانێت.

بەڕادەیەك كە فەرمودەی «تـداعی الأمـم» دەخـوێنینەوە، هەستدەكەین باسی ئێمە دەكات، دواجاریش بەدرێژی باسـی دەكەین -إن شاء الله-.

❀ ❀ ❀

## ئیختیلاف خۆلێلادانی بۆ نییە، ئەی چار چییە؟

ئیبن قەییم دەڵێت: «ووقـوع الاخـتلاف بـین النـاس أمـرٌ ضروريٌّ لا بد منه؛ لِتفاوُتِ إراداتهم وأفهامهم وقوى إدراكهم، ولكن المذموم بَغْيُ بعضـهم علـى بعـضٍ وعدوانـه، وإلَّا فـإذا كان الاختلافُ على وجهٍ لا يُؤدي إلى التباين والتحزب، وكلُّ

من المختلفين قصده طاعة الله ورسوله، لم يضر ذلك الاختلاف، فإنه أمرٌ لا بد منه في النشأة الإنسانية.

ولكن إذا كان الأصل واحدًا والغاية المطلوبة واحدةً، والطريق المسلوكة واحدةً، لم يكد يقعُ اختلافٌ، وإن وقع كان اختلافًا لا يضر، كما تقدم من اختلاف الصحابة؛ فإن الأصلَ الذي بنوا عليه واحدٌ، وهو كتاب الله وسُنة رسوله، والقصدَ واحدٌ، وهو طاعة الله ورسوله، والطريقَ واحدٌ، وهو النظرُ في أدلة القرآن والسُّنَّة وتقديمها على كل قولٍ ورأيٍ وقياسٍ وذوقٍ وسياسةٍ»[١].

واته: «بونی ئیختیلاف لەنێوان خەڵك شتێكی حەتمیە و هەر ئەبێت ڕوبدات؛ ئەمەش لەبەر جۆراوجۆری ویست و هەمەڕەنگی تێگەیشتن و هەچەشنی توانای درككردنی خەڵك، بەڵام ئەوە لۆمەكراو و خراپە كە ستەم و دەستدرێژی بكەنە سەر یەكتر، گەرنا ئەگەر ئیختیلاف بە شێوەیەك بێت سەر نەكێشێت بۆ هیجرلەیەكتركردن[٢] و حیزبایەتیكردن «التباين والتحزب» و، هەر یەكە لە كەس و

(١) «الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة» (١/ ٢٦٩).
(٢) قال في «مختار الصحاح» (مادة: ب ي ن): «تباين الْقَوْمُ: تَهَاجَرُوا».

لایەنە جیاوازەكـــان مەبەســـتی گـــوێڕایەڵی خـــوا و پەیامبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێت؛ ئەوا ئەو جیاوازییە زیانی نابێـــت، چـــونكە ئیختـــیلاف شـــتێكە هەر لە دروســـتبونی مرۆڤایەتیەوە هەیە.

بەڵام ئەگەر بنەماكە یەك بێت و، ئامانجە خوازراوەكەش یەك و، ئەو ڕێگایەش گیراوەتە بەر یەك بێـت، ئەوا وەخـتە ئیخیتیلاف ڕونەدات، ڕوشبدات ئیختیلافێكە زیانی نابێـت -هەر وەك لە ئیخیتلافی نێوان یاراندا هاتوە باسكرا-؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو بنچیـنەیەی كارەكانیـان لەسـەر بونیادنـاوە یەكە، كە بریتییە لە قورئـان و سـونەتی پەیـامبەری خـوا و، مەبەســـتەكەش یەك شـــتە، كە گـــوێڕایەڵی خـــوا و پەیامبەرەكەیەتی، ڕێگاكەش یەكە، كە بریتییە لە ڕوانـین لە بەڵگەكانی قورئان و سـونەت و پێشخسـتنی بەسـەر هەمـو وتە و بۆچون و قیاس و زەوق[١] و سیاسەتێكدا».

❀ ❀ ❀

(١) الذوق: واتە: تام، ئەوەش زانراوە، پێویست بە پێناسـە ناكـات، بەڵام لێـرەدا ئیـبن قەیم مەبەستی ذەوقە لای ئەهلی تەصوف، ئەوەش جورجانی لەبارەیەوە دەڵێـت: «عبـارة عـن نـور عرفـاني يقذفه الحق بتجليه في قلوب أوليائه، يفرقون بـه بـين الحـق والباطـل مـن غيـر أن ينقلـوا ذلـك مـن كتـاب أو غيـره». «التعريفـات» (ص١٠٧). هەروەها بڕوانە: «مدارج السالكين» (٣/ ٨٧، ٨٨).

# ڕاجیایی و جیاوازی لەسروشتی مرۆڤە

بەپێویستی دەزانم ئاماژە بکەم بەوەی خوودی ڕاجیایی و جیاوازی و فرە ڕەنگی لەسروشتی مرۆڤە و خوای گەورە وای درووست کردوون، وەك لەچەندین ئایەتدا خوای میهرەبان ئاماژە دەكات بە جۆراوجۆری شتەكان بەهەموو چەشنەكانییانەوە. لەوانەش فرە ڕەنگ و جۆری مرۆڤەكان.

جا كە ژێر سەرنجی مرۆڤ دەدات دەبینێت، لەڕەنگ و زمان و شێواز و دیمەن و سروشت و مەیل و حەز و توانا و بەژن و باڵا و هێز و پێز و هتد، هەمووی جیاوازن، کەواتە ناكرێت هەمان بۆچوون و بیروباوەڕیان هەبێت.

خیلافیش هەر لە ئەزەل و قەدەرەوە خوای گەورە نووسیویەتی. چۆن ئەم ئومەتە هەر دەبێت تاوان بكات، ئاوهاش دەبێت خیلاف لەنێوانیاندا هەبێت، وەك ئەحمەد بن عەبدولحەلیم دەڵێت: «لا بد أن تقع الذنوب من هذه الأمة، ولا بد أن يختلفوا؛ فإن هذا من لوازم الطبع البشري، لا يمكن أن يكون بنو آدم إلا كذلك». هەر لە درووستبوونی مرۆڤایەتییەوە هەیە، وەك ئیبن قەیم دەڵێت: «فإنه أمر لا بد منه في النشأة الإنسانية».

كام جیاوازییە خراپە؟

بەڵام لەڕووی شــەرعییەوە، واتە لەو ڕووەوەی خــوای گەورە داوای لەبەنــدەكانی كردبێــت، ئەوا پەرتەوازەیــی و دووبەرەكی بە خراپ داناوە، دەقەكانی قورئـان و سـوونەت پڕن لەم بارەوە.

بەشـێك لەزانایـان جیـاوازی دەكەن لەنێـوان خـیلاف و ئیختـیلاف، دەڵـێن: ئیخـتلاف خـراپ نیـیە، بەڵام خـیلاف خــراپە، ئیخــتلاف واتە ڕاجیــایی، بەڵام خــیلاف واتە دووبەرەكــی، لە ئیختیلافــدا بەڵــگە هەیە، بەپــێچەوانەی خـیلاف، زۆریكـی دیـش هـاوڕای ئەم بۆچـوونە نـین و جیاوازی ناكەن لەنێوانیان.

## چارەسەری ئەو بارودۆخە

جا چارەسەری ئەو بارودۆخە پڕ لایەن و فرە جەمسەری و فرە وتارییە چییە؟

لای هەموان زانراوە كە: «لا يُصْلِحُ آخِرَ هَذِهِ الأُمَّـةِ إِلا مَـا أَصْلَحَ أَوَّلَهَا» وەك مالك دەڵێت[1]. واتە: كۆتایی ئەم ئوممەتە

---

(١) «مسند الموطأ» للجوهري (ص ٥٨٤).

چـاك نـابێتەوە مەگەر ئەوەی سـەرەتاكەی چاككردۆتەوە. مەبەسـتی ئەوەیە: یـاران چـی چـاكیكردن و ئیسـلامیان پـێ سەرخست، بە هەمان شت دوای ئەوانیش چاكدەبن.

بەڵـێ، ئـاخری ئەم ئـوممەتە بـاش نابێـت مەگەر بەوە نەبێت كەسەرەتاكەی پێ چاك بووە، ئەویش: «مـا أنـا علیـه الیوم و أصـحابي»(١) ئەوەیە كە «مـن و یـارانمی لەسـەرین» واتە: ئەبێـت شـوێنی پەیـامبەر و یـارانی بكەویـن، شـوێنی ئەوانەش بكەویــن كە بەباشــی شــوێني ئەوان كەوتــون لە پێشینانی صاڵحمان -ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێ بێت-. وەك قورئـانیش دەفەرموێـت: ﴿وَالسَّـابِقُونَ الْـأَوَّلُونَ مِـنَ الْمُهَـاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْـرِي تَحْتَهَـا الْأَنْهَـارُ خَالِـدِينَ فِيهَـا أَبَـدًا ذَلِـكَ الْفَـوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [التوبة: ١٠٠]. مەبەستیش لێرەدا هیچ حیـزب و گـروپ و مەنهەجێكــی دیــاریكراو نیــیە جــگە لە گەڕانەوە بــۆ ڕەسەنایەتی.

لای هەمــوانیش ئاشــكرایە كاتێــك پەیــامبەری خــوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ دێــت، پەرتەوازەییەكــی زۆر هەبــوە، بەڵام

(١) حديث نبوي سيأتي تخريجه.

خوای گەورە بەهۆی دینەکەی خۆیەوە، بە ناردنی ئیسلام لە ڕێی پەیامبەری خواوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەمویان یەکدەخات و، دەیانکاتە برا و تەبا. بەڕادەیەك کابرای موسڵمان ئامادەیە یەکێك لە دو ژنەکەی خۆی طەڵاق بدات، بۆ ئەوەی برا دینیە ئاتاجە بێ ژنەکەی، مارەی بکات! هەشیانە ئامادەیە ماڵەکەی لەگەڵ برا دینیەکەی بکاتە دو بەشەوە، نیوەی بۆ خۆی! و نیوەکەی تریشی بۆ برا دینیەکەی! ئەمانە لە صەحیحی بوخاریدا هاتون[1]!

بەڵێ، چەندین ڕووداویش ڕوودەدەن، خەریکن دووبارە دەستەویەخەی یەکتر بگرنەوە، بەڵام ئیمان و ئیسلامەکەیان ڕێگری لێدەکردن، هەندێك جاریش خودی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگری لێدەکردن.

چونکە پێش هاتنی ئیسلام چەندین کێشە و جەنگ و کوشتار لە نێوانیاندا ڕویدابو.

کەچی دوای هاتنی ئیسلام لەسەر یەکتر خۆیان بەکوشت دەدا، باوکی خۆی دەکوشت یان بە کوشت دەدا

(١) الحديث أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٧٨١)، ومسلم في «صحيحه» (١٤٢٧).

لەپێناو ئەو برا دینیە تا دوێنێ دوژمنەی، یان دەڕۆیشت تەسلیمی ئەوانی دەکرد!

کەواتە ئیسلام بە ئەزموندا تێپەڕیوە، بینراوە توانای چارەسەرکردنی دەردی پەرتەوازەیی هەیە، واتە: وەك کۆمارییەکەی ئەفلاطۆن نییە[1]، نەتوانرێت و نەکرێت تەطبیق (پراکتیك) بکرێت.

جا ئەگەر موسڵمانانی ئەمڕۆش دەیانەوێت پەرتەوازەیی نەمێنێت، پێویستە بزانن چارەسەرەکەی ئەوەیە کە پێشتر ڕونبوویەوە -دواجار زیاتریش ڕۆشنتر دەکرێتەوە- کە بۆ نەمانی پەرتەوازەیی:

هەم ئەبێت مەنهەجێکی دروستمان هەبێت.

هەم سەرچاوەکانمان یەك بێت.

هەم سەرکردەیەکی گەورە هەبێت خەڵك لە دەوریدا کۆ ببنەوە.

واتە: بە گەڕانەوە بۆ حەبلی نەپساوی خوا و، ڕێگای ڕاستی بێ چەوتی ئیسلام و، چرای ڕووناکی موحەممەدی

---

(١) کۆمارییەکەی ئەفلاطۆن، بریتییە لە ناوی کتێبێکی ئەفلاتۆن کە باسی سروشتی سیستەمی وڵات و دەوڵەتێکی دادگەر دەکات، لەگەڵ کۆمەڵێك باسی تردا. کە دەوڵەتەکەی پێی دەوترێت: دەوڵەتی نمونەیی.

هەموان ﷺ، بەشـكو لە ژێریـدا ببـنە بـرا و تەبـا موسڵمانان، دور بكەونەوە لە خیلاف و پەرتەوازەیی زانـا و نەزانیان، بە نیەتپاكی و مەبەستخێری تاكەكان و، یەكخستنی ئامانجەكانیان.

## جیاوازی دژبەیەك و جیاوازی نادژ

ئامــاژەش بەوە بــكەم كە هەنــدێك جیــاوازی هەیە، دژبەیەكە و پـێكەو كـۆ نـاكرێنەوە، هەندێكیشـی دژبەیەك نین و ئاماژە و بەڵگەن بۆ جۆراوجۆری.

جــۆری یەكەم ئەوەیە كە هەمــوو جــۆرە جیاوازەكــان نــاكۆك نـین و هەقــن لەخۆیانــدا، وەك جۆراوجــۆری و جیاوازی لە شێوازەكانی عیبادەتكردن، و ویردە جیاوازەكـان و هاوشێوەكانی ئەمانە.

جۆری دووەمیش جیاوازی دژبەیەكە، كە وتە و بۆچوون و كردەوەكــان پــێكەوە كۆنــاكرێنەوە، ئەگەر یەكێكیــان وەربگــری دژی ئەوەكەی دیــكەیە، وەك ئەوەی یەكێكیــان بڵێت: حەرامە، ئەوی دی بڵێت: حەڵاڵە!

ئەمەش دەبێتە دوو جۆرەوە:

جۆرێکی که قەبوڵکراو نییە، وەك ئەوەی دژی بەڵگە ڕوونەکان بێت، یان ڕاجیایی تێدا هەبێت، بەڵام زۆر لاواز بێت و ئاوڕی بۆ لا نەدرێتەوە.

جۆرێکی دیکەی ئەوەیە کە دژی بەڵگە ڕوونەکان نەبێت، لەم جۆرە جیاوازییەش لەنێوان پێشینان و پاشینانیش هەبووە لە پێشەوانی دین. تەنانەت نابێت ئینکار لە موخالف بکرێت تێیدا، والله أعلم.

ئەحمەد بن عەبدولحەلیم دەڵێت: «وأما اختلاف التضاد فهو: القولان المتنافيان إما في الأصول وإما في الفروع، عند الجمهور الذين يقولون: (المصيب واحد)، وإلا فمن قال: (كل مجتهد مصيب) فعنده: هو من باب اختلاف التنوع، لا اختلاف التضاد فهذا الخطب فيه أشد؛ لأن القولين يتنافيان».

لەمەشەوە ڕوون بوویەوە جیاوازییەك هەیە ڕێگەپێدراوە، جیاوازییەکیش هەیە ڕێگری لێکراوە!

# هاندانی ئیسلام بۆ کۆمەڵ و نەهیکردنی لە پەرتەوازەیی

ئیبن عومەر دەڵێت(١): «خَطَبَنَا عُمَرُ بِالْجَابِيَةِ، فَقَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ! إِنِّي قُمْتُ فِيكُمْ كَمَقَامِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِينَا، فَقَالَ: أُوصِيكُمْ بِأَصْحَابِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَفْشُو الْكَذِبُ حَتَّى يَحْلِفَ الرَّجُلُ وَلَا يُسْتَحْلَفُ، وَيَشْهَدَ الشَّاهِدُ وَلَا يُسْتَشْهَدُ ... عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الِاثْنَيْنِ أَبْعَدُ، مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ فَلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ، مَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ وَسَاءَتْهُ سَيِّئَتُهُ فَذَلِكَ الْمُؤْمِنُ» «لە عومەرەوە، کە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: پابەندی جەماعەت و کۆمەڵ موسڵمانان بن و، دوور بکەونەوە لە تەفرەقە و پەرتەوازەیی، چونکە شەیتان لەگەڵ یەکدایە و، لە دوانەوە دورترە».

طەحاوی لە عەقیدە بەناوبانگەکەی خۆیدا دەڵێت: «ونرى الجماعة حقًّا وصوابًا، والفرقة زيغًا وعذابًا»

---

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢١٦٥)، وابن ماجه في «سننه» (٢٣٦٣)، وأحمد في «مسنده» (١١٥، ١٧٩)، والنسائي في «الكبرى» (٩١٧٥).
قال الترمذي: «هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ غَرِيبٌ مِنْ هَذَا الْوَجْهِ».

«باوەڕیشمان وایە کە کۆکی و کۆمەڵ هەقە و ڕاستە و، پەرتیش لادان و سزا و چەوتە».

فەرموده و وتەی دی لەم بارەوە زۆر زۆرە.

❁ ❁ ❁

## هاندانی ئیسلام بۆ برایەتی

کەباسی ئەوەش دەکەین ئەمڕۆ موسڵمانان پەرتەوازە بون، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئیسلام تەبایی و برایەتی و یەکڕیزی فەرزکردوە، هەروەها زۆر هانی موسڵمانانی داوە بۆ پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی و برایەتی نێوان خۆیان، تەنانەت هەر شتێکیش دەبێتە هۆکاری پەرتەوازەیی و ناتەبایی ڕێگری لێکردوە، سزای لەسەر داناوە، حەرام و خراپ ناوزەندی کردوە.

تەنانەت هەرچی دەرگا و پەنجەرەی دوبەرەکی و ناکۆکی هەیە دایدەخات و، هۆشیاریش دەدات لەکردنەوەی، هەروەها دەستخۆشیش دەکات و ئەجر و پاداشتیش دادەنێت بۆ هەرکەسێك پارێزگاری بکات لە هۆکارەکانی یەکڕیزی و پێکەوەژیان.

واته: چۆن ئیسلام نكوڵی هەر شتێك دەكات پەرتەوازەیی لێ بكەوێتەوە، ئاوهاش هانی موسڵمانان دەدات بۆ برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی و یەكڕیزی لەپێناوی خوادا.

❁ ❁ ❁

## ئیسلام موسڵمانان هاندەدات بۆ خۆشەویستی

له موسنەدی ئەحمەد و سونەنی تورمذیدا هاتوە بەسەنەدێكی صەحیح، له موعاذی كوڕی جەبەلەوە، پەیامبەری خوا فەرموویەتی ﷺ: پەروەردگار فەرموویەتی[1]: «الْمُتَحَابُّونَ فِي جَلَالِي لَهُمْ مَنَابِرُ مِنْ نُورٍ يَغْبِطُهُمُ النَّبِيُّونَ وَالشُّهَدَاءُ» «ئەوانەی لەبەر مەزنی و گەورەیی من یەكدیان خۆشدەوێت ئەوا له دواڕۆژدا سەكۆ و مینبەری پڕ نوریان بۆ دادەنرێت، شوێنەكەیان ئەوەندە

(١) إسناده صحيح: أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٣٩٠)، ومالك في «الموطأ» (٣٥٠٧/ ٧٦٣)، وأحمد في «مسنده» (٢٢٤٢٤، ٢٢٤٥٤، ٢٢٤٥٥، ٢٢٤٨٨، ٢٢٤٩٠، ٢٢٥٠٦، ٢٢٥٥٩)، والطيالسي في «مسنده» (٥٧٢)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٥٢٣٥)، وعبد بن حميد في «المنتخب» (١٢٥)، والبزار في «مسنده» (٢٦٧٢)، وابن حبان في «صحيحه» (٥٧٥، ٥٧٧).
وقال الترمذي: «حديث حسن صحيح».
انظر: «مسند أحمد» (٣٦/ ٣٢٦) (٢٢٠٠٢).

خۆشه‌، په‌یـامبه‌ران و شـه‌هیده‌كانیش حه‌ز به‌ شـوێنه‌كه‌یان ده‌كه‌ن».

هه‌ر له‌و فه‌رمودانه‌ی تر كه‌ به‌ڵگه‌یه‌كی به‌هێـزن بـۆ ئه‌م پرسه‌، ئه‌و فه‌رموده‌یه‌ كه‌ تۆزێكی تر دێت.

له‌و شتانه‌شی خۆشه‌ویستی ده‌ڕوێـنن و ئیسـلام هـانی بـۆ لاداوه‌:

❀ ❀ ❀

## سه‌لام له‌یه‌كتركردن

هه‌روه‌ها هانی موسڵمانان ده‌دات بۆ هه‌ر شتێك خـزمه‌ت به‌ خۆشه‌ویسـتی نێوانیـان بكـات، له‌وانه‌ش: سـه‌لام له‌ یه‌كتركردن، چونكه‌ خۆشه‌ویستی ده‌ڕوێنێت.

له‌ صه‌حیحی موسـلیمدا هـاتوه‌، ئه‌بـو هـوره‌یره‌ ده‌ڵێـت: په‌یامبه‌ری خوا فه‌رموی(١): «[وَالَّذِي نَفْسِي بِيَـدِهِ] لَا تَـدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَـى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُـوهُ تَحَـابَبْتُمْ؟ أَفْشُـوا السَّـلَامَ بَيْـنَكُمْ» «سـوێند به‌وه‌ی نه‌فسی منـی به‌ ده‌سـته‌ نـاڕۆنه‌ به‌هه‌شـته‌وه‌ تـا ئیمـان نه‌هێـنن، بـاوه‌ڕیش نـاهێنن تـا یه‌كترتـان خۆشـنه‌وێت، ئایـا

(١) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٥٤). والزيادة من «صحيح ابن حبان» (٢٣٦).

شـــتێكتان پیشـــانبدەم ئەگەر ئەنجامتانـــدا خۆشەویســـتی لە نێوانتان دەڕوێنێت؟ سەلام لەیەكتر بكەن، بڵاوی بكەنەوە».

❀ ❀ ❀

## تەوقەكردن

هەروەها دەبینـی ئیسـلام هـانی موسـڵمانان دەدات تەوقە بـــكەن لەگەڵ یەكتـــردا، شـــاراوە نیـــیە ئەم كـــارە چەنـــد شـوێنەواری ئیجـابی دەبێـت لەسـەر پتەوكردنـی برایەتـی و بەهێزكردنی دۆستایەتی و تونـدكردنی خۆشەویسـتی نێـوان موسڵمانان.

ئەحمەد و تورمـذی و ئیـبن مـاجە ڕیوایەتیـان كـردوە بە سەنەدێكی حەسەن، لە بەڕائی كوڕی عازبەوە، كە پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمـوویەتی(١): «مَـا مِـنْ مُسْـلِمَيْنِ يَلْتَقِيَـانِ

(١) صحيح لغيره: أخرجه أبو داود في «سننه» (٥٢١١، ٥٢١٢)، والترمذي في «جامعه» (٢٧٢٧)، وابن ماجه في «سننه» (٣٧٠٣)، والبيهقي في «سننه الكبير» (٧/ ٩٩)، وأحمد في «مسنده» (١٨٨٤٥، ١٨٨٤٦، ١٨٨٩٣، ١٨٩٩٩)، والطيالسي في «مسنده» (٧٨٧)، وأبو يعلى في «مسنده» (١٦٧٣)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٢٦٢٣١)، والطبراني في «الأوسط» (٥٢٧، ٧٦٣٠، ٨٣٣٩). قال الترمذي: «هذا حديث حسن غريب من حديث أبي إسحاق عن البراء وقد رُوي هذا الحديث عن البراء من غير وجه».

=

فَيَتَصَافَحَانِ إِلَّا غُفِرَ لَهُمَا قَبْلَ أَنْ يَفْتَرِقَا» «هیچ دو موسڵمانێك ناگەن بەیەكتر و تەوقە بكەن لەگەڵ یەكتردا، مەگەر خوا لێیان خۆش دەبێت پێش ئەوەی بڵاوەی لێ بكەن».

❁ ❁ ❁

## دەم بە پێكەنینبون

هەروەها هانی موسڵمانانی داوە كە گەیشتن بە یەكتر، بە ڕویەكی خۆش و گەشەوە، بە لێو بەخەندەوە ڕو بەیەك بدەین و سەلام و سڵاو لەیەكتر بكەین.

پەیامبەری خوا دەفەرموێت صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ صَدَقَةٌ». «پێكەنینت بە ڕوی براكەتدا صەدقە وخێرە»[1].

❁ ❁ ❁

وحسّنه أيضًا السيوطي كما في «فيض القدير» (٥/ ٤٩٩)، والألباني في «الصحيحة» (٢/ ٥٦) (٥٢٥).

أما المنذري فقد حكم باضطراب إسناده في «الترغيب والترهيب» (٣/ ٤٢٢).

(١) أخرجه بهذا اللفظ الترمذي في «جامعه» (١٩٥٦)، وابن حبان في «صحيحه» (٤٧٤، ٥٢٩)، والبزار في «مسنده» (٤٠٧٠).

قال الترمذي: «هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ». وانظر: «الصحيحة» (٥٧٢).

## سەردانكردنی یەكتر

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ هانی موسڵمانان دەدات سەردانی یەكتر بكەن، چونكە تۆی برایەتی دەچێنێت، هەشبێت گەش و نمای پێدەدات، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت[1]: «قَالَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ» «خوای گەورە فەرموویەتی: خۆشەویستی من مسۆگەر بوە بۆ ئەو كەسانەی لە پێناوی مندا یەكتریان خەشدەوێت، هەروەها لە پێناوی مندا سەردانی یەكتر دەكەن».

هەر لەم جۆرە فەرمانكردنی شەرعە بە گەیاندنی خزمایەتی (سیلەی ڕەحم) و هاوشێوەكانی.

❀ ❀ ❀

## یارمەتیدانی یەكتر

هەورەها دەبینی هانی موسڵمانان دەدات بۆ هاوكاریكردن و یارمەتیدانی یەكتر.

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٣٩٠) من حديث معاذ وقد سبق.

خوای مەزن لە سورەتی مائیدەدا دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ [٢]. «ئەی ئیمانداران! لە ناو خۆتاندا یارمەتی یەکتر بدەن و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ کردنی کاری چاکە و تەقوای خوا و، یارمەتی یەکتریش مەدەن لەسەر تاوان و سەرپێچی و سنوری خوا شکاندن».

هەربۆیە لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی نێوان موسڵمانان و دورکەوتنەوەیان لەیەکتر؛ بریتییە لە جێبەجێ نەکردنی ئەم ئایەتەیە و یارمەتی نەدانی یەکترە بۆ تەقوای خوا ﷻ، یان یارمەتیدانی یەکترە لەسەر سەرپێچی خوا ﷻ.

❀ ❀ ❀

## لادانی ستەم لەسەر موسڵمان

یەکێك لەو شتانەی ڕق دروست دەکات و بەوەش پەرتەوازەیی دروست دەبێت: موسڵمانێك براکەی ببینێت ستەمی لێدەکرێت، سەری نەخات یان پشتی نەگرێت.

لەم بارەوە فەرمودەی صەحیحمان هەیە، لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە لە ژێر ناونیشانێکی نزیك لەوەی سەرەوە، لە موسلمیشدا هاتوە، لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە،

پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت[١]: «الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ، يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا. وَشَبَّكَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ» «ئیماندار بۆ ئیماندار وەك بینا وایە، هەندێكی هەندێكی تری توند دەكات» پاشان دەستەكانی كرد بە ناو یەكتردا.

واتە چۆن خشت یان بلۆك تێهەڵكێش دەكرێن و دەخرێنە سكی یەكتر، بەو شێوە هەردولا یەكتر بەهێز دەكەن و بەوەش بیناكە بەهێز دەبێت. موسڵمانیش بۆ موسڵمان بەو شێوازەیە؛ پشتی یەكتر دەگرن و یەكتر بەهێز دەكەن و ستەمی لەسەر لادەدات.

بەڵێ، «براكەت سەربخە بە ستەمكاری بێت یان ستەملێكراوی»، ئەمە لەئیسلامدا كاری پێدەكرێت، لەهەمو كاتدا هەر ئەبێ براكەت سەر بخەی. لە صەحیحەیندا هاتوە لە جابری كوڕی عەبدوڵا و ئەنەسی كوڕی مالكەوە، كە پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی: «انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا» «براكەت سەربخە، ستەمكاربو یان ستەم لێكراوبو»[٢]، جا یاران پێیان سەیر بو، زانیان مەزڵوم بو

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤٨١، ١٤٣٨، ٢١٠١، ٢٢٦٠، ٢٣١٩، ٢٤٤٦، ٥٥٣٤، ٦٠٢٦)، ومسلم في «صحيحه» (١٠٢٣، ٢٥٨٥، ٢٦٢٨).

(٢) نص حديث أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٤٤٣، ٢٤٤٤، ٦٩٥٢).

چۆن سەری دەخەن، ئەی زاڵم بێت چۆن؟! كە پرسیاریان كرد، لە وەڵامدا فەرموی: «تَحْجُزُه، تَمْنَعُهُ، فَإِنَّ ذَلِكَ نَصْرُهُ» «دەیگریتەوە، ڕێگری لێدەكەیت لەوەی ستەم بكات، ئەوە سەرخستنێتی».

بۆیە وەڵامدانەوەی موسڵمانە زیادەكار و خورافی و بیرۆكە خراپ و ڕوخێنەرەكان، بەهیچ شێوەیەك بە تەفرەقە و ئیختلاف هەژمار ناكرێت، بەمەرجێك واجبی برایەتی بپارێزێت و ستەمی لێنەكات و بوختانی بۆ نەكات و لەبەر خوا وەڵامی بداتەوە نەك لەبەر بنەماڵەكەی، یان نەفسی و كۆمەڵەكەی... هتد.

## بەزەیی هاتنەوە بە یەكتر

بەزەیی هاتنەوە بە یەكتر تۆوی خۆشەویستی دەڕوێنێت، وەك چۆن بەزەیی نەهاتنەوە تۆی دوبەرەكی دەچێنێت.

لەصحیحی موسلمدا هاتوە، لەنوعمانی كوڕی بەشیرەوە، كەوا پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی[1]: «مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٠١١)، ومسلم في «صحيحه» (١٥٩٩، ٢٥٨٦).

عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى» «نمونەی ئیمانداران لە ڕوانگەی دۆستایەتیان بۆ یەكتر (وەك سەردانكردنیان بۆ یەكتر و دیاری بەخشینەوەیان بۆ یەكتر...)، و بەزەیی هاتنەوەیان بە یەكتر و سۆزیان بۆ یەكتر (وەك یارمەتیدانی یەكتر) وەكو جەستەیەك وایە (بە نیسبەت باقی ئەندامەكانی ترەوە)، كە شوێنێكی ئێش بكات، هەمو لاشەی پێكەوە هاوبەشی ئازارەكەی دەبن بە شەونخونی و تا». شەونخونیەكە بەهۆی ئازارەوەیە، تاكەشی بەهۆی شەونخونیەكەیەوە.

وەك دەبینیت پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرجەم موسڵمانان بۆ یەكتر دەشوبهێنێت بەیەك جەستە.

مەعلومە یەك جەستەش كاتێك شوێنێكی ئازاری هەبێت، تایەكی هەبێت، هەمو لاشە پێوەی دەناڵێنێت.

بەڵێ، كە موسڵمانێك لە ئەوپەڕی دونیا ئازار دەدرێت، دەكوژرێت، ئەتك دەكرێت، لەسەر دینەكەی، زۆرم پێناخۆشە گەر دەستەڵاتیشم هەبێت بە واجبی سەرشانمی دەزانم بەرگری لێبكەم بەگیانم.

ئەمەش زمانی حاڵ و مەقالی هەموو موسڵمانێكی ڕاستەقینەی دڵسۆزە:

إذَا اشْتَكَى مُسْلِمٌ فِيْ الهِنْـدِ أرَّقَنِـي
وإنْ بَكَـى مُسْـلِمٌ فِـيْ الصِّين أبْكَـانِي
ومِصْر رَيحانَتِي والشـامُ نَرْجِسَـتي
وَفِـيْ الْجَزِيْـرَةِ تَـارِيْخِيْ وَعُنْـوَانِي
وفي العراق أَكُـفّ المَجْـدِ تَرْفَعُنِـي
علـى كُـلّ بـاغٍ ومـأفونٍ وخَـوّانِ
ويسـمعُ الـيَمَنُ المحبـوبُ أُغنيَتِـي
فَيَسـتريحُ إلـى شَـدْوِي وألحـاني
ويسْكُنُ المسـجدُ الأقصى وقُبَّتُـهُ
فـي حَبَّـةِ القلـبِ أرعـاهُ ويرعـاني
أَرى بُخـارَى بـلادي وهـي نائيـةٌ
وأسـتريحُ إلـى ذِكْـرَى خُراسـانِ
شـريعةُ اللـهِ لَمّـتْ شَـمْلَنا وبَنَـتْ
لنـا مَعـالِمَ إحسـانٍ وإيمـانِ
وَحَيْثُمَـا ذُكِـرَ اسْـمُ اللـه فِـيْ بَلَـدٍ
عَـدَدْتُ أرْجَـاءَهُ مِـنْ لُـبِّ أوْطَـانِي(١)

(١) من شعر لعبد الرحمن العشماوي، بعنوان: «رسالة إلى خالد بن الوليد ﷺ» في عام ١٤٠٢ هـ.

# لادانی ناڕەحەتی لەسەر براكەت

تەنانەت دەبینی هانی موسڵمانان دەدات ناڕەحەتیو تەنگ و چەڵەمەیی لەسەر براكانی خۆیان لابدەن، كارئاسانیان بۆبكەن، یارمەتیان بدەن.

تەماشای ئەم فەرمودە مەزنە بكە، كە لە صحیحی موسلمدا هاتوە، لەئەبوهورەیرەوە، كەوا پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی[1]: «مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ» «هەر كەس ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتیەكانی دونیا لەسەر موسڵمانێك لابدات ئەوا خوای گەورە ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتیەكانی ڕۆژی دوایی لەسەر لادەدات، هەر كەسێكیش كار و باری گرانی موسڵمانێك سوك بكات خوای گەورە كارئاسانی بۆ دەكات لە دونیا و دوارِۆژدا، خوای گەورەش یارمەتیدەری بەندەی خۆیەتی تا بەندە لە یارمەتیدانی براكەی خۆی بەردەوام بێت».

---

(١) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٥٩٠).

❀ ❀ ❀

## حەرامکردنی ئیسلام بۆ سەرجەم بەربەستەکانی بەردەم برایەتی و دژەکانی

چـۆن ئیسـلام بە خەڵکـی فەرمـوە بـرا و تەبـا بـن، بـا خۆشەویستی و ڕێز لە نێوانتان هەبێت، یەکڕیزبن لەپێنـاوی خـوادا، لەبەرانبەریشـدا نکـوڵی و ئینکـاری لە هەر شـتێك کردوە ئیختیلاف و تەفرەقەی لێبکەوێتەوە.

جـا لەو شـتانەی ئیسـلام بە ڕێگـر و بەربەسـتی بەردەم برایەتـی و، لاوازکەری تەبـایی دەزانێـت، ڕێـی لێگرتـوە، لەوانە:

❀ ❀ ❀

### غەیبەتکردن

دو ژێر گومانیان نییە لە پشتەملە باسکردنی یەکتر، کیـنە و ڕق دەچێنێت و برایەتـی لاواز و سسـت دەکـات، بەڵکـو لەوانەیە بنبڕی بکات.

خـوای گەورە دەفەرمـوێـت: ﴿وَلَـا يَغْتَـبْ بَعْضُـكُمْ بَعْضًـا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ

تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾ [الحجرات: ١٢]، «غەیبەتی یەكتر مەكەن، ئایا كەس لە ئێوە حەز دەكات گۆشتی براكەی بخوات بە مردوویی؟!».

گۆشتی مرۆڤ ناخورێت ئەسڵەن! چ جای برا! چ جای لە حاڵێكدا مردبێت!

دەبینی خوای دانا غەیبەت حەرام دەكات، بۆ؟ كێشەی غەیبەتكردن لە كوێیە؟

زیانی غەیبەتكردن ئەوەیە ڕق لە دڵ دروستدەكات، ڕقیش برایەتی ناهێڵێت، ڕیز پەرت دەكات!

هەربۆیە پەیامبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەكدا -كە دواجار ئاماژەی پێدەكەین- لەگەڵ ئەو پرسانەی برایەتی پتەو دەكات، پەیامبەری خوا ﷺ باسی غەیبەتنەكردنیش دەكات.

❀ ❀ ❀

## قسەهێنان و قسەبردن بۆ تێكدان

كابرا بە پشتەملە باسی براكەی بكات حەرامە، هەروەها حەرامە كەسێك بێت ئەو قسەیە بهێنێت بۆ قسەپێكراو بە مەبەستی تێكدان، كە ئەمەش پێی دەوترێت قسە هاوردن و بردن، نەمیمەكردن.

تەنانەت پەیامبەری خوا ﷺ: دەبێتە مایەی سزای گۆڕ[١].

تەنانەت بە خراپترین کەس لە قەڵەمدراوە[٢].

تەنانەت دەفەرموێت: «ناڕواتە بەهەشت»[٣].

غەیبەت و قسە هاوردن و بردن حەرام دەکات، لەبەر ئەو ئاسەوارە خراپەی کە هەیەتی لەسەر پەیوەندیەکانی خەڵك، دژی تەبایی و برایەتین.

❁ ❁ ❁

## لەکەدارکردنی کەسایەتی حەرامکراوە

پەیامبەری خوا ﷺ دژی هەر شێوازێکی لەکەدارکردنی کەسایەتی دەوەستێتەوە، کە لەکەدارکردنی کەسایەتی لەگەورەترین هۆکارەکانی پەرتەوازەییە، لە صەحیحیندا هاتوە لەئەبوبەکرە و ئیبن عباس و ئیبن

(١) أخرجه أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢١٦، ٢١٨، ١٣٦١)، ومسلم في «صحيحه» (٢٩٢).

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٤٩٣، ٣٤٩٥، ٦٠٥٨)، ومسلم في «صحيحه» (١٨١٨).

(٣) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٠٥٦)، ومسلم في «صحيحه» (١٠٥).

عومەرەوە، کە لەحەجی ماڵئاواییدا فەرموویەتی[1]: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَيُّ يَوْمٍ هَذَا؟! قَالُوا: يَوْمٌ حَرَامٌ! قَالَ: فَأَيُّ بَلَدٍ هَذَا؟! قَالُوا: بَلَدٌ حَرَامٌ! قَالَ: فَأَيُّ شَهْرٍ هَذَا؟! قَالُوا: شَهْرٌ حَرَامٌ! قَالَ: فَإِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، فَأَعَادَهَا مِرَارًا، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَقَالَ: اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ؟ اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ؟ ... فَلْيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ، لاَ تَرْجِعُوا بَعْدِي كُفَّارًا يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ» «خوێنتان، ماڵتان، ناموس و کەسایەتیتان، حەرامە لەسەر یەکتر، وەکو حەرامێتی ئەم ڕۆژ و مانگ و شارە، کە ڕۆژی جەژنە و مانگی حاجیانە کە مانگی حەرامە و شاری مەککەیە کە حەرەمی لێیە و حەرامکراوە، هەروەها کوشتارکردن لەگەڵ یەکتریان لەسەر حەرامدەکات. چەند جار ئەو وتەیەی دوپاتکردەوە».

ئەمە دوا مانگەکانی ژیانیەتی باسی برایەتی و تەبایی نێو موسڵمانان دوپاتدەکاتەوە.

---

(١) انظر ما أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٤٩٣، ٣٤٩٥، ٦٠٥٨، ٧١٧٩)، ومسلم في «صحيحه» (١٨١٨).

چەنــد جارەشــی دەکــاتەوە بــۆئەوەی بــاش بــڕوات بە گوێیاندا، لەیادیان نەڕوا، فەرمودەی تریش لەمبارەوە زۆرن، ئەوەندە بەسە.

❀ ❀ ❀

## هەروەها ڕێگری کردوە لە دەمەدەم و موجادەلە ئەگەر لەسەر هەقیش بێت

هەروەها ئیسلام ڕێگری کردوە لە دەمەدەمکـردن ئەگەر لەســەر هەقــیش بێــت، چــونکە گەرد و خەوش لە دڵــدا دەڕوێنێتەوە، برایەتی خاو دەکاتەوە، پەرت و کەرتـی زیـاتر دەکاتەوە، تەبایی دەکوژێنێتەوە، ڕیزەکان دور دەخاتەوە.

بە تــایبەت لەم ســەردەمە کە دو کەس هەر کە بــو بە موجادەلەیان دواجار سەلامێکی سارد و سڕ لەیەکتـر دەکەن -ئەگەر کردیان لەیەکتر- مەگەر ڕەحمی خوا!

لە ســونەنی تــورمزی و موســنەدی ئەحــمەددا هــاتوە، بەسەنەدێکی حەسەن، لە ئەبو ئومامەوە، دەڵێت: پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی[1]: «مَا ضَـلَّ قَـوْمٌ بَعْـدَ هُـدًى

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٣٢٥٣)، وابن ماجه في «سننه» (٤٨)، وأحمد في «مسنده» (٢٢٥٩٤، ٢٢٦٣٤، ٢٢٦٣٥).

كَانُوا عَلَيْهِ إِلَّا أُوتُوا الْجَدَلَ. ثُمَّ تَلَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ﴾ [الزخرف: ٥٨]». «هیچ گەلێك گومڕا نەبون دوای ئەوەی خوا ڕێنمایی كردون، مەگەر دەستیان كردوە بە موجادەلە و دەمەدەم كردن. پاشان پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو ئایەتەی خوێند: ﴿ئەو نمونانەت بۆ ناهێننەوە -ئەی پەیامبەری خوا!- مەگەر بۆ موجادەلە و دەمەدەم﴾».

هەروەها ئەبو داود بەسەندێكی حەسەن، لە ئەبو ئومامەوە ڕیوایەت دەكات، كە پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی(١): «أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا». واتە: من زەمانەت و گەرەنتی كۆشكێك دەكەم لە دەوروبەری بەهەشت بۆ كەسێك واز لە موجادەلە بهێنێت ئەگەر لەسەر هەقیش بێت. زانایان دەڵێن: «المراء» لە فەرمودەكەدا واتە: موجادەلە نەكات، بۆ ئەوەی خۆی بشكێنێتەوە و خۆی بەسەر براكەیدا فش نەكاتەوە بەهۆی لێبردنەوەی.

(١) حسن: أخرجه أبو داود في «سننه» (٤٨٠٠)، والبيهقي في «سننه الكبير» (٢١٢٣٧)، والطبراني في «الكبير» (٧٤٨٨، ٧٧٧٠)، وفي «الأوسط» (٤٦٩٣). انظر: «الصحيحة» (١/ ٥٥٢) (٢٧٣).

❀ ❀ ❀

## هەروەها ڕێگری کردوە لە حەسودی و ڕقلەیەکتربونەوە

هەروەهـا دەبینـی نەهـی دەکـات لەڕق لەیەکتربـون و حەسـودی بەیەکتربـردن، لەبەر ئەوەی لە هۆکارەکـانی پەرتبـونی یەکڕیـزییە، لە جـامعی تورمـذی و موسـنەدی ئەحمەددا هاتوە، بەسەنەدێکی جەید -وەك مونزری دەڵێت- لە زوبەیـری کـوڕی عەووامەوە، کە پەیـامبەری خـوا ﷺ فەرمـوویەتی[1]: «دَبَّ إِلَيْكُمْ دَاءُ الأُمَمِ قَبْلَكُمُ الْحَسَدُ وَالْبَغْضَاءُ، هِيَ الْحَالِقَةُ، لَا أَقُولُ تَحْلِقُ الشَّعَرَ وَلَكِنْ تَحْلِقُ الدِّينَ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا...» «دەردە کوشندەکەی گەلانی پێشـو هـاتۆتە ناوتـانەوە، دزەی

(١) **قد يحسن لغيره**: أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٥١٠)، وأحمد في «مسنده» (١٤٢٩، ١٤٤٧، ١٤٤٨، ١٤٤٩)، والطيالسي في «مسنده» (١٩٠)، وعبد الرزاق في «مصنفه» (١٩٤٣٨)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٢٦٢٥٨)، وعبد بن حميد في «المنتخب» (٩٧)، والبزار في «مسنده» (٢٢٣٢)، وأبو يعلى في «مسنده» (٦٦٩).

الحديث ضعفه الألباني في «الإرواء» تحت (٧٧٧)، ثم حسَّنه في «صحيح الجامع» (٣٣٦١). وضعفه لانقطاع محققو «المسند» (٣/ ٢٩) (١٤١٢).

كـردۆته ناوتـانەوە، حەسـودی و ڕق لەیەكتربـون، ئەمـانە تاشێنەرن، ناڵێم: مو دەتاشن، بەڵكو دین دەتاشن!».

❀ ❀ ❀

## دورکەوتنەوە لە مونافەسەی یەکترکردن

لە صەحیحەیندا هاتوە لە ئەنەسی كوڕی مالك و ئەبو هـــورەیرەوە، كە پەیـــامبەری خـــوا ﷺ فەرموویەتی[1]: «لَا تَبَاغَضُوا، [وَلَا تَحَاسَدُوا]، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا تَنَافَسُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا [وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ]» «ڕقتان لەیەكتر نەبێتەوە، حەسودی بە یەكتر مەبەن و، پشت لەیەكتر مەكەن و، مونافەسەی یەكتر مەكەن، ئەی بەندەكانی خوا ببنە برای یەك، حەڵاڵ نییە بۆ هیچ موسڵمانێك پشت بكات لە براكەی لە سەروی سێ ڕۆژەوە».

---

(١) أخرجه أخرجه من حديث أنس البخاري في «صحيحه» (٦٠٦٥، ٦٠٧٦)، ومسلم في «صحيحه» (٢٥٥٩).
ومن حديث أبي هريرة أخرجه البخاري في «صحيحه» (٥١٤٣، ٦٠٦٤، ٦٧٢٤)، ومسلم في «صحيحه» (٢٥٦٣).

ئەم فەرمـــودە لە مـــوەطەئی مالکیشـــدا هـــاتوە، مالـــك دەڵێت[١]: «وا دەزانم «التَّدَابُرَ» بریتـی بێـت لە پشـتکردن لە برا موسڵمانەکەت و ڕوی خۆتی لێوەربگێڕیت».

مونافەســـەکردنیش واتە: لە پێنـــاو دونیـــا و بـــۆ شـــتە دونیاییەکان. بەڵام بۆ ئاخیرەت و لەو پێناوەدا ئەوا کـارێکی چـاکە و نـابێتە مـایەی ڕقەبەرایەتـی بەڵکـو دەبێـتە مـایەی خۆشەویستی یان پاراستنی دینی ئیسلام.

❀ ❀ ❀

## پشت لەیەکتر مەکەن

لە موسلمدا هاتوە، لەئەبوهورەیرەوە، کە پەیامبەری خـوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمـــوویەتی[٢]: «تُفْـتَحُ أَبْـوَابُ الْجَنَّــةِ يَــوْمَ الاِثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، فَيُغْفَرُ لِكُلِّ عَبْدٍ لَا يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئًا إِلَّا رَجُلًا كَانَتْ بَيْنَهُ وَبَـيْنَ أَخِيـهِ شَـحْنَاءُ، فَيُقَـالُ: أَنْظِـرُوا هَـذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا أَنْظِـرُوا هَـذَيْنِ حَتَّـى يَصْـطَلِحَا أَنْظِـرُوا هَـذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا» «دەرگاکانی بەهەشت هەمـو ڕۆژانێکـی دو شەمە و پێنج شەمە دەکرێتەوە، بۆیە خوای گەورە لە هەمـو

---

(١) «موطأ الإمام مالك» (٣٣٦٦/ ٦٩٢).

(٢) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٥٦٥).

بەندەیەك خۆشدەبێت کە شەریك بۆ خـوا دانەنێـت، مەگەر کەسێك لە نێـوان ئەو و براکەیـدا دوژمنـایەتیەك هەبێـت».

«شـحناء» وەك ئەوەی شـەحنکرا بێـت، پـڕ بوبێـت لەڕقـی کەسەکە(١).

❁ ❁ ❁

## بەکەم تەماشانەکردنی برای موسڵمان و گاڵتەپێنەکردنی و سیخوڕینەکردن بەسەریەوە و گومانی خراپ پێنەبردنی

هەروەهـا دەبینـی ئیسـلام نەهیکـردوە لە بەکەم تەماشاکردنی بـراکەت و گـاڵتە پێکردنـی و سـیخوڕیکردن بەسەریەوە و گومان خراپ پێبردنی:

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ [الحجرات: ١١]. «ئەی باوەڕداران! با کۆمەڵێکی ئیماندار گاڵتە بە کۆمەڵێکی تری ئیماندار نەکەن؛ لەوانەیە گاڵتەپێکراوەکان

---

(١) ينظر: «شرح صحيح مسلم» (٢٥٦٥) (١٦/٩٥).

باشتر بن لەگاڵتەکەرەکان، هەروەها با ئافرەتە ئیمانداره‌کان گاڵتە بە ئافرەتە ئیمانداره‌کانی تر نەکەن؛ بەشکو گاڵتە پێکراوەکان باشتربن لە گاڵتەکەرەکان، هەروەها یەکتر عەیبدار مەکەن، هەروەها نازناوی نەشیاو بە یەکترەوە مەنێن، بەڕاستی خراپترین ناو و سیفەت بریتییە لە فیسق (واتە: دەرچونە لە گوێڕایەڵی خوا) کە ئەویش بریتییە لە گاڵتەکردن و تانە و تەشەر و نازناوی نەگونجاو، ئەمە دوای ئەوەی هاتونەتە نێو ئیسلامەوە و لێی تێگەیشتون، هەرکەسێکیش لەمانە تەوبە نەکات ئەوا ستەمیان لە خۆیانکردوە».

❀ ❀ ❀

## سوکایەتینەکردن بەیەکتر

لە ڕیوایەتێکی تری موسلمدا هاتوە، هی فەرمودەی پێشتر، لەئەبوهورەیرەوە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی[1]: «لَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَنَاجَشُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا، الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَحْقِرُهُ،

(١) أخرجه بهذا اللفظ مسلم في «صحيحه» (٢٥٦٣).

التَّقْوَى هَاهُنَا وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِه ثَلَاثَ مَرَّاتٍ بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ، وَمَالُهُ، وَعِرْضُهُ» «حەسودی بە یەكتر مەبەن، كڕین و فرۆشتنی نەجش مەكەن بەسەر یەكترەوە، ڕقتان لەیەكتر نەبێتەوە، پشت لەیەكتر مەكەن، كڕین و فرۆشتن مەكەن بەسەر یەكترەوە، ئەی بەندەكانی خوا ببن بە برای یەك، موسڵمان برای موسڵمانە: ستەمی لێناكات، دەستەخەڕۆی ناكات و پشتی بەرنادات، و سوكایەتی پێناكات و بە كەمی نازانێت، تەقوای خواش لێرەیە، لە دڵدایە، بۆیە كەس لەوی تر بە باشتر نەزانێت، بەس بێت بۆ خراپی هەر كەسێك كە برا موسڵمانەكەی بەكەم بزانێت، هەمو شتێكی موسڵمان لەسەر براكەی حەرام و قەدەغەیە: خوێنی و ماڵی و عیرزی».

پێشتر عیرضمان بە كەسایەتی وەرگێڕا.

زانایان دەفەرمون: ئەوەی ئەبێتە جێی ستایش و قسە پێوتن بە مرۆڤ بریتییە لە «العِرض»، ئیتر پەیوەندی بە خودی نەفسی كەسەكەوە هەبێت، یان پێشینان و باب و باپیرانی یان هەر كەسێك كاری ئەو لەسەر ئەم حسێب بێت.

وتراویشه: ئەو دیوەی مرۆڤە کە ئەبێت بیپارێزێت وەك نەفسی خۆی و، حەسەب و ناوبانگی و، ئەبێت پارێزگاری لێبکات ئەگەر عەیبدار کران.

وتراویشە: تەنها خودی نەفسی کەسەکە و جەستەی دەگرێتەوە.

❁ ❁ ❁

## گومانی خراپ نەبردن

لە صەحیحەیندا هاتوە لە ئەبو هورەیرەوە، پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی[1]: «إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ؛ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ، وَلَا تَحَسَّسُوا، وَلَا تَجَسَّسُوا، [وَلَا تَنَاجَشُوا]، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا» «ئامـمان لە گومانبردن دور بکەونەوە، چونکە گومانبردن درۆترین وتەیە، بە دوای عەیبی یەکتردا مەگەڕێن، بە هیچ شێوەیەك، تۆمەتێك لە مێشکت دروست دەبێت، جاسوسی مەکە بۆ دڵنیابونەوە لێی، نە بۆ خۆتان، نە بۆ غەیرە خۆتان جاسوسی مەکەن...».

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٠٦٤، ٦٧٢٤)، ومسلم في «صحيحه» (٢٥٦٣).

## جاسوسی نەکردن بەسەر یەکترەوە

فەرمـــودەی پێشـــو بەڵگەیەکـــی زۆر ڕونە لەســـەر قەدەغەکردنی سیخوڕیکردن بەسەر یەکترەوە.

هەروەها لە سونەنی ئەبو داودیش هاتوە، کە[1]: «أُتِيَ ابْنُ مَسْعُودٍ فَقِيلَ: هَذَا فُلَانٌ تَقْطُرُ لِحْيَتُهُ خَمْرًا. فَقَالَ عَبْدُ اللهِ: إِنَّـا قَدْ نُهِينَا عَنِ التَّجَسُّسِ، وَلَكِـنْ إِنْ يَظْهَـرْ لَنَـا شَـيْءٌ نَأْخُـذْ بِـهِ» «کەسێکیان هێنا، بە ئیبن مەسعودیان وت: ئەوە فلان کەسـە مەی لە ڕیشی دەتکێت! عەبـدوڵاش وتـی: ئـێمە ڕێگریمـان لێکـراوە لە جاسوسـی کـردن، بەڵام ئەگەر شـتێکمان بـۆ ئاشکرا ببێت، وەریدەگرین».

❀ ❀ ❀

(١) أخرجه أبـو داود فـي «سـننه» (٤٨٩٠)، وعبـد الـرزاق فـي «مصـنفه» (١٨٩٤٥)، وابـن أبـي شـيبة فـي «مصـنفه» (٢٧١٠٠)، والطبرانـي فـي «الكبيـر» (٩٧٤٠)، والحاكم في «مستدركه» (٤/ ٣٧٧).
أما البزار فأخرجه في «مسنده» (١٧٦٨، ١٧٦٩) عن ابن مسعود مرفوعًا.

# توانج نەدان و خۆشحاڵی دەرنەبڕین بە هەڵەی براكەت

هەروەها دەبینی ئیسلام نەهیكردوە: موسڵمان خۆشحاڵی دەربــڕێ لەئاســت بەڵای ســەر بــرا موســڵمانەكەی، یــان كەوتنــی، یــان عەیبــداربوونی یــان دەركەوتنــی، یــان پێخلیسكانی!

چــونكە كەوات كــرد، بــراكەت لێــت زویــر دەبێــت، برایەتیتان تێك دەچێت. بەڵكو ئەمە هەر دژی برایەتییە!

لە ســونەنی تورمذیــدا هــاتوە -بە ســەنەدێك كە تورمــذی دەڵێت: حەسەنێكی غەریبە- لەواثیلەی كوڕی ئەسقەعەوە، دەیـــداتە پـــاڵی پەیـــامبەری خـــوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كە فەرمــوبێتی[1]: «لَا تُظْهِـرِ الشَّــمَاتَةَ لِأَخِيـكَ فَيَرْحَمَــهُ اللــهُ وَيَبْتَلِيكَ» «توانج و خۆشحاڵی دەرمەبڕە بەكەلێنی بــراكەت، ئەگەرنا دواجار خوا ڕەحم بەو دەكات و تۆ توشدەكات».

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٥٠٦)، والطبراني في «الكبير» (١٢٧)، وفي «الأوسط» (٣٧٣٩).

وەكـو فەرمایشـتی پەیـامبەری خـوا ﷺ ئەمە صـەحیح نیـیە(١). بەڵام هـیچ گومـانێكی تێـدا نیـیە لەڕوی واقعیەوە ئەم وتەیە سەد لە سەد ڕاستە و ئەزمونكراوە.

❁ ❁ ❁

## نابێت چەك دژی براكەت هەڵبگری

پەیامبەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ(٢): «مَـنْ حَمَـلَ عَلَيْنَـا السِّـلَاحَ فَلَـيْسَ مِنَّـا» «هەركەس چەك لە دژمـان هەڵبگرێت لە ئێمە نییە».

❁ ❁ ❁

## نابێت فێڵ و غەش بكەی لە براكەت

هەروەها پەیـامبەری خـوا ﷺ دەفەرموێـت(٣): «مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا» «هەركەس غەش و فێـڵ لە موسـڵمانان بكات لە ئێمە نییە».

❁ ❁ ❁

---

(١) أخرجه ابن الجوزي في «الموضوعات» (٣/ ٢٢٤)، (كتاب ذكر الموت، باب الشماتة بالمصائب)، وقال: «هذا حديث لا يصحُّ عن رسول **الله** ﷺ».

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٨٧٤، ٧٠٧٠)، ومسلم في «صحيحه» (٩٨).

(٣) أخرجه مسلم في «صحيحه» (١٠١).

## دور لەیەكتر دامەنیشن، بڵاوەی لێمەكەن

پاراستنی ئیسلام بـۆ برایەتـی و دژ وەسـتانەوەی بـۆ هەر دیـاردەیەكی پـێچەوانە؛ گەیشـتۆتە ڕادەیەك هەر كارێـك ئاماژەی تەفرەقە و خۆجیاكردنەوەی تێدا بوبێـت، ڕوبەڕوی وەستاوەتەوە.

سـەرنجی ئەم فەرمـودە بـدەن كە بەخـوای گەورە گەر بەئاوی ئاڵتونیش بنوسرێتەوە هێشتا كەمە.

ئەبو داود و ئەحمەد و جگە لەوانیش دەگێڕنەوە، لە ئەبو سەعلەبەی خوشەنیەوە، دەڵێ[1]: «كَانَ النَّاسُ إِذَا نَزَلَ رَسُـولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْزِلًا تَفَرَّقُوا فِي الشِّعَابِ وَالْأَوْدِيَـةِ، فَقَـالَ رَسُـولُ اللـهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ تَفَـرُّقَكُمْ فِـي هَـذِهِ الشِّعَابِ وَالْأَوْدِيَةِ، إِنَّمَا ذَلِكُمْ مِنَ الشَّيْطَانِ فَلَمْ يَنْزِلْ بَعْدَ ذَلِكَ مَنْـزِلًا إِلَّا انْضَمَّ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ حَتَّـى يُقَـالَ : لَـوْ بُسِـطَ عَلَـيْهِمْ ثَـوْبٌ لَعَمَّهُـمْ» «لە سـەفەردا كە پەیـامبەری خـوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە

---

(١) أخرجه أبو داود في «سننه» (٢٦٢٨)، وأحمد في «مسنده» (١٨٠١٣)، والنسائي في «الكبرى» (٨٨٠٥)، وابن حبان في «صحيحه» (٢٦٩٠)، والطبراني في «الكبير» (٥٨٦)، والحاكم في «مستدركه» (٢/ ١١٥)، والبيهقي في «سننه الكبير» (٩/ ١٥٢).

صححه ابن حبان والحاكم والذهبي. ينظر: «صحيح أبي داود» (٧/ ٣٧٨) (٢٣٦٣).

شــوێنێك لایبــدایە، خەڵــك بڵاوەیــان لێــدەكرد بە دۆڵ و شیوەكاندا، لەوێ ڕادەكشـان یـان پشـویان دەدا، پەیـامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرموی: پەرش و بڵاوبونەوەتان بەم دۆڵ و شـیوانەدا لە شــەیتانەوەیە. دەڵێــت: ئەوەبــوو لەوەو دوا پەیـامبەری خــوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ لە شــوێنێك دابەزیـایە بــۆ پشــودان، خەڵــك هەمویــان لە نزیــك یەك پشــویان دەدا و دەچــوون بە نــاو یەكــدا بەڕادەیەك لەوانەیە كەلوپەلێكـت بدایە بەسەر هەموویاندا بەشیانی بكردبا».

❁ ❁ ❁

## پێشی پێشەوا مەكەون

تەنانەت بەتوندی ئینكاری ئەو كەســە دەكـات لە نـوێژی جەمــاعەت پــێش پێشــەوا بكەوێــت، ئەمەش دیــاردەیەكە پەرتی و تەفرەقە زەق دەكاتەوە و تەبـایی و پێكەوەیــی كـاڵ دەكاتەوە!

لە صەحیحەیندا هاتوە، لە ئەبوهورەیرەوە، كە پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی[١]: «أَمَا يَخْشَـى أَحَـدُكُمْ، أَوْ: لَا يَخْشَى أَحَدُكُمْ، إِذَا رَفَـعَ رَأْسَـهُ قَبْـلَ الْإِمَـامِ، أَنْ يَجْعَـلَ اللـهُ

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٩١)، ومسلم في «صحيحه» (٤٢٧).

رَأْسَـهُ رَأْسَ حِمَـارٍ، أَوْ يَجْعَـلَ اللـهُ صُـورَتَهُ صُـورَةَ حِمَـارٍ» «ئەوەی سەری خۆی پێش ئیمام بەرز دەکاتەوە، باشـە لەوە ناترسێت خـوای گەورە سـەری بکـات بە سـەری کەر، یـان شـێوەی بکـات بە شـێوەی کەر». بەم شـێوازە ئەو کەسـە دەترسـێنێ، ئاوهـا دەیتـۆقێنێ کە خـۆی جیابکـاتەوە لە موسڵمانان، ئەگەر چی بەسـەر بەرزکـردنەوەیەکیش بێـت، ئەگەر چی عیبادەتیش بکات.

تۆ بڵێی ئەوانە چۆن بـن کە لەبەر دونیـای فـانی تەفـرەقە دەخەنە نێو موسڵمانانەوە؟!

وەك بینیمـــان لەو گـــوزەرە خێـــرا و کـــورتە، ئیســـلام شـــوێنکەوتوانی لە ناتەبـــایی بەدوور دەگرێـــت، نەهیـــان لێدەکات لەوشتانەی کە دووبەرەکی و ناتەبـایی تێـدایە یـان پەرتیـی لێـدەکەوێتەوە، یـان هەرشـتێك پەیوەنـدی نێـوان موسڵمان سستبکاتەوە یـان کـزی بکـات یـان بیپچڕێنێـت. تەنانەت بینیتان کە پەیامبەری خـوا ﷺ زۆر ڕقـی لە تەفرەقە و ئیختلاف بوە، هۆشـداری زۆریشـی فەرمـوە لە عاقیبەتی شومی و خراپیەکەی.

بەڕاستی پاراستنی یەکڕیزی ئیسلامی و هێشتنەوەی کۆمەڵەکەی و تاکە ئوممەتەکەی، بەعیبادەتێکی گەلێک مەزن هەژمار دەکرێت.

ئەو یاسایەشی کەسەرجەم میللەتانی دونیا لەسەری کۆکن، بریتییە لە: «یەکگرتن بەهێزبونە و جیاوازی لاوازبونە».

ئەوانە پوختەی چارەسەرە قورئانی و نەبەویەکان بون بۆ چۆنیەتی دروستکردنی برایەتی و توند و تۆڵکردنی و پاراستنی، بە هاندان بۆ ڕێگاکانی و حەرامکردنی لەمپەر و بەربەستەکانی.

❀ ❀ ❀

## هۆكارەكانی پەرتی و ئیختلاف و ناتەبایی لەدیندا

سەرەتا ئەبێت بزانین ئەو شتانەی ئەمڕۆ هۆکاری پەرتەوازەیین، هەمان ئەو هۆکارانەی دوێنێیە، زۆربەی هەمان ئەو هۆکارانەیە کە سەری یەهودی لەوەوە دەرکرد کە ئەمڕۆ تێیدان، زۆربەی هەمان ئەو هۆکارانەیە کە سەری گاورەکانی لەوەوە دەرکرد کە ئەمڕۆ تیایدان، هەمان ئەو

هۆکارانەیەکە سەری ئـوممەتی مـوحەممەدی ﷺ لەم ڕۆژگارەوە دەرکردوە.

هەروەهـا خاڵەکـان بە تەرتیـب نەهێنـراون، واتە مەرج نییە ئەوەی خاڵی حەوت بو گرنگتر بێت لەوەی خاڵی سێ!

هەروەهـــا ئەم شـــیکار و تەحلـــیلەی ئـــێمە، دورە لە تەحلیلێکی سیاسـی وشـك، بەڵکـو تەحلیلێکـی قورئـانی و نەبەویـیە -إن شـاء اللـه-، بانگەشـەی عیصـمەتیش نـاکەین، پشت بەستراوە بەو ئایەت و حەدیسانەی لەمەڕ ئەم باسـەوە دواون، هەربـۆیە دوای پشتبەسـتن بەخـوا و داواکردنـی کۆمەك و یارمەتی لەوەوە دەڵێین:

## خۆشویستنی دونیا و ڕقبوون لەمردن

هۆکارێك لەو هۆکـارانەی بـوەتە مـایەی پەرتەوازەیـی و لاوازی ئوممەتمان بریتییە لە خۆشەویستی دونیا و ڕقبـون لە مردن.

کە فەرمـــودەی «تـــداعی الأمـــم»یـــش دەخـــوێنینەوە، هەستدەکەین باسی ئێمە دەکاتن:

ثەوبان دەڵێت، پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی[١]: «يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى[٢] عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا، فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ، قَالَ: بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ، وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ، وَلَيَنْزِعَنَّ اللهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمُ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ، وَلَيَقْذِفَنَّ اللهُ فِي قُلُوبِكُمُ الْوَهْنَ، فَقَالَ قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، وَمَا الْوَهْنَ؟ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ» «نزیکە کۆمەڵان و گەلانی بێباوەڕان بانگێشتی یەکتر بکەن بۆ کۆبونەوە و جەنگکردن لە دژتان و شکاندنی هێز و و تواناتان و تاڵانکردنی ماڵ و سامان و نیشتمانتان، بانگی یەکتر دەکەن وەك چۆن بخۆرەکان یان فرەخۆرەکان بانگی یەکتر دەکەن بۆ کۆبونەوە بۆ سەر سینی خواردنی خۆیان، واتە: لێی دەخۆن بە خۆشی و بێرێگری لێکردن، ئاوها شتەکانی ئێوە دەبەن بێ ماندوبون و زیان بەرکەوتنێك، یەکێك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ئەم

---

(١) إسناده حسن: أخرجه أبو داود في «سننه» (٤٢٩٧)، وأحمد في «مسنده» (٢٢٣٩٧). انظر: «مسند أحمد» (٣٧/ ٨٢) ط الرسالة، و«الصحيحة» (٢/ ٦٤٧) (٩٥٨).

(٢) قال في «عون المعبود» (٤٢٩٧): «أَيْ تَتَدَاعَى بِأَنْ يَدْعُوَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا لِمُقَاتَلَتِكُمْ وَكَسْرِ شَوْكَتِكُمْ وَسَلْبِ مَا مَلَكْتُمُوهُ مِنَ الدِّيَارِ وَالْأَمْوَالِ».

كۆبـونەوە و بـانگی یەكترکـردنە لەدژمـان، بە هـۆی ئەوەیە ئێمە ئەو ڕۆژە ژمارەمان كەمە؟! فەرمـوی: ئێـوە ئەو ڕۆژە لە ڕوی ژمارەوە زۆرن، بەڵام وەكـو كەف و پیسـی سـەر لافـاو وان، واتە: لەڕوی كەمـــی ئـــازایەتی و قەدر و ڕێزیـــان، هەروەها خوای گەورە ترس و بیمتان لە دڵـی دوژمنەكانتـان دەردەهێنێــت، هەروەهــا خــوای گەورە لاوازی (الــوَهن) دەخــاتە نێـو دڵتـانەوە، واتە: ئەو شـتانەی لاوازی دەهێـنن! یەكێك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! چ جـۆرە لاوازیەك؟ وەك بڵێ: لە كوێوە لاواز دەبین، فەرموی: خۆشەویسـتی دونیـا و ڕقبون لە مردن».

چونكە ئەو دو شتە ئەبنە مایەی تەنازولكردن بۆ دوژمن.

هەروەها بەڵگەی تر لەسـەر كـاریگەری خۆشەویسـتی دونیا، بریتییە لە فەرمودەی[1]: «إِذَا تَبَـايَعْتُمْ بِالْعِينَـةِ، وَأَخَـذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِـيتُمْ بِـالزَّرْعِ، وَتَـرَكْتُمُ الْجِهَـادَ، سَـلَّطَ اللـهُ

---

(١) أخرجه أبو داود في «سننه» (٣٤٦٢)، وأحمد في «مسنده» (٤٩١٨، ٥١٠٢، ٥٦٦٢، ٥٦٦٣)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٢٧٢٤١)، والبزار في «مسنده» (٥٨٨٧، ٥٩٢٦، ٥٩٢٧)، وأبو يعلى في «مسنده» (٥٦٥٩).

وصححه أحمد شاكر والألباني. ينظر: «صحيح الترغيب» (٢/ ١٤٨) (١٣٨٩).

والعينة: هي أن يبيع رجلاً سلعة بثمن إلى أجل، ثم يشتريها منه بأقل من ذلك الثمن نقدًا.

عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ» «ئەگەر كڕین و فرۆشتنتان كرد بە عینەوە و، كلكی مانگاتان گرت و، ڕازی بون بە كشتوكاڵكردن و، وازتان لە جیهادكردن هێنا، ئەوا خوای گەورە زەلیلی و سەركزیەكتان بەسەردا دەسەپێنێت، لەسەرتانیشی هەڵناگرێت هەتا نەگەڕێنەوە بۆ دینەكەتان».

وەك ئەوەی خەڵك وازیان لە پابەندی هێنا بێت بە دینەكەیانەوە! وەك ئەوەی خەڵك دونیا باڵی بەسەر دڵیاندا كێشا بێت!

❀ ❀ ❀

## ستەمكردن لەیەكتر

هۆكارێك لەو هۆكارانەی بوەتە مایەی پەرتەوازەیی و جیاوازی خراپ: ستەمكردنە، خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الْإِسْلَامُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ﴾ [آل عمران: ١٩]، «وە جیاوازیش دروست نەبو لە نێوان خاوەن كتێبەكان (جولەكە و گاورەكان) كە بون بە چەندەها گروپ و حیزب و كۆمەڵەوە، مەگەر دوای ئەوە بو كە ئیقامەحوجەكران و بەڵگەی پێویست پیشانیان

درا بە ناردنی پەیامبەران و دابەزاندنی کتێبەکان، ئەمەش لەبەر ستەم و حەسودی بردنیان».

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ [البقرة: ٢١٣].

«خەڵك هەموی یەك كۆمەڵ بون، لەسەر ئیمان هەمویان كۆكبون، پاشان جیاوازی كەوتە نێوانیانەوە، بۆیە خوای گەورە پەیامبەرانی نارد وەك بانگخوازیكار بۆ ڕێی دینی خوا، بۆ مژدەدان بە گوێڕایەڵیكاران و ئاگاداركردنەوەی سەرپێچیكاران، لەگەڵیشیاندا كتێبە ئاسمانیەكانی بە هەق دابەزاند، بۆ ئەوەی بەو هەقەی تێیدایە حوكم بكەن لە نێوان خەڵكدا لەو پیسیانەی ئیختیلاف دروستببو لە نێوانیاندا، ئیختلافیش دروست نەبو لەبارەی تەوراتەوە مەگەر هەر لەناو ئەوانەی زانستی تەوراتیان پێدرابو، بە ستەم و حەسودیەوە».

جا ئەهلی کیتاب و غەیرە ئەوانیش هۆکاری ئەوەی جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە زوڵم و ستەمکردن بوە هەم لە خۆیان هەم لەیەکتر.

بەڵێ، بەڕاستی خۆشەویستی زاڵبون و حەزکردن لە دەسەڵاتگرتنە دەست و دەمسپیەتی و کوێخایەتی و ئاغایەتی، زوڵمکردن لەیەکتر لەگەورەترین هۆکارەکانی جیاوازی و ناتەباییە، هەربۆیە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەمە ترساوە و ئاگاداری کردوینەتەوە، وەك دەفەرموێ: «لَا تَرْجِعُوا بَعْدِي كُفَّارًا يَضْرِبُ بَعضُكم رِقَاب بعض». لە بوخاریدایە و پێشتریش باسکرا.

قورئانیش چارەسەری ئەمەی بۆ داناوین: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ * إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [الحجرات: ٩-١٠]. «-ئەی ئیمانداران!- ئەگەر دو کۆمەڵ لە ئیمانداران بە جەنگ هاتن لەگەڵ یەکتردا، ئەوا ئاشتەوایی بکەن لە نێوانیاندا بەوەی بانگیان بکەن بۆ دادوەری قورئان و فەرمودە و ڕازیبون بە حوکمیان، خۆ ئەگەر یەکێك لەو

دو کۆمەڵە دەستدرێژی کرد و ڕازی نەبو بەوە ئەوا بجەنگن لەگەڵیدا تا دەگەڕێنەوە بۆ حوکمی خوا و پەیامبەرەکەی، کە گەڕانەوە ئەوا بە شێوەیەکی مونصیفانە ئاشتەوایی بکەن لەنێوانیاندا * ئیمانداران برای یەکن، سا ئاشتەوایی بکەن لە نێوان براکانتاندا».

مەبەستیش لە ئیختلاف: بریتییە لە تێکگیرانی وتە و کردەوە کە سەر لە خصومەت و عەداوەتەوە دەربکات[1].

جا دەفەرموێ: بە عەدل و دادگەری ئاشتەوایی بکەن، کەدژی زوڵم و ستەمە. ئەگەر بە خۆشی ڕازی نەبون ئەوا بە زۆر ناچاریان بکەن بۆ ئاشتەوایی و برایەتی و تەبایی!

مێژوی کۆن و تازەشمان شاهیدی ئەم هۆکارە قورئانیەن، تەنانەت لە کوردستانی خۆماندا و غەیرە کوردستانیش شاهیدی زیندومان هەیە کەوا ئیسلام پەرتەوازە بوە یەکێک لەهۆکارەکان ستەم لەیەکترکردن بوە.

❀ ❀ ❀

(١) انظر: «الشريعة» للآجري (٣ - ٢٠) طبعة أنصار السنة المحمدية.

# شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزو (شەهوە)

لێرەش هەردو جۆرەکەی دەگرێتەوە -وەك لە بەڵگەکان ڕون دەبێتەوە- هەم ئارەزوی شەهوەت و هەم ئارەزوی شوبهە وەك بیدعە و هاوشێوەکانی. بەڵام دواجار بۆ جۆری دوەم باسێك تەرخاندەکرێت.

چەند کەس لەبەر پارە و پۆست و پلەوپایە و وزەیفە یان ئافرەت یان... بوە بە مایەی دوبەرەکی؟!

زۆر!

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿يَادَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ [ص: ٢٦] «ئەی داود! ئێمە تۆمان کردوە بە خەلیفە و جێنشین لەسەر زەویدا بۆ ئەوەی دادوەری بکەیت لە نێوان خەڵکیدا، سا دادوەری بکە بە دادگەری، و شوێنی هەوا و ئارەزو مەکەوە لە دادوەریەکانتدا چونکە هەوا و ئارەزو گومڕات دەکات و ڕێگای ڕاستت لێ وێڵ دەکات».

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ [الفرقان: ٤٣] «ئایا پەیامبەری خوا! ئەوەت

نەبینیوە كە هەوا و ئارەزو و حەزەكانی كردوە بە پەرستراو و گوێڕایەڵیدەكات».

مادام گوێڕایەڵی هەوا و ئارەزو لە دادگەری لاتدەدات، بێگومان هۆكارێكی گەورەی ئیختلاف و تەفرەقەیە.

هەروەها ئیبن موبارەك -بە ڕەحمەت بێ- دەڵێت:

وَهَلْ أَفْسَدَ الدِّينَ إِلَّا الْمُلُوكُ وَأَحْبَارُ سُوءٍ وَرُهْبَانُهَا

جا كێ دینی تێكداوە، جگە لە پادشایان و زانا خراپەكان و عابدەكان نەبێت.

خۆی لەڕاستیدا زانست عیصمەت و پارێزە لە ئیختلاف و فیتنە، هەروەها خواپەرستیش، بەڵام نەزانی لە دوەم و هەوا و ئارەزو لە یەكەمی تێكدەدات، زۆرجاریش هەردوكی لە هەردوكی!

خوای گەورەش لە قورئاندا باسی یەكێك لەوانەمان بۆ دەكات و دەفەرموێت: ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ * وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ذَلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [الأعراف: ١٧٥-١٧٦]، «ئەی پەیامبەری خوا! هەواڵی پیاوێك بۆ بەنی ئیسرائیل بگێڕەوە

كه هەر لە خۆیان بو، ئایەتەكانی خۆمان پێدابو، ئەویش لێی تێگەیشت بەڵام ئیشی پێنەكرد، بەڵكو وازی لێهێنا و خۆی لێداماڵی یان لە خۆی داكەند، شەیتانیش شوێنی كەوت و بوبە قەرینی (هاوەڵی)، بۆیە گومڕابو و تیاچو دوای ئەوەی خوا ڕێنمایی كردبو * ئەگەریش بمانویستایە سودی پێبگەیەنین، سودمان پێدەگەیاند بەو ئایەتانە و بەرزمان دەكردەوە (بە ئیش پێكردنی)، بەڵام ئەو، ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد كە سەرشۆڕی خۆی تێدابو، كە چو بەرەو لای شەهوەت و ئارەزو لایدایەوە و دونیای خستە پێش ئاخیرەتی، هەروەها شوێنی هەوا و ئارەزوی خۆی كەوت».

موفەسرین باسی ئەوە دەكەن كە لەسەر پیاوێك دابەزیوە بە ناوی بِلْعامی كوڕی باعوراء، شتی زۆریش دەگێڕنەوە لەبارەی فراوانی زانستیەوە، بەڵام چی توشی گومڕایی كرد؟ ﴿أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ﴾ «دونیای خستە پێش ئاخیرەتی و شوێنی هەوا و ئارەزوی خۆی كەوت»، جا عیلم خۆی تەبایی تێدایە، بەڵام هەوا و ئارەزو تێكی دەدات لێی، پەنا بەخوا لە زانست و زانای خراپ.

تەنانەت زۆرجار شوێنكەوتنی هەوا و ئارەزو یان جەهل و نەزانینی وا دەكات مرۆڤ ڕاست بە چەوت ببینێت و لار بە ڕاست.

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ * أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ * وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ١١-١٣] «كە پێیان بوترێت: خراپەكاری و فەساد مەنێنەوە لەسەر زەوی دەڵێن: ئێمە چاكەكارین نەك خراپەكار!».

هەندێك هۆكاری بابەتی خودی هەن بێگومان دەبنە هۆی خیلاف و جیاوازی، بەڵام هەوا و ئارەزو و شەیتان و هتد ئەوە دەقواسنەوە بۆ توندكردنی خیلافەكە و پەرتكردنی ئومەت.

بۆ نمونە: بونی هەقیقە و مەجاز و خصوص وعموم و ناسخ و منسوخ و هتد لە هۆكارەكانی خیلافن[1]، بەڵام بە هۆی هەوا و شەیتان و نەفس و ... هەتا دوایەوە، خیلافەكە دەبێتە هۆی پەرتبون.

❀ ❀ ❀

(١) انظر كتاب «الإنصاف في التنبيه على المعاني والأسباب التي أوجبت الاختلاف» لأبي محمد عبد الله ابن البطليوسي، نشره دار الفكر - بيروت.

# شوێنكەوتنی هەنگاوەكانی شەیتان

شـوێنكەوتنی شـەیتانیش، بە شـوێنكەوتنی وەسوەسـە و ڕێگا و هەنگاوەكانی دەبێت.

خـوای مەزن دەفەرموێـت: ﴿يَاأَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا لَـا تَتَّبِعُـوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَـأْمُرُ بِالْفَحْشَـاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَى مِـنْكُمْ مِـنْ أَحَـدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَـمِيعٌ عَلِـيمٌ﴾ [النور: ٢١]. «ئەی بـاوەڕداران! شـوێنی ڕێگاكـانی شـەیتان مەكەون، لە ڕازانـدنەوەی باتـڵ بۆتـان، سـا ئەوەی شـوێنی ڕێگاكـانی بكەوێت ئەوا شەیتان فەرمان دەكات بە كـردار و گوفتـاری گەن، كە شەرع پێی خراپە».

هەروەهـا خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَأَنَّ هَـذَا صِـرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَـنْ سَـبِيلِهِ ذَلِكُـمْ وَصَّاكُمْ بِـهِ لَعَلَّكُـمْ تَتَّقُـونَ﴾ [الأنعام: ١٥٣] «لەو شـتانەی دی كە خوا ئامۆژگاری ئێوەی پێدەكاتن بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگا ڕاستەكەی خـوا كە لاری و لـۆچی تێـدا نییە، لەسەریشـتان حەرامی دەكات شوێنی ڕێگاكانی گومڕایی بكەون، چونكە ڕێگاكانی گومڕایی دەتانبات بەرەو تەفرەقە و دوركەوتـنەوە

لە ڕێگـای هەق، ئەمە ئامۆژگـاری و وەسـیەتی خـوایە بـۆ ئێوە».

دەبینی خوای مەزن سەبیلی خۆی بە تاك (مفـرد) هێنـاوە، چـونكە ڕێگـای خـوای مەزن هەر یەك ڕێگـایە، بەڵام ڕێگاكانی تر بە كۆ (جمع) دەهێنێت چونكە زۆرن.

جا سەرنجی ئەم هاوكێشەیە بدە:

سەبیلی خوا = تاكە = كۆكی و كۆبونەوە.

سُبُلەكانی تر = كۆیە = تەفرەقە و پەرتەوازەیی.

جـا ئەگەر مەبەسـت لەڕێگاكـانی گـومڕایی، ڕێگاكـانی شەیتان بێت، هەر زۆرە، ئەگەریش ڕێگاكانی نەفـس بێـت، هەروەهـایە، ئەگەریـش هەوا و ئـارەزو بێـت، هەر زۆر و كۆیە.

خـوای مەزنـیش بەڕاشـكاوانە لەقورئانـدا پێمـان ڕادەگەیەنێت كەوا: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ [المائدة: ٩١]، «شـەیتان، هەوڵـی، ئـاواتی، ئامانجی، هیوای ئەوەیە دوبەرەكی بخاتە نێوانتانەوە».

پەیامبەری خواش ﷺ دەفەرموێ -هەر وەك لە موسلمدا هاتوە لە حەدیسەکەی جابر[1]-: «إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ أَيِسَ أَنْ يَعْبُدَهُ الْمُصَلُّونَ، وَلَكِنْ فِي التَّحْرِيشِ بَيْنَهُمْ» «شەیتان بێئومێد بوە نوێژخوێنەکان جارێکی تر بیپەرستن، بەڵام بێئومێد نەبوە لەوەی بیاندات بە گژ یەکتردا». واتە: بە دروستکردنی کێشە و شەڕ و جەنگ و فیتنە و هاوشێوەکانی لە نێوانیاندا.

ئەمەش موعجیزەی پەیامبەری خوای ﷺ تێدایە، وەك نەوەوی لەصەحیحی موسلمدا دەڵێت.

مەبەستیشی لە نوێژخوێنان واتە: باوەڕداران. باسی نوێژیشیکرد چونکە نوێژ گرنگترین و گەورەترین تایبەتمەندی ئیمانە.

❀ ❀ ❀

---

(١) أخرجه مسلم (٢٨١٢)، والترمذي في «جامعه» (١٩٣٧) واللفظ له.

# شوێنكەوتنی هاوشێوەكانی قورئان و وەلانانی موحكەمەكانی (اتّباعُ المُتَشابِهاتِ وَترك المُحْكَمَاتِ)

واتای موحكەم و موتەشابیهیش لە ڕاڤەی ئەو ئایەتەی ئێستا دێت، ڕون دەبێتەوە إن شاء الله.

بەڕاستی هەرچی حزب و گروپ و كۆمەڵ و لایەن هەیە، هەموی بەڵگەی خۆیان هەیە، چ لەقورئان چ لەحەدیسەكانی پەیامبەری خوادا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. هەموی وا دەزانێت ئەو ئایەت و حەدیسانە بۆ ئەوان وتراوە، بەرگری و پشتگیریە لەبیرۆكە و بیروبۆچونەكەی ئەوان. دەقە هەڕەشاویەكانیش لەسەر نەیارەكانیان وتراوە!

بەڵام بەڵگەكانیان شوبهەیە.

جا خوای مەزن ئاگادار و وریای كردوینەتەوە لەشوێنكەوتنی موتەشابهاتی قورئان و پێمان ڕادەگەیەنێت ئەوانەی شوێنی موتەشابیهات دەكەون، دڵ نەخۆشەكانن، وەك لە سورەتی ئالی عیمراندا دەفەرمووێ: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ

آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [آل عمران: ٧].

«ئەو خوایەیە كە قورئانی بۆ دابەزاندوی، كۆمەڵێك ئایەتی مانا ڕونی تێدایە كە هیچ ناڕونیەكی تێدا نییە، ئەوانە بنەمای قورئانن و زۆربەی قورئانیش لەم جۆرەیە، لە كاتی جیاوازیشدا گەڕانەوە بۆلای ئەم ئایەتانە دەبێت، كۆمەڵێك ئایەتی تریش هەن زیاد لە واتایەك هەڵدەگرن، واتایەك لای زۆربەی خەڵك ناڕونە و لێیان تێكەڵ دەبێت، جا دڵ نەخۆشەكان كە لە هەق لایانداوە واز لە موحكەمەكان دەهێنن و دەڕۆن موتەشابیهەكان وەردەگرن، مەبەستیشیان وروژاندنی شوبهە و گومڕاییە، بۆ ئەوەی بەو شێوازەی حەزیان لێیە تەئویل و تەفسیری بكەن بەگوێرەی مەزهەبە پوچەكەی خۆیان».

جا ڕێچكە و ڕێبازی ئەهلی هەق، ئەهلی سوننە و جەماعە، باوەڕبوونە بەموتەشابیهەكان و تەفسیركردنێتی بەگوێرەی موحكەمەكان.

❀ ❀ ❀

# شوێنكەوتنی دەقە هاوبەش (المشترك) و موجمەلەكان

هۆكارێكی تریش كەهەر دەتـوانین لەژێـر خـاڵی پێشـو جێـی بكەیـنەوە، بـریتییە لە: شـوێنكەوتنی لەفـز و دەقە موجمەلەكان.

لەڕاسـتیدا زۆرێـك لە ئیخـتلاف و تەفرەقەكـانیش ئەمە هۆكاربوە.

بـۆ نمـونە: هەر لەخەوارجەوە دەسـت پـێ بـكە، دروشمیان[(١)]: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾[(٢)] بو، ئەمەش دەقە و هەقە، دەقی قورئانە، بەڵام لە بەیان و تفصیلەكەیدا تێیكەوتبون.

هەروەها شیعە دروشـمی لەپێشـتری عەلیـان هەڵگـرت، كۆمەڵێك دەقیان پشـت پێبەسـت. وەك: «أَنْـتَ مِنِّـي بِمَنْزِلَـةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى، إِلَّا أَنَّهُ لَا نَبِـيَّ بَعْـدِي»[(٣)]. هەروەهـا: «مَـنْ

---

(١) انظر: «صحيح مسلم» (١٠٦٦).

ولمزيد فائدة انظر ما أخرجه النسائي في «الكبرى» (٨٥٢٢)، والطبراني في «الكبير» (١٠٥٩٨)، والحاكم في «مستدركه» (٢/ ١٥٠)، (٤/ ١٨٢).

(٢) [الأنعام: ٥٧].

(٣) نصُّ حديثٍ أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٧٠٦، ٤٤١٦)، ومسلم في «صحيحه» (٢٤٠٤).

كُنْـتُ مَـوْلَاهُ، فَعَلِـيٌّ مَـوْلَاهُ، اللَّهُـمَّ وَالِ مَـنْ وَالَاهُ، وَعَـادِ مَـنْ عَادَاهُ»[1]... هتد.

هەروەها مورجیئە، پشتیان بە دەقی: «أَخْرِجُـوا مِـنَ النَّـارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ»[2]، بەست.

هەروەهـا قەدەریە و هاوشـێوەكانیان، هەمویـان چەنـد دەقێكی موجمەلیان هێناوە.

❁ ❁ ❁

## پێنەگەیشتنی بەڵگەی پێویست، بەهۆی هەر بیانوویەكەوە، یان بەهۆی نەزانین و نەفامین و كەم شارەزاییەوە

شارەزایی نەبون لە حەڵاڵ و حەرامەكان.

---

(١) نصُّ حديثٍ أخرجه النسائي في «الكبرى» (٨٤١٦، ٨٤١٧، ٨٤١٨)، وأحمد في «مسنده» (٦٥١، ٦٨١، ١٩٦١٠، ٢٣٥٧٧، ٢٣٦١٣)، وابن حبان في «صحيحه» (٦٩٣١)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٢٧٥٤)، والبزار في «مسنده» (٤٩٢، ٦٣٢، ٧٨٦، ٤٢٩٩)، وأبو يعلى في «مسنده» (٥٦٧).
والحديث صحيح. انظر: «مسند أحمد» (٢/ ٧١) (٦٤١) ط الرسالة.

(٢) نصُّ حديثٍ أخرجه النسائي في «الكبرى» (٨٤١٦، ٨٤١٧، ٨٤١٨)، وأحمد في «مسنده» (٦٥١، ٦٨١، ١٩٦١٠، ٢٣٥٧٧، ٢٣٦١٣)، وابن حبان في «صحيحه» (٦٩٣١)، وابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٢٧٥٤)، والبزار في «مسنده» (٤٩٢، ٦٣٢، ٧٨٦، ٤٢٩٩)، وأبو يعلى في «مسنده» (٥٦٧).
والحديث صحيح. انظر: «مسند أحمد» (٢/ ٧١) (٦٤١) ط الرسالة.

هەروەها ناشارەزایی بە واجبی حوكمی خوا.

ئەم بانگەوازەش دروستكراوی هیچ حیزب و گروپێك نییە، بەڵام دەقی فەرمایشتی خوایە: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ [الأنعام: ٥٧].

ناشارەزایی بەوەی كە دینی خوا بۆ هەمو لایەن و گۆشەیەكی ئەم ژیانەیە.

هەروەها نەبونی شارەزایی شەرعی و خوێندنەوەی دەقێك و شەقهەڵدان لە دەقێك یان دەیان دەقی تر، دەرئەنجامی كەم عیلمی و كەم شارەزایی و ناشارەزاییە!

جاری وا هەیە لەسەر كارێك كە بە دڵنیاییەوە نازانرێت سوننەتە یان نا! دو برا لەیەك عاجز دەبن، بەڵكو دو كۆمەڵی موسڵمانان لەیەك جیا دەبنەوە!

نەبونی شارەزایی لە ئیسلام و جوانیەكانی و شیاوی بۆ هەمو سەردەم و كایەیەكی ژیان، كە شارەزاییمان نەبو ئەوسا بە بچوكترین شوبهە كەسەكە گومانی بۆ دروست دەبێت.

كابرا بە چەندین سەعات گوێ بۆ مولحیدێك دەگرێت بەڵام نیو سەعات گوێی بۆ مامۆستا و زانایەك نەگرتوە! چەند لاپەڕەیەك، كتێبی ئیسلامی نەخوێندۆتەوە!

یان هەندێکی خوێندۆتەوە و موتەعالیمێکی ئەفەندی لێدەرچوە یان خەریك شتی سەیر و سەمەرە و نەبیستراوەکانە، یان سەرقاڵی تەبدیعە یان تەکفیر یان تەفسیق و تەجریح.

هەر نەفامی دەبێتە مایەی بێحیکمەتی و نادانایی لە کارەکانیدا، کە خەڵکیش بۆلای دین بانگ دەکات، نازانێت تەدەروج و بەرە بەرە چییە!

هەروەها زانراوە کە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی کێشەکان، بونی: خراپی تێگەیشتن و خراپی نیەتە (سوء الفهم وسوء القصد).

زۆر جاریش خراپی تێگەیشتن نەفامی و نەزانین دروستی دەکەن.

خراپی نیەتیش زۆرجار هەواوئارەزو دروستی دەکەن.

بێگومان ڕێگای تەبابون لەزانیندایە و ڕێگای ناکۆکیش لە نەزانیندایە.

دەڵێن: ئیبلیس وتویەتی[١]: «لَعَالِمٌ وَاحِدٌ أَشَدُّ عَلَيَّ مِنْ أَلْفِ عَابِدٍ، إِنَّ الْعَابِدَ يَعْبُدُ اللَّهَ وَحْدَهُ، وَإِنَّ الْعَالِمَ يُعَلِّمُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا عُلَمَاءَ» یان: «فَقِيهٌ واحِدٌ أَشَدُّ عَلى الشَّيْطانِ مِنْ أَلْفِ عابِدٍ» «تەنها یەك زانا، قورسایی لە هەزار عابد و خواپەرست زیاترە لەسەر شەیتان».

(١) لە چاپە کۆنەکە دەیدەمە پاڵی سوفیانی ثەوری تەبەعەن بۆ هەندێك لە نوسەران، بەڵام لەڕاستیدا هەندێك گەڕام ئەوەم نەدۆزیەوە، بۆیە دامە پاڵی ئەوەی دۆزیمەوە و بەو شێوازە پوختە تەخریجمکرد کە لە خوارەوە دەیبینی:
أخرجه أبو نعيم في «حلية الأولياء وطبقات الأصفياء» (٩/ ٥٧) عن ابن عباس رضي الله عنهما عن إبليس لعنه الله.

وأخرجه أبو الشيخ الأصبهاني في «طبقات المحدثين بأصبهان والواردين عليها» (١/ ٤٥٩) من طريق ابن جريج موقوفًا على ابن عباس من قوله.

وأخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٦٨١)، وابن ماجه في «سننه» (٢٢٢) وغيرهم **عن ابن عباس مرفوعًا**. قال الترمذي: «هَذَا حَدِيثٌ غَرِيبٌ، وَلَا نَعْرِفُهُ إِلَّا مِنْ هَذَا الْوَجْهِ مِنْ حَدِيثِ الْوَلِيدِ بْنِ مُسْلِمٍ». وأنكره الساجي كما في «تهذيب التهذيب» (١/ ٦١٣)، وحكم بوضعه الألباني في تخريجه لـ«سنن ابن ماجه»، وقال محققوا المسند: «ضعيف جدًّا»، لذا فلم ننسِبه إلى النبي صلى الله عليه وسلم ولا إلى أصحابه، ومال ابن القيم إلى أنه من كلام بعض الصحابة في «المفتاح». أما السخاوي فقد قال: «وسنده ضعيف، لكن يتأكد أحدهما بالآخر». «المقاصد الحسنة» (ص ٥٣٥) (٨٦٤).

وله شواهد مثله في الضعف منها: روي عن أبي هريرة مرفوعًا، أخرجه أبو نعيم في «الحلية» (٢/ ١٩٢)، والدارقطني في «سننه» (٣٠٨٥) وغيرهما. وهذا وهمٌ والأشبه أنه من كلام أبي هريرة.

**ومعناه -بلا شك- صحيح.**

بەڵکو لەقورئاندا خوای مەزن ڕێنموییمان دەکات، کەوا هیچ هەواڵێك بڵاونەکەینەوە، نەوەك ببێتە هۆی فیتنە و ئاژاوە و ناکۆکی هەتا پێشوەخت پیشانی ئەهلی خۆی و شارەزایان دەدرێت و پرسیان پێدەکرێت: ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ [النساء: ٨٣]. «ئەگەر ئەوان شتێکیان پێدەگات ڕاستەوخۆ بڵاوی نەکەنەوە و پەلە نەکەن و بیگێڕنەوە بۆ خاوەن ڕا و بۆچون و زانستەکان، ئەوا ئەوان دەیانزانی ئەبوایە چی بکرێت لە ئاست بەو باسانە». بەڵام ئەوان ئەو کارە دەکەن بۆ دروستکردنی بەلبەلە و تێکدانی حاڵ و باری موسڵمانان.

هەروەها بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە لە ئەنەسەوە، وتویەتی(١): «لَأُحَدِّثَنَّكُمْ حَدِيثًا لَا يُحَدِّثُكُمْ أَحَدٌ بَعْدِي، سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يَقِلَّ الْعِلْمُ، وَيَظْهَرَ الْجَهْلُ، وَيَظْهَرَ الزِّنَا، [وَيَكْثُرَ شُرْبُ الْخَمْرِ]، وَتَكْثُرَ النِّسَاءُ، وَيَقِلَّ الرِّجَالُ، حَتَّى يَكُونَ

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٨٠، ٨١، ٥٢٣١، ٥٥٧٧، ٦٨٠٨)، ومسلم في «صحيحه» (٢٦٧١).

لِخَمْسِينَ امْرَأَةً الْقَيِّمُ الْوَاحِدُ» «پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە: زانست کەم دەبێتەوە، (واتە: زانستی شەرعی) و، نەفامی زۆر و زاڵدەبێت».

تەنانەت وای لێدێت لە قیامەت سەرە نەفامەکان زۆر دەبن و زاڵدەبن و سەرە زاناکان کەمدەبن بەڵکو نامێنن و خوا دەیانباتەوە هەر هەمویان، وەك پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت[١]: «إِنَّ اللهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا، اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا».

بەڵێ، بەڕاستی ئەگەر نەزانین نەبوایە بەرامبەر بە قورئان و سوننەت، ئەو هەمو خراپییە ئێستا بونی نەبو، نە لە عقیدە، نە لە عیبادەت، نە لە سلوك، نە لە سیاسەت، نە لە هیچ بوارێك لە بوارەکاندا.

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (١٠٠، ٧٣٠٧)، ومسلم في «صحيحه» (٢٦٧٣).

هەر کەمزانین و کەمفامینی زۆرێك وایکردوە کە دێت بەشێکی ئیسلام دەگرێت و بەشەکانی تری لا قەبوڵ نییە و سەرقاڵ بون پێوەی پێ گومڕاییە.

بڕوای تەنها بە جیهادە، گاڵتەی بە عیلم خوێندن دێت.

یان تەنها بڕوای بە عیلمە گاڵتەی بە گەنجێك دێك باسی جیهاد دەكات!

یان حەزی لە دابەشکردنی کتێبە، گاڵتەی بەوە دێت کە خەریکی عیبادەتە، ئەوەکەش خەریك عیبادەتە گاڵتەی بەم دێت زانست بڵاو دەكاتەوە!

ئەمانە بەشێکی نەفامی یان کەمفامی و کاڵفامی دروستی کردوە!

هەروەها نەبونی ئەدەبی خیلاف -بەهۆی هەوا و ئارەزوەوە یان کەم عیلمی یان کەم ئەدەبی ... هتد- پەرتەوازەیی دروست دەكات! ئەمەش خاڵێکە گرنگە مایەی جیاکردنەوەیە بە تەنها.

## پێگەیشتنی بەڵگەکە

هەر لە باسی خیلاف، ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم کە

پێگەیشتنی بەڵگەکە بەڵام بڕوای بە گوازەرەوەکەی نییە، یان داواجار بیری دەڕواتەوە، یـان ئەو جیـاواز لەبۆچـوونی زاناکەی دی لێی تێدەگات

## دژبەیەکی ڕووکەشی خوودی بەڵگەکان

بـۆ نمـوونە دەقـی «مجمـل» ڕووکەشـەکەی دژە لەگەڵ «مبـین»، و «مطلـق» ڕووکەشـــەکەی دژە لەگەڵ «مقیـد»، و «ناسخ» دژە لەگەڵ «منسوخ».

## جیاوازی لە خوێندنەوەی دەقەکان

بێگومان جیاوازی خوێنـدنەوەکان بـۆ دەقە شـەرعیەکان ئیختیلاف دروست دەکات، بەڵام دو جۆرە:

جۆرێکیان ئەو جۆرە ئیختـیلافە دروسـتدەکات کە لەنـاو پێشـــیناندا هەبـــوە و، نەگەیشـــتۆتە ئاســـتی ئەمـــڕۆ لە پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی.

جـــۆرەکەی تـــر: ئەو هەرکەس بۆخـــۆییەی ئەمـــڕۆی دروستکردوە.

❀ ❀ ❀

بە گشتی ئەم خاڵانە بە هۆكار دەبینرێت، ئەگەرنا دەكرێت هۆكاری ئیختیلاف و پەرتەوازەیی لە وڵات و ناوچەیەك و شوێنێكی دیاریكراو هەندێك لەم خاڵانە هۆكار بێت نەك هەموی، یان كۆمەڵێك خاڵی تر بێت من پەیم پێ نەبردبێت، یان پێم وابوە پێویست ناكات ئاماژەی پێبكەم.

بەڵام گومانیشی نیە كۆمەڵێك خاڵ، شێوە فراوانی و گشتی وەرگرتوە و ئەكرێت لە هەمو شوێنێك مایەی پەرتەوازەیی بێت. وەكو چۆن دەتوانرێت زۆر خاڵی لەژێردا جێ بكرێتەوە. والله أعلم.

❀ ❀ ❀

## نكوڵیكردن لەسەر پرسە خیلافیەكان

هەر لە باسی خیلاف، ئاماژە بە خاڵێكی گرنگ بكەم كە بریتیە لە ئەدەبی نكوڵیكردن لەپرسە خیلافیەكاندا، بەتایبەتتر ئەو پرسانەی سوننەتن و واجب نین.

نەووی دەڵێت[١]: «ثُمَّ الْعُلَمَاءُ إِنَّمَا يُنْكِرُونَ مَا أُجْمِعَ عَلَى إِنْكَارِهِ، أَمَّا الْمُخْتَلَفُ فِيهِ فَلَا إِنْكَارَ فِيهِ؛ لِأَنَّ كُلَّ مُجْتَهِدٍ مُصِيبٌ، أَوِ الْمُصِيبُ وَاحِدٌ وَلَا نَعْلَمُهُ، وَلَا إِثْمَ عَلَى الْمُخْطِئِ، لَكِنْ إِنْ نَدَبَهُ عَلَى جِهَةِ النَّصِيحَةِ إِلَى الْخُرُوجِ مِنَ الْخِلَافِ، فَهُوَ حَسَنٌ مَحْبُوبٌ، وَيَكُونُ بِرِفْقٍ؛ لِأَنَّ الْعُلَمَاءَ مُتَّفِقُونَ عَلَى اسْتِحْبَابِ الْخُرُوجِ مِنَ الْخِلَافِ إِذَا لَمْ يَلْزَمْ مِنْهُ إِخْلَالٌ بِسُنَّةٍ ثَابِتَةٍ، أَوْ وُقُوعٌ فِي خِلَافٍ آخَرَ، وَذَكَرَ الْمَاوَرْدِيُّ خِلَافًا فِي أَنَّ مَنْ قَلَّدَهُ السُّلْطَانُ الْحِسْبَةَ، هَلْ لَهُ حَمْلُ النَّاسِ عَلَى مَذْهَبِهِ فِيمَا اخْتَلَفَ الْعُلَمَاءُ فِيهِ إِذَا كَانَ الْمُحْتَسِبُ مُجْتَهِدًا أَمْ لَيْسَ لَهُ تَغْيِيرُ مَا كَانَ عَلَى مَذْهَبِ غَيْرِهِ؟ وَالْأَصَحُّ أَنَّهُ لَيْسَ لَهُ تَغْيِيرُهُ لِمَا ذَكَرْنَاهُ، وَلَمْ يَزَلِ الْخِلَافُ بَيْنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ فِي الْفُرُوعِ، وَلَا يُنْكِرُ أَحَدٌ عَلَى غَيْرِهِ مُجْتَهَدًا فِيهِ، وَإِنَّمَا يُنْكِرُونَ مَا خَالَفَ نَصًّا، أَوْ إِجْمَاعًا، أَوْ قِيَاسًا جَلِيًّا».

واتە: «زانایان لەو شتانە نکوڵی لەبەرانبەرەکانیان دەکەن کە جێی کۆدەنگی بێت، بەڵام ئەگەر جێی خیلاف بێت،

(١) «روضة الطالبين وعمدة المفتين» (١٠/ ٢١٩)، وانظر: «شرح النووي على مسلم» (٢/ ٢٣) (٤٩)، و«الفروق للقرافي = أنوار البروق في أنواء الفروق» (١/ ٢٢١)، «المعين على تفهم الأربعين ت دغش» (ص٣٩٤):

«أُجمِعَ»

ئەوە نكوڵی لێناكرێت ... بەڵام ئەگەر ئامۆژگاری بكات بۆ دەرچـــون لە خـــیلاف ئەوا، ئەوە كـــارێكی چـــاكە و خۆشویستراوە، بەڵام لەو كاتەشدا بە نەرمی دەبێت، چونكە زانایـان كـۆكن لەسـەر دەرچـون لە خـیلاف ئەگەر ئەوەی لێنەكەوێــتەوە ســونەتێكی چەســپاو زایە بكرێــت یــان خیلافێكی تری لێبكەوێتەوە.

ماوەردی باسـی پرسـێك دەكـات، ئەویـش ئەوەیە: ئەگەر كەسێك دەسـەڵاتدار كردبێتـی بە ئەهلـی حیسـبە، ئایـا بـۆی هەیە نكوڵی لە خەڵك بكات تا بیانخاتە سـەر مەزهەبەكەی خۆی لەو شتانەی كە زانایان تێیدا جیاوازن -ئەگەر كەسەكە موجتەهید بو-؟! یـان بـۆی نییە ئەو شـتە بگۆڕێـت ئەگەر مەزهەبێكی تر لەسـەر ئەوەبـو؟! ئەوەی ڕاسـترینە ئەوەیە: بـــۆی نـــیە بیگۆڕێـــت... چـــونكە بەردەوام یـــاران و شـوێنكەوتوانیان لەپرسـە فیقهیەكانـدا جیـاوازی نێوانیانـدا هەبوە، كەسـیش نكـوڵی لەبـرا موجتەهیـدەكەی نەكـردوە، بەڵكـو لەوە نكوڵیـانكردوە كە پـێچەوانەی دەقێـك یـان كۆدەنگیەك یان قیاسێكی جەلی (ڕوون)ی كردبێت».

هەروەها دەڵێت[١]: «ثُمَّ إِنَّهُ إِنَّمَا يَأْمُرُ وَيَنْهَى مَنْ كَانَ عَالِمًا بِمَا يَأْمُرُ بِهِ وَيَنْهَى عَنْهُ وَذَلِكَ يَخْتَلِفُ بِاخْتِلَافِ الشَّيْءِ فَإِنْ كَانَ مِنَ الْوَاجِبَاتِ الظَّاهِرَةِ وَالْمُحَرَّمَاتِ الْمَشْهُورَةِ كَالصَّلَاةِ وَالصِّيَامِ وَالزِّنَا وَالْخَمْرِ وَنَحْوِهَا فَكُلُّ الْمُسْلِمِينَ عُلَمَاءُ بِهَا وَإِنْ كَانَ مِنْ دَقَائِقِ الْأَفْعَالِ وَالْأَقْوَالِ وَمِمَّا يَتَعَلَّقُ بِالِاجْتِهَادِ لَمْ يَكُنْ لِلْعَوَامِّ مَدْخَلٌ فِيهِ وَلَا لَهُمْ إِنْكَارُهُ بَلْ ذَلِكَ لِلْعُلَمَاءِ ثُمَّ الْعُلَمَاءُ إِنَّمَا يُنْكِرُونَ مَا أُجْمِعَ عَلَيْهِ أَمَّا الْمُخْتَلَفُ فِيهِ فَلَا إِنْكَارَ فِيهِ لِأَنَّ عَلَى أَحَدِ الْمَذْهَبَيْنِ كُلُّ مُجْتَهِدٍ مُصِيبٌ وَهَذَا هُوَ الْمُخْتَارُ عِنْدَ كَثِيرِينَ مِنَ الْمُحَقِّقِينَ أَوْ أَكْثَرِهِمْ وعلى المذهب الآخر المصيب واحد والمخطىء غَيْرُ مُتَعَيَّنٍ لَنَا وَالْإِثْمُ مَرْفُوعٌ عَنْهُ لَكِنْ إِنْ نَدَبَهُ عَلَى جِهَةِ النَّصِيحَةِ إِلَى الْخُرُوجِ مِنَ الْخِلَافِ فَهُوَ حَسَنٌ مَحْبُوبٌ مَنْدُوبٌ إِلَى فِعْلِهِ بِرِفْقٍ فَإِنَّ الْعُلَمَاءَ مُتَّفِقُونَ عَلَى الْحَثِّ عَلَى الْخُرُوجِ مِنَ الْخِلَافِ إِذَا لَمْ يَلْزَمْ مِنْهُ إِخْلَالٌ بِسُنَّةٍ أَوْ وُقُوعٍ فِي خِلَافٍ آخَرَ وَذَكَرَ أَقْضَى الْقُضَاةِ أَبُو الْحَسَنِ الْمَاوَرْدِيُّ الْبَصْرِيُّ الشَّافِعِيُّ فِي كِتَابِهِ الْأَحْكَامُ السُّلْطَانِيَّةُ خِلَافًا بَيْنَ الْعُلَمَاءِ فِي أَنَّ مَنْ قَلَّدَهُ السُّلْطَانُ الْحِسْبَةَ هَلْ لَهُ أَنْ يَحْمِلَ النَّاسَ عَلَى مَذْهَبِهِ فِيمَا اخْتَلَفَ فِيهِ الْفُقَهَاءُ إِذَا

---

(١) «شرح النووي على مسلم» (٢/ ٢٣-٢٤).

كَانَ الْمُحْتَسِبُ مِنْ أَهْلِ الاِجْتِهَادِ أَمْ لَا يُغَيِّرُ مَا كَانَ عَلَى مَذْهَبِ غَيْرِهِ وَالْأَصَحُّ أَنَّهُ لَا يُغَيِّرُ لِمَا ذَكَرْنَاهُ وَلَمْ يَزَلِ الْخِلَافُ فِي الْفُرُوعِ بَيْنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ فَمَنْ بَعْدَهُمْ رضي الله عنهم أَجْمَعِينَ وَلَا يُنْكِرُ مُحْتَسِبٌ وَلَا غَيْرُهُ عَلَى غَيْرِهِ وَكَذَلِكَ قَالُوا لَيْسَ لِلْمُفْتِي وَلَا لِلْقَاضِي أَنْ يَعْتَرِضَ عَلَى مَنْ خَالَفَهُ إِذَا لَمْ يُخَالِفْ نَصًّا أَوْ اجماعا أوقياسا جَلِيًّا وَاللَّهُ أَعْلَمُ».

هەروەها محمد بن يوسف الموَّاق (٨٩٧ هـ) دەڵێت[١]: «وكان سيدي ابن سراج رحمه الله يقول: إذا جرى الناس على شيء له مستند صحيح وكان للإنسان مختار غيره لا ينبغي له أن يحمل الناس على مختاره فيدخل عليهم شغبا في أنفسهم وحيرة في دينهم؛ إذ من شرط التغيير أن يكون متفقا عليه، اهـ.

ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی دەڵێت: «وَالْمُنْكَرُ الَّذِي يَجِبُ إِنْكَارُهُ: مَا كَانَ مُجْمَعًا عَلَيْهِ، فَأَمَّا الْمُخْتَلَفُ فِيهِ، فَمِنْ أَصْحَابِنَا مَنْ قَالَ: لَا يَجِبُ إِنْكَارُهُ عَلَى مَنْ فَعَلَهُ مُجْتَهِدًا فِيهِ، أَوْ مُقَلِّدًا لِمُجْتَهِدٍ تَقْلِيدًا سَائِغًا. وَاسْتَثْنَى الْقَاضِي فِي «الْأَحْكَامِ السُّلْطَانِيَّةِ» مَا ضَعُفَ فِيهِ الْخِلَافُ وَكَانَ ذَرِيعَةً إِلَى مَحْظُورٍ

---

(١) «التاج والإكليل لمختصر خليل» (٢/ ٤٥٦).

مُتَّفَقٍ عَلَيْهِ، كَرِبَا النَّقْدِ الْخِلَافُ فِيهِ ضَعِيفٌ، وَهُوَ ذَرِيعَةٌ إِلَى رِبَا النِّسَاءِ الْمُتَّفَقِ عَلَى تَحْرِيمِهِ، وَكَنِكَاحِ الْمُتْعَةِ، فَإِنَّهُ ذَرِيعَةٌ إِلَى الزِّنَا. وَذُكِرَ عَنْ إِسْحَاقَ بْنِ شَاقلَا أَنَّهُ ذَكَرَ أَنَّ الْمُتْعَةَ هِيَ الزِّنَا صُرَاحًا. عَنِ ابْنِ بَطَّةَ قَالَ: لَا يُفْسَخُ نِكَاحٌ حَكَمَ بِهِ قَاضٍ إِنْ كَانَ قَدْ تَأَوَّلَ فِيهِ تَأْوِيلًا، إِلَّا أَنْ يَكُونَ قَضَى لِرَجُلٍ بِعَقْدِ مُتْعَةٍ، أَوْ طَلَّقَ ثَلَاثًا فِي لَفْظٍ وَاحِدٍ، وَحَكَمَ بِالْمُرَاجَعَةِ مِنْ غَيْرِ زَوْجٍ، فَحُكْمُهُ مَرْدُودٌ، وَعَلَى فَاعِلِهِ الْعُقُوبَةُ وَالنَّكَالُ. وَالْمَنْصُوصُ عَنْ أَحْمَدَ الْإِنْكَارُ عَلَى اللَّاعِبِ بِالشِّطْرَنْجِ، وَتَأَوَّلَهُ الْقَاضِي عَلَى مَنْ لَعِبَ بِهَا بِغَيْرِ اجْتِهَادٍ، أَوْ تَقْلِيدٍ سَائِغٍ، وَفِيهِ نَظَرٌ، فَإِنَّ الْمَنْصُوصَ عَنْهُ أَنَّهُ يُحَدُّ شَارِبُ النَّبِيذِ الْمُخْتَلَفِ فِيهِ، وَإِقَامَةُ الْحَدِّ أَبْلَغُ مَرَاتِبِ الْإِنْكَارِ، مَعَ أَنَّهُ لَا يَفْسُقُ بِذَلِكَ عِنْدَهُ، فَدَلَّ عَلَى أَنَّهُ يُنْكَرُ كُلُّ مُخْتَلَفٍ فِيهِ ضَعُفَ الْخِلَافُ فِيهِ، لِدَلَالَةِ السُّنَّةِ عَلَى تَحْرِيمِهِ، وَلَا يَخْرُجُ فَاعِلُهُ الْمُتَأَوِّلُ مِنَ الْعَدَالَةِ بِذَلِكَ، وَاللَّهُ أَعْلَمُ. وَكَذَلِكَ نَصَّ أَحْمَدُ عَلَى الْإِنْكَارِ عَلَى مَنْ لَا يُتِمُّ صَلَاتَهُ وَلَا يُقِيمُ صُلْبَهُ مِنَ الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ، مَعَ وُجُودِ الِاخْتِلَافِ فِي وُجُوبِ ذَلِكَ»(١).

---

(١) «جامع العلوم والحكم» (٢/ ٢٥٤).

واتە: «ئەو مونکەرەی کە ئەبێت نکوڵی لێبکرێت: ئەوەیە کە جێی کۆدەنگی بێت، بەڵام ئەگەر ڕاجیاوازی لەسەر بو، ئەو کاتە... ».

پاشان باسی خیلافی حەنبەلیەکان دەکات لەو بارەوە ...

هەروەها سەعدی تەفتازانی دەڵێت[١]: «ليس لمجتهد أن يتعرض بالردع والزجر على مجتهد آخر في موضع الخلاف؛ إذ كل مجتهد مصيب في الفروع عندنا، ومن قال: إن المصيب واحد، فهو غير متعين عنده، وذكر في محيط الحنفية أن للحنفي أن يحتسب على الشافعي في أكل الضبع، ومتروك التسمية عمدًا، وللشافعي أن يحتسب على الحنفي في شرب المثلث، والنكاح بلا ولي».

هەروەها شێخ ئەحمەد بن عەبدولحەلیم دەڵێت[٢]: «وَقَوْلُهُمْ مَسَائِلُ الْخِلَافِ لَا إنْكَارَ فِيهَا لَيْسَ بِصَحِيحٍ فَإِنَّ الْإِنْكَارَ، إمَّا أَنْ يَتَوَجَّهَ إلَى الْقَوْلِ بِالْحُكْمِ أَوْ الْعَمَلِ أَمَّا الْأَوَّلُ فَإِذَا كَانَ الْقَوْلُ يُخَالِفُ سُنَّةً، أَوْ إجْمَاعًا قَدِيمًا وَجَبَ إنْكَارُهُ وِفَاقًا، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ كَذَلِكَ فَإِنَّهُ يُنْكَرُ بِمَعْنَى بَيَانِ ضَعْفِهِ عِنْدَ

(١) «شرح المقاصد في علم الكلام» (٢/ ٢٤٦).

(٢) «الفتاوى الكبرى» (٦/ ٩٦).

مَنْ يَقُولُ الْمُصِيبُ وَاحِدٌ وَهُمْ عَامَّةُ السَّلَفِ وَالْفُقَهَاءِ، وَأَمَّا الْعَمَلُ فَإِذَا كَانَ عَلَى خِلَافِ سُنَّةٍ، أَوْ إِجْمَاعٍ وَجَبَ إِنْكَارُهُ أَيْضًا بِحَسَبِ دَرَجَاتِ الْإِنْكَارِ كَمَا ذَكَرْنَاهُ مِنْ حَدِيثِ شَارِبِ النَّبِيذِ الْمُخْتَلَفِ فِيهِ، وَكَمَا يُنْقَضُ حُكْمُ الْحَاكِمِ إِذَا خَالَفَ سُنَّةً، وَإِنْ كَانَ قَدْ اتَّبَعَ بَعْضَ الْعُلَمَاءِ.

وَأَمَّا إِذَا لَمْ يَكُنْ فِي الْمَسْأَلَةِ سُنَّةٌ وَلَا إِجْمَاعٌ وَلِلاجْتِهَادِ فِيهَا مَسَاغٌ [فَلا][1] يُنْكَرُ عَلَى مَنْ عَمِلَ بِهَا مُجْتَهِدًا، أَوْ مُقَلِّدًا، وَإِنَّمَا دَخَلَ هَذَا اللَّبْسُ مِنْ جِهَةِ أَنَّ الْقَائِلَ يَعْتَقِدُ أَنَّ مَسَائِلَ الْخِلَافِ هِيَ مَسَائِلُ الِاجْتِهَادِ كَمَا اعْتَقَدَ ذَلِكَ طَوَائِفُ مِنْ النَّاسِ - وَالصَّوَابُ الَّذِي عَلَيْهِ الْأَئِمَّةُ أَنَّ مَسَائِلَ الِاجْتِهَادِ لَمْ يَكُنْ فِيهَا دَلِيلٌ يَجِبُ الْعَمَلُ بِهِ وُجُوبًا ظَاهِرًا، مِثْلُ حَدِيثٍ صَحِيحٍ لَا مُعَارِضَ مِنْ جِنْسِهِ فَيَسُوغُ لَهُ - إذَا عَدِمَ ذَلِكَ فِيهَا - الِاجْتِهَادُ لِتَعَارُضِ الْأَدِلَّةِ الْمُتَقَارِبَةِ. أَوْ لِخَفَاءِ الْأَدِلَّةِ فِيهَا وَلَيْسَ فِي ذِكْرِ كَوْنِ الْمَسْأَلَةِ قَطْعِيَّةً طَعْنٌ عَلَى مَنْ خَالَفَهَا مِنْ الْمُجْتَهِدِينَ كَسَائِرِ الْمَسَائِلِ الَّتِي اخْتَلَفَ فِيهَا السَّلَفُ. وَقَدْ تَيَقَّنَّا صِحَّةَ

---

(١) سقطت هذه الكلمة هنا، ثم رأيته هكذا في «المستدرك على مجموع الفتاوى» (٣/ ٢٠٦)، والحمد لله على توفيقه. وانظر: «شفاء العليل في اختصار إبطال التحليل» (ص ٨٢)، و«إعلام الموقعين عن رب العالمين» (٥/ ٢٤٣)، و«الآداب الشرعية والمنح المرعية» (١/ ١٦٦).

أَحَدِ الْقَوْلَيْنِ فِيهَا. مِثْلُ كَوْنِ الْحَامِلِ الْمُتَوَفَّى عَنْهَا تَعْتَدُّ بِوَضْعِ الْحَمْلِ. وَأَنَّ الْجِمَاعَ الْمُجَرَّدَ عَنْ إِنْزَالٍ يُوجِبُ الْغُسْلَ. وَأَنَّ رِبَا الْفَضْلِ وَالْمُتْعَةَ حَرَامٌ، وَأَنَّ النَّبِيذَ حَرَامٌ، وَأَنَّ السُّنَّةَ فِي الرُّكُوعِ الْأَخْذُ بِالرُّكَبِ، وَأَنَّ دِيَةَ الْأَصَابِعِ سَوَاءٌ، وَأَنَّ يَدَ السَّارِقِ تُقْطَعُ فِي ثَلَاثَةِ دَرَاهِمَ رُبُعِ دِينَارٍ، وَأَنَّ الْبَائِعَ أَحَقُّ بِسِلْعَتِهِ إِذَا أَفْلَسَ الْمُشْتَرِي. وَأَنَّ الْمُسْلِمَ لَا يُقْتَلُ بِالْكَافِرِ. وَأَنَّ الْحَاجَّ يُلَبِّي حَتَّى يَرْمِيَ جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ، وَأَنَّ التَّيَمُّمَ يَكْفِي فِيهِ ضَرْبَةٌ وَاحِدَةٌ إِلَى الْكُوعَيْنِ. وَأَنَّ الْمَسْحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ جَائِزٌ حَضَرًا وَسَفَرًا إِلَى غَيْرِ ذَلِكَ مِمَّا لَا يَكَادُ يُحْصَى. وَبِالْجُمْلَةِ مَنْ بَلَغَهُ مَا فِي هَذَا الْبَابِ مِنْ الْأَحَادِيثِ وَالْآثَارِ الَّتِي لَا مُعَارِضَ لَهَا فَلَيْسَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عُذْرٌ بِتَقْلِيدِ مَنْ يَنْهَاهُ عَنْ تَقْلِيدِهِ. وَنَقُولُ لَا يَحِلُّ لَكَ أَنْ تَقُولَ مَا قُلْت حَتَّى تَعْلَمَ مِنْ أَيْنَ قُلْت، أَوْ تَقُولَ إِذَا صَحَّ الْحَدِيثُ فَلَا تَعْبَأْ بِقَوْلِي وَلَوْ لَمْ يَكُنْ فِي الْبَابِ أَحَادِيثُ، فَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَعْلَمُ بِالِاضْطِرَارِ أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - لَمْ يَكُنْ مِمَّنْ يُعَلِّمُ هَذِهِ الْحِيَلَ وَيُفْتِي بِهَا هُوَ وَلَا أَصْحَابُهُ، وَأَنَّهَا لَا تَلِيقُ بِدِينِ اللَّهِ أَصْلًا، وَهَذَا الْقَدْرُ لَا يَحْتَاجُ إِلَى دَلِيلٍ أَكْثَرَ مِنْ مَعْرِفَةِ حَقِيقَةِ الدِّينِ».

واتە: «ئەو وتەیەشی کە دەڵێت: «پرسە خیلافیەکان، نکوڵی تێدا ناکرێت!»، ئەمە ڕاست نیە، چونکە مەبەست لە

نكوڵیكردنەكە یان بە وتە وفەتوایە یان بە كردەوەیە، جا یەكەمیان (واتە: قسە) ئەگەر هاتو وتەیەك بو دژی سونەتێك یان دژی كۆدەنگیەكی كۆن (ئیبن قەییمیش دەڵێت: كۆدەنگیەكی بەربڵاو)، ئەوا پێویستە نكوڵی لێبكرێت لای هەموان (بە كۆدەنگی)، ئەگەریش وا نەبو ئەوا نكوڵی لێدەكرێت بەو واتایەی: لاوازی ئەو بۆچونە روندەكرێتەوە لای ئەوانەی دەڵێن: یەك بۆچون پێكاویەتی، ئەمەش وتەی زۆربەی پێشینان و فوقەهاكانە. ئەگەریش هاتو نكوڵیكردنەكە بە كردەوە بێت، ئەگەر دژی سونەتێك یان كۆدەنگیەك بو، ئەوا دیسانەوە پێویستە نكوڵی لێبكرێت بە گوێرەی پلەكانی نكوڵی لێكردن ...

بەڵام ئەگەر لە پرسەكەدا نە سونەتێك هەبو نە كۆدەنگی، بواری ئیجتیهادی تێدا هەبو، ئەوا نكوڵی ناكرێ لەو پرسەی كەسێك وەك ئیجتیهاد یان وەك تەقلید دەیكات.

ئەم تێكەڵیەش لەو ڕوەوە دروست بوە، كە ئەو كەسەی ئەو قسەیە دەكات پێی وایە: مەسەلە خیلافیەكان بریتیە لە مەسەلە ئیجتیهادیەكان ... بەڵام ئەوەی كە ڕاستە و پێشەوایانی لەسەرە ئەوەیە: كە مەسەلە ئیجتیهادیەكان ئەگەر بەڵگەیەكی لەسەر نەبو واجب بێت كاری پێبكرێت

واجبێکـی ئاشـکرا، وەك فەرمـودەیەکی صـەحیح کە دژی نەبێت لە جـۆری خـۆی، ئەو کـاتە دروسـتە بـۆی ئیجتیهـاد بکات ... ».

هەروەهـا دەڵێـت(١): «وَقَـدْ كَـانَ الْعُلَمَـاءُ مِـنْ الصَّـحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ إذَا تَنَازَعُوا فِـي الْأَمْـرِ اتَّبَعُـوا أَمْـرَ اللَّـهِ تَعَـالَى فِـي قَوْلِـهِ: {فَـإِنْ تَنَـازَعْتُمْ فِـي شَـيْءٍ فَـرُدُّوهُ إلَـى اللَّـهِ وَالرَّسُـولِ إنْ كُنْـتُمْ تُؤْمِنُـونَ بِاللَّـهِ وَالْيَـوْمِ الْآخِـرِ ذَلِـكَ خَيْـرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا} وَكَانُوا يَتَنَاظَرُونَ فِي الْمَسْأَلَة مُنَاظَرَةَ مُشَـاوَرَةٍ وَمُنَاصَحَةٍ وَرُبَّمَا اخْتَلَفَ قَوْلُهُمْ فِي الْمَسْـأَلَةِ الْعِلْمِيَّـةِ وَالْعَمَلِيَّـةِ مَعَ بَقَاءِ الْأُلْفَةِ وَالْعِصْمَةِ وَأُخُوَّةِ الدِّينِ. نَعَمْ مَنْ خَالَفَ الْكِتَابَ الْمُسْتَبِينَ وَالسُّنَّةَ الْمُسْتَفِيضَةَ أَوْ مَـا أَجْمَـعَ عَلَيْـهِ سَـلَفُ الْأُمَّـةِ خِلَافًا لَا يُعْذَرُ فِيهِ فَهَذَا يُعَامَلُ بِمَا يُعَامَلُ بِهِ أَهْلُ الْبِدَعِ».

لەوەی ڕابـوورد، ڕوون بـوویەوە کە درووسـتتر ئەوەیە بووترێـت: نکـوڵی لەو لەو پرسـانەی کە دەق یـان قیاسـی ڕوون یـان ئیجمـاعێکی تەواوی لەسـەر هەبێـت، ناکرێـت! واللـه أعلـم. هەروەهــا دەرکەوت ئەو وتەیە ورد نیــیە کە دەڵێت: خـیلاف لەپرسـی عەقیـدەیی یـان ئوصـولیدا نابێـت

(١) «مجموع الفتاوى» (٢٤/ ١٧٢).

بەڵام لە فروع و فیقهدا قەیدی نییە! بەڵکو عیبرەت بەوەیە دەق یان قیاسی ڕوون یان ئیجماعێکی تەواوی لەسەر هەبێت! والله أعلم.

چونكە یاران و ئەوانەی دواتریش ڕاجیاییان هەبووە لەبارەی بینینی خوا و پردی «سیرات» و بیستنی خوا و هاوشێوەكانی ئەمە[1].

❁ ❁ ❁

## لادان لە قورئان و سونەت

بێگومان زۆربەی خاڵەكانی تر، یان حەز دەكەیت بڵێ: هەموی، هۆكارەكەی لادانە لە دەق و ڕێنماییەكانی قورئان و سوننەت.

ئەوەتا پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەو پەڕی ڕاشكاویەوە پێمان ڕادەگەیەنێت كە دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە نەجاتبونە، لادان و دوركەوتنەوە لێی دوبەرەكی و تیاچونە، لە موستەدرەكی حاكمدا هاتوە، بە سەنەدێكی حەسەن لغیره إن شاء الله، ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە، لە

---

(١) يقول السبكي: ولا شك في أن الاختلاف في الأصول ضلال وسبب كل فساد كما أشار القرآن إليه. ينظر: «فيض القدير» (١/ ٢٠٩).

پەیامبەری خواوە ﷺ کە فەرمـوویەتی: «إِنِّـي قَـدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا: كِتَابَ اللهِ وَسُنَّتِي، وَلَنْ يَتَفَرَّقَـا حَتَّـى يَـرِدَا عَلَـيَّ الْحَـوْضَ» «دو شـتم لەناوتـان بەجێهێشتوە، هەرگیز گومڕا نابن دەستی پێوە بگرن: قورئـان و سونەتەکانی منە». وەك ئەوەی بڵێ شارەزابن لەودینە، لەو دو چاوگە ڕەسەنە، تەفرەقە ڕوتان تێناکـات هەتـا لەحەوزی کەوسەر پێم دەگەنەوە.

هەروەها پەروەردگـار دەفەرموێـت: ﴿يَاأَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَـنُ تَأْوِيلًـا﴾ [النساء: ٥٩]. لەم ئـایەتە پێمـان دەفەرمـوێ: کە خـیلاف و کێشـە لە نێوانتـان دروسـتبو بیگێـڕنەوە بـۆ لای قورئان و فەرمودە! چونکە عاقیبەتی چاك دەبێت. لە چـاکی عاقیبەتەکانیشی بریتییە لە نەمانی پەرتەوازەیی.

هەر لەبـارەی دەسـتگرتن بە قورئـانەوە، کە هۆکـاری تەباییە و دەست لێبەردانی هۆکـاری پەرتیـیە؛ خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْـلِ اللَّهِ جَمِيعًـا وَلَـا تَفَرَّقُـوا وَاذْكُـرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَـيْنَ قُلُـوبِكُمْ فَأَصْـبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَـى شَـفَا حُفْـرَةٍ مِـنَ النَّـارِ فَأَنْقَـذَكُمْ مِنْهَـا

كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ * وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ * وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [آل عمران: ١٠٣-١٠٥].

«هەموتان ئەی موسڵمانان! دەست بە حەبلی خواوە بگرن، كە بریتییە لە قورئان و ئیسلام و موحەممەد، هەرگیز لێی نەترازێن و تەفرەقە مەنێنەوە و كارێكیش مەكەن ببێتە هۆی پەرتبونتان، هەروەها بیر بكەنەوە لە نیعمەت و بەخششەكانی خوا بەسەرتانەوە كە ئێوە لە سەرەتاوە پێش هاتنی ئیسلام، دژ بە یەكتربون، سا بەهۆی بەزەیی میهرەبانی و نیعمەتی خۆی كردنی بە برای یەك، كینەی چەندین ساڵەی دڵتانی نەهێشت.

پاشان پەروەردگار دوای باسی برایەتی و نیعمەتی تەبایی باسی ئەوە دەكات كە دەبێت كۆمەڵێك هەبن فەرمان بە چاكە بكەن و، ڕێگەش لە خراپە بگرن و، دەفەرموێ: ﴿ئەی موسڵمانان! پێویستە هەمیشە كۆمەڵێك لە ئێوە هەبێت، خەڵك بۆ ڕێی خێر و چاكە بانگبكەن و ڕێ لەخراپەش بگرن﴾.

وەك ئەوەی پێمان بڵێت هۆكارێكی پەرتەوازەیی نەمانی فەرمان كردنە بە چاكە و نەهی كردنە لە خراپە!

ئەمەش خۆی بۆ خۆی خاڵێكی تایبەتە.

پاشان دەفەرموێت: ئێوە وەك ئەوانە مەبن (واتە جولەكە و گاورەكان)، كە دوای چەندین بەڵگە و نیشانەی ڕون بۆیان هات، كەچی هەر پەرتبون و دوبەرەكییان تێكەوت و دژی یەكدی وەستانەوە، ئەوانە سزایەكی گەورەیان بۆ هەیە، چونكە لێكترازان و دووبەرەكیی و دژایەتیی یەكتریان كرد و، پێچەوانەی فەرمانەكەی خوا ڕەفتاریان كرد!».

بێگومان لەسەرەتای ئیسلامەوە هەر ئەو یەكێتی و یەكریزییە بو، بە هۆیەوە موسڵمانان توانییان لەماوەی سی ساڵێكدا بە ژمارەیەكی زۆر كەمەوە لەچاو سوپا و لەشكری زلهێزانی ئەو كاتەی كوفر، زۆر ناوچە و وڵاتی دونیا ئازاد بكەن، دەسا با ئەمرۆش موسڵمانان یەكڕیز بن و هەرگیز لێكنەترازێن ، هەتا خواش یارمەتیمان بدات و سەرمان بخات.

خوای گەورەش ئەو برایەتیە بە نیعمەت و ڕەحمەتی خۆی ناو دەبات، دەی ئەگەر یەكێتی و یەكڕیزی و برایەتی

نیعمەت و ڕەحمەت بێت، بێگومان ئیختیلاف و دوژمنایەتی و پەرتەوازەیی نیقمەت و تورەیی خوایە -خوا پەنامان بدات-.

هەروەها پەروەردگار لە جێگای تردا باسی ئەو پەرتەوازەییەی سەردەمی نەفامی دەکات و دەفەرموێت: گەیشتبوویە پلەیەکی وا، خەریکبو چارەسەر نەکرێت ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبوایە، وەك لەسورەتی ئەنفالدا، ئایەتی ٦٢ – ٦٣ دا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ يُرِيدُوا أَنْ يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ * وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنْفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾. «ئەوکات ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی پڕ لەئاگردا بوون، خوا ڕزگاریکردن لێی».

ئەم خاڵەش گەر ورد بکرێتەوە زۆر شتی لەژێر جێ دەبێتەوە، بۆ نمونە:

- ئیسلام دەفەرموێت: عەیبی براکەت داپۆشە، کابرا دایناپۆشێت، ئەمەش کێشە و دوبەرەکی دروست دەکات.

- پێی وتراوە: حەسودی مەبە، دەیبات، ئەمەش هەمان دەردی لێدەکەوێتەوە.

- پێی وتراوە: هەرچیت بیست مەیڵێرەوە، ئەو وا ناكات، ئەمەش تەفرەقەی لێدەبێتەوە.

- پێـــی وتـــراوە: نەفســـت بشـــكێنەوە، ئەو هەمـــوی دەشـــكێنێتەوە بەس نەفســـی نەبێـــت، بێگومـــان ئەمەش لە گەورەترین هۆكارەكانی ئیختیلافە.

- پێی وتراوە: خۆت لەگومانی خراپ بپـارێزە، هەرگیـز وا ناكات... هتد.

❀ ❀ ❀

## نەبوونی ئەدەبی خیلاف، هۆكارێكە بۆ درووستبوونی خیلاف

وەك باسمان كرد سەرەتا، مادام خـیلاف هەر هەیە لەوەی سائغە، كەواتە دەبێت ڕەچاوی ئەدەبی خـیلاف بكرێـت بـۆ ئەوەی خیلافەكە نەبێتە ئیختیلاف.

هەروەهـا دەبێـت بزانرێـت ئاسـتی تێگەیشـتنی هەمـوو زانایان وەكو یەك نییە، هەروەها هێشتنەوەی بـواری مـرۆڤ بوون بۆ زانایان، كە مرۆڤن و هەڵە دەكەن و بەسەر هەڵەدا دەچن.

وە لازمی وتەی زانایەك، وتەی زاناكە نییە مەگەر خۆی دانی پێدا بنێت.

هەروەها ڕەچاوكردنی ئەو وتەیەی كە دەڵێت: دەكرێت جیاواز بین، بەڵام با برایەتی نەپچڕێت. ئەمەش چیرۆكێكی لەپشتە:

## زیادەهێنانە نێو دین، كە خوا ڕێی پێنەداوە (الشبهات)

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ﴾ [الشورى: ٢١]، «ئایا ئەم موشریكانە پەرستراوی تریان هەیە جگە لە خوا؟! كە دینێكیان بۆ شەرعكردون خوا ڕێگەی پێنەداوە، كە شیرك بۆ خوا بڕیاردانی شەرعكردوە و حەڵاڵەكان حەرام دەكات؟! وە دانانی شەرعێكی جیاواز لەوەی خوا».

عەبدولڕەحمانی كوڕی عەمری سولەمی و حوجری كوڕی حوجری دەڵێن[١]: «أَتَيْنَا الْعِرْبَاضَ بْنَ سَارِيَةَ وَهُوَ مِمَّنْ

(١) أخرجه أبو داود في «سننه» (٤٦٠٧)، والترمذي في «جامعه» (٢٦٧٦)، وابن ماجه في «سننه» (٤٢، ٤٣، ٤٤)، والدارمي في «مسنده» (٩٦)، وأحمد في «مسنده» (١٧٤١٦، ١٧٤١٨، ١٧٤١٩)، وابن حبان في «صحيحه».

نَزَلَ فِيهِ ﴿وَلا عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ﴾ [التوبة: ٩٢]، فَسَلَّمْنَا، وَقُلْنَا : أَتَيْنَاكَ زَائِرِينَ وَعَائِدِينَ وَمُقْتَبِسِينَ، فَقَالَ الْعِرْبَاضُ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا فَوَعَظَنَا مَوْعِظَةً بَلِيغَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ، وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ، فَقَالَ قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ! كَأَنَّ هَذِهِ مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ، فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا؟ فَقَالَ : أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللهِ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدًا حَبَشِيًّا، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ».

«چوینه خزمەت عیرباد (الْعِرْبَاض)ی كوڕی ساریه، جا وتی: ڕۆژێك دوای نوێژی بەیانی، پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەلامی دایەوە و ئامۆژگاریەكی زۆر كاریگەری كردین، دڵەكانی ترسان و چاوەكانی گریان، پیاوێك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ئەمە وەسیەت و ئامۆژگاری كەسێكە ماڵئاوایی بكات، سا ئامۆژگاری و ڕاسپاردەت چییە بۆ ئێمە؟ فەرموی:

ئامۆژگاریتان دەكەم:

بە تەقوای خوا.

هەروەها گوێڕایەڵیتان هەبێت بۆ كاربەدەستە موسڵمانەكانتان، ئەگەر كۆیلەیەكی حەبەشیش بوە.

چونكە هەر كەس لە ئێوە بژی خیلافێكی زۆر دەبینێت.

جا دەستبگرن بە سونەت (ڕێباز)ی من و سونەتی خەلیفە ڕاشدیە ڕێنماییەكراوەكانی دوای منەوە، دەستی پێوەبگرن و بە كاكیلەكانتان بیگرن.

ئامان وریای شتە داهێنراوەكانیش بن چونكە بیدعە گومڕاییە».

ئەم فەرمودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی:

١- تەقوای خوا پارێزەرە لە خیلافات و پەرتەوازەیی.

٢- كۆبونەوەی موسڵمانان لە دەوری كاربەدەستە موسڵمانەكەیان و گوێڕایەڵیان بۆی، باشترە بۆیان وەك لە فیتنە و پشێوی و هەركەس بۆخۆی و پاشاگەردانی.

٣- دەستگرتن بەڕێبازی پەیامبەر و ڕێگای خەلیفە ڕاشدیە ڕێنماییەكراوەكانی، مایەی پاراستن و دووربوونەوە لەو خیلافاتانەوە.

٤- وریابون لە شتە داهێنراوەكان، دورت دەخاتەوە لە خیلافات.

هەروەها لە صەحیحەیندا هاتوە، لە عائیشەوە، کە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ[1]: «مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ». لەڕیوایەتێکی تردا: «مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ».

هەروەها باوکی موحەممەد، عاصمی کوڕی سولەیمان دەڵێت: ئەبو عالیە، ڕوفەیعی کوڕی میهرانی الرِّیاحي -بە ڕەحمەت بێت- وتی[2]: «تَعَلَّمُوا الْإِسْلَامَ، فَإِذَا عَلِمْتُمُوهُ فَلَا تَرْغَبُوا عَنْهُ، وَعَلَيْكُمْ بِالصِّرَاطِ الْمُسْتَقِيمِ، فَإِنَّ الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ الْإِسْلَام، وَلَا تَحْرِفُوهُ يَمِينًا وَشِمَالًا، وَعَلَيْكُمْ بِسُنَّةِ نَبِيِّكُمْ ﷺ وَأَصْحَابِهِ قَبْلَ أَنْ يَقْتُلُوا صَاحِبَهُمْ، وَقَبْلَ أَنْ يَفْعَلُوا الَّذِي فَعَلُوا، لَقَدْ قَرَأْتُ الْقُرْآنَ قَبْلَ أَنْ يَقْتُلُوا صَاحِبَهُمْ، وَقَبْلَ أَنْ يَفْعَلُوا الَّذِي فَعَلُوا خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً،

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٦٩٧)، ومسلم في «صحيحه» (١٧١٨).

(٢) أخرجه معمر بن راشد في «جامعه» (١١/ ٣٦٧) (٢٠٧٥٨)، وعبد الرزاق في «مصنفه» (١٠/ ٣٨٤) (٢١٨٣٥) ط التأصيل، ومحمد بن وضاح القرطبي في «البدع والنهي عنها» (ص ٦٩) (٧٦)، وابن نصر المروزي في «السنة» (ص ١٣) (٢٦)، والآجري في «الشريعة» (١/ ٣٠٠) (١٩)، وابن بطة في «الإبانة الكبرى» (١/ ٢٩٩) (١٣٦)، واللالكائي في «شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة» (١/ ٦٢) (١٧)، (١/ ١٤٤) (٢١٤).

والمراد بالباهلي: عاصمًا. والمراد بمحمدٍ: محمد بن سيرين الذي هو أخوها.

وإيَّاكُمْ وَهَذِهِ الأهواء الَّتِي تُلْقِي بَيْنَ النَّاسِ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ، قَالَ: فَحَدَّثْتُ بِهِ الْحَسَنَ فَقَالَ: صَدَقَ وَنَصَحَ، وَحَدَّثْتُ بِهِ حَفْصَةَ بِنْتَ سِيرِينَ، فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّ [أو يا بَاهِلِيُّ] أَحَدَّثْتَ بِهَذَا مُحَمَّدًا؟ قُلْتُ: لَا، قَالَتْ: فَحَدِّثْهُ إِذًا».

«فێری ئیسلام بن، كه فێری بون پشتی لێمه‌كه‌ن، ده‌ستیش بگرن به ڕێگا ڕاسته‌كه (الصِّرَاط الْمُسْتَقِيم)ه‌وه، چونكه ئه‌وه بریتییه له ئیسلام، به ڕاست و چه‌پتدا لامه‌ده‌نه‌وه، ده‌ستیش بگرن به سوننه‌تی په‌یامبه‌ره‌كه‌تانه‌وه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كه یارانیشی له‌سه‌ربون، پێش ئه‌وه‌ی هاوڕێكه‌ی خۆیان بكوژن،. ئامان! وریای هه‌وا و ئاره‌زو بن، به‌ڕاستی دوژمنایه‌تی و ڕقه‌به‌رایه‌تی ده‌خاته نێوان خه‌ڵكه‌وه».

ئاجورری ده‌ڵێت: «نیشانه‌ی كه‌سێك كه خوا خێری بۆی بوێت بریتییه له: گرتنه‌به‌ری ئه‌م ڕێگایه، قورئان و سوننه‌تی په‌یامبه‌ر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، سوننه‌تی یارانی و شوێنكه‌وتوه چاكه‌كانیان و ئه‌وه‌ی پێشه‌وایانی موسڵمانانی له‌سه‌ر بوه له‌هه‌مو شاره‌كاندا، وه‌ك ئه‌وزاعی و سوفیانی ثه‌وری و مالكی كوڕی ئه‌نه‌س و شافعی و ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل و قاسمی كوڕی سه‌للام، ئه‌وانی تر كه له‌سه‌ر

هەمان ڕێگـای ئەمـان بـوون، لەگەڵ دوورکەوتـنەوە لەهەر ڕێگا و ڕێچکەیەك کە ئەو پێشەوایانە زەمیانکردوە».

جـا ئەو کەسـەی تەماشـای زۆربەی دوبەرەکـی و جیابونەوەکانی نێو ئوممەتی مـوحەممەد دەکـات، دەزانێـت کە زۆربەی لەم جۆرەیە، خەڵکانێك بیدعەیەکیان بۆ خۆیان هێناوەتە کایەوە، پاشان خەڵکێکی تریش داویانەتە پاڵیـان، ئیتر فیرقەیەکی نوێیان بۆخۆیـان دروسـتکردوە و برینێکـی تریان خستوەتە نێو لاشەی ئەم ئوممەتەوە، ئەمـانەش وەکـو شیعەکان و موعتەزیلەکان و مورجیئەکان و خەواریجەکـان و... هتد.

هەروەها لەو هۆکارانەی بیدعەی دروستکرد بریتی بو لە بیـدعەی پێشـختنی عەقـڵ بەسـەر دەق و وتەکـانی خـوای گەورەدا، بەسەر فەرمایشتی پەیامبەرەکەیدا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ!

هەر زیادەداهێنان بوە مایەی ئەوەی کارێـك زۆر دزێـو و قێزەون لەناو موسڵمانان دروسـت ببێـت ئەویـش بـریتییە لە سـەرقاڵبوون بە موسـڵمانان و وازلێهێنـانی بێبـاوەڕان. خەواریجەکان ئەم کارەیان داهێنا. پەیـامبەری خـواش بەمە سەرزەنشتیان دەکات!

❀ ❀ ❀

# دروستبونی چەندین گروپ

لە هەرە شـــوێنەوارە خراپەکـــانی خـــاڵی پێشـــو -وەك ئاماژەشمان پێکرد-: دروستبونی دەیـان حیـزب و کـۆمەڵ و گروپ، کە هەریەکەی بانگەشەی ئیسلامی ڕەسەن دەکـات، کەچی هەریەکەشیان مەنهەجیان لەوەکەی تر جیاوازە.

گومانی تێدا نییە کە حیزبـایەتیکردن جەرگـی ئـوممەتی لەت کردوە.

تەنانەت وای لـێ هـاتوە، ڕاسـتیەکان هەڵـگەڕاونەتەوە، تێگەیشـتنەکان پـێچەوانە بـوونەتەوە، تـاکی موسـڵمان سـەرگەردان مـاوە: چـۆن ڕزگـارم بێـت؟! لەنێـو ئەم هەمـو حیـزب و جەمـاعەتە جـودا جودایـانە گیـرم کـردوە! هەر هەمویشـی بانگەشـەی ئەوە بۆخـۆی دەکـات کە لەسـەر ڕێبازی ڕاسـتە؟! کـابراش لەخـۆی دەپرسـێ: گەر هەمویـان ڕاستن بۆ هەمویان نابنە یەك!؟ خـۆ هەقـبن ئەبێـت یەکـبن! ئیتر بۆ هەموی بەخۆی دەڵێ هەق و ناشبن بە یەك!؟

وكــلٌّ يــدَّعي وصــلًا بليلــى وليلى لا تُقِرُّ لهم بـذاكا

مەرجـی حیزبـایەتیکردنیش ئەوە نیـیە کـابرا بارەگـای هەبێت، بەڵـکو جـاری وا هەیە کـابرا دەبینـی نـاحیزبیەکی

حیزبـی دەرەجە یەكە؛ حیزبـی نیـیە بە فەرمـی و نـاو، بەڵام حیزبیەكی بێخەوشە لە مومارەسە و هەقیقەت و واقیعدا.

❁ ❁ ❁

## پێویستە بزانرێت نەیارانی هەق هەموویان لەیەك ئاست نین

هەیانە موجتەهیدە و بەهەڵەدا چووە، هەشـیانە نەزانە و عـــوزرێكی هەیە، هەشـــیانە دەســـتدرێژیكەر و نەزانە، هەشیانە لەوە خراپتریشە.

ئەحمەد بن عەبدولحەلیم دەڵێت: «لیس كل من خالف في شيء من اعتقاد الفرقة الناجية يجب أن يكـون هالكـا؛ فـإن المنازع قد يكون مجتهـدا مخطئـا يغفـر اللـه خطـأه وقـد لا يكون بلغه في ذلك من العلم ما تقوم بـه عليـه الحجـة، وقـد يكون له من الحسنات ما يمحـو اللـه بـه سـيئاته وإذا كانـت ألفاظ الوعيد المتناولـة لـه لا يجب أن يـدخل فيهـا المتـأول والقانت وذو الحسنات الماحية والمغفور له وغير ذلك فهـذا أولى، بل موجب هذا الكلام أن من اعتقد ذلك نجـا فـي هـذا الاعتقاد ومن اعتقد ضـده فقـد يكـون ناجيـا وقـد لا يكـون ناجيا كما يقال من صمت نجا». «المجموع» (٣/ ١٧٩).

# میانڕەوی نەبون

یەكێكی دی لە هۆكارە زەقەكان بریتییە لە لادان لە ڕێگا مامناوەندیەكە و گرتنە بەری ئەوپەڕ یان ئەمپەڕ، بە زیادەڕۆییكردن و لەسنوور دەرچون (الغلو والطغیان والإفراط) یان كەمتەرخەمی كردن (التفریط).

سوێند بێت فیتنەی زیادەڕۆییكردن و لە سنور دەرچون، یەكێكە لە گەورەترین ئەو فیتنانەی كە كۆی مرۆڤایەتی پێوە گیرۆدە بوە. هەربویە پێنج فەرزە فەرمانت پێكراوە بەلای كەمەوە حەڤدە جار بڵێی: خوایە ڕێنماییم بكە بۆ ڕێگا مامناوەندیەكە، لە ڕێگا ئەمپەڕگر و ئەوپەڕگرەكە دورم بخەوە: ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾ [الفاتحة: ٦-٧].

هەروەها خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَنْ تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْا إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ [هود: ١١٢]. «سا ئەی پەیامبەری خوا! بەردەوامبە لەسەر پابەندبون بە ڕێگا ڕاستەكەوە، وەك خوا فەرمانی پێكردوی، هەروەها با لەگەڵتدا ئەوانەش پابەندبن كە تەوبەیانكردوە لە ئیمانداران، هەروەها توغیان مەكەن و لە سنور دەرمەچن».

هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧] «ئەی پەیامبەری خوا! بە گاورەکان بڵێ: سنور مەبەزێنن لەو شتانەی فەرمانتان پێکراوە لە شوێنکەوتنی هەق، زیادەڕۆییش مەکەن لە گەورە ڕاگرتنی ئەوەی پێتان وتراوە: گەورەی ڕابگرن».

عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێت[١]: «قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَدَاةَ الْعَقَبَةِ -وَهُوَ عَلَى رَاحِلَتِهِ-: هَاتِ الْقُطْ لِي. فَلَقَطْتُ لَهُ حَصَيَاتٍ هُنَّ حَصَى الْخَذْفِ، فَلَمَّا وَضَعْتُهُنَّ فِي يَدِهِ قَالَ: بِأَمْثَالِ هَؤُلَاءِ، وَإِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّينِ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمُ الْغُلُوُّ فِي الدِّينِ» «پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: ئامان وریای زیادەڕۆیی بن لەدیندا، چونکە ئەوەی گەلانی پێش ئێوەی لەناودا زیادەڕۆییکردن بو لە دیندا».

(١) **إسناده على شرط مسلم**: أخرجه النسائي في «المجتبى» (٣٠٥٧، ٣٠٥٩)، وفي «الكبرى» (٤٠٤٩، ٤٠٥١)، وابن ماجه في «سننه» (٣٠٢٩)، وأحمد في «مسنده» (١٨٧٦، ٣٣١٠)، والبزار في «مسنده» (٥٣٣٨)، وأبو يعلى في «مسنده» (٢٤٢٧، ٢٤٧٢)، وابن خزيمة في «صحيحه» (٢٨٦٧، ٢٨٦٨).
انظر: «الصحيحة» (٣/ ٢٧٨) (١٢٨٣)، و«مسند أحمد» (٥/ ٢٩٨) ط الرسالة.

ئەمەشی لەسەر پرسێكی زۆر بچوك فەرمو -لە دیدی خەڵكەوە-، ئەویش ئەو بەردەی «شەیتان ڕەجم!»ی پێدەكرێت لە حەجدا، بڕوا گەورەتر بەكار بهێنێت، ئەو فەرمایشتە لەسەر ئەوە وتراوە.

❀ ❀ ❀

## چاولێكەر و شوێنكەوتنی گەلە بێباوەڕەكان لە گاور و هاوشێوەكانیان

لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە، لە ئەبو سەعیدی خودریەوە، لە پەیامبەری خواوە ﷺ كە فەرمویەتی[١]: «لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ شِبْرًا شِبْرًا وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ تَبِعْتُمُوهُمْ. قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ! الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: فَمَنْ؟!». لە فەرمودەكەی ئەبو هورەیرە دەفەرموێت[٢]: «لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَأْخُذَ أُمَّتِي بِأَخْذِ الْقُرُونِ قَبْلَهَا شِبْرًا بِشِبْرٍ، وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ. فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ! كَفَارِسَ وَالرُّومِ؟ فَقَالَ: وَمَنِ النَّاسُ إِلَّا أُولَئِكَ».

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٤٥٦، ٧٣٢٠)، ومسلم في «صحيحه» (٢٦٦٩، ٢٦٦٩). وفي رواية أحمد في «مسنده» (١١٩٧٩): «لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ... حَتَّى لَوْ دَخَلَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ...».

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٧٣١٩).

«سوێند بەخوا شوێن پێی گەلانی پێش خۆتان هەڵدەگرن لە جولەکە و گاورەکان و فارسەکان و ڕۆمەکان بست بە بست و باڵ بە باڵ، تەنانەت ئەگەر بڕۆنە نێو کونی بزنمژەکەوە، لەوەش شوێنیان دەکەون، وتمان: ئەی پەیامبەری خوا! مەبەستت جولەکە و گاورەکانە. لە ڕیوایەتێکی تردا: مەبەستت فارس و ڕۆمەکانە؟ فەرمووی: خەڵك کێیە لەوان زیاتر؟!».

لە فەرمودەکەی ئیبن عومەردا -لە سونەنی تورمذی- دەفەرمویت(١): «لَيَأْتِيَنَّ عَلَى أُمَّتِي مَا أَتَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ حَذْوَ النَّعْلِ بِالنَّعْلِ، حَتَّى إِنْ كَانَ مِنْهُمْ مَنْ أَتَى أُمَّهُ عَلَانِيَةً لَكَانَ فِي أُمَّتِي مَنْ يَصْنَعُ ذَلِكَ، وَإِنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ تَفَرَّقَتْ عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ مِلَّةً، كُلُّهُمْ فِي النَّارِ إِلَّا مِلَّةً وَاحِدَةً. قَالُوا: وَمَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: مَا أَنَا

---

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٢٦٤١)، والحاكم في «مستدركه» (١/ ١٢٨)، وابن بطة في «الإبانة الكبرى» (١/ ١٦٦) وجعله أول حديث في كتابه. وغيرهم.
قال الترمذي: «حديث مفسَّر غريب، لا نعرفه مثل هذا إلا من هذا الوجه». وفي بعض النسخ: «حسن غريب».
وأفاد الألباني بأن الحديث «ضعيف جدًا بهذا السياق ويمكن تحسينه باعتبار شواهده». «شرح الطحاوية» (ص ٢٦٠) (٢٦٣). وصححه في «صحيح الجامع» (٥٢١٩). حاشا ذكر إتيان الأم. وقال محقق «جامع الأصول» (١٠/ ٣٤): «يشهد له معنى أحاديث غيره فهو بهما حسن».

عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي». «... ئەگەر هەیانبێت بە ئاشکرا بڕواتە لای دایکی خۆی، ئەوا لە ئومەتەکەی منیش ڕو دەدات بە ئاشکرا دەڕواتە لای دایکی خۆی. تەنانەت بەنی ئیسرائیل دابەشبون بەسەر حەفتا و دو گروپەوە، ئومەتەکەی منیش دابەش دەبن بەسەر حەفتا و سێ گروپ، هەمویان شایستەی ئاگرن تەنها یەکێکیان نەبێت، ئەوانەش ئەوانەن کە لەسەر ڕیبازی من و یارانمن».

لەم فەرمودەیە چەند سودێك وەردەگرین، لەوانە:

١- شوێنکەوتنی کافران بە گشتی، لاشەی ئەم ئوممەتە پەرتەوازە دەکات و بەرەو گومڕاهیان دەبات، دەبینی هۆکارێکی پەرتەوازەیی و گروپ گروپبوونی ئوممەت بریتییە لە شوێنکەوتنی ئەوان.

٢- چارەسەری تەفرەقە و ئیختلاف و ناکۆکی و پشێوی، شوێنکەوتنی «مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي»ە.

٣- ئەم ئوممەتە شوێنی گەلانی کوفر دەکەوێت، بەڕادەیەك ئاجوړری دەڵێت[1]: «هەر زانایەکی عەقڵ

(١) قال الآجري في «الشريعة» (١/ ٣٢٣): «مَنْ تَصَفَّحَ أَمْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ مِنْ عَالِمٍ عَاقِلٍ، عَلِمَ أَنَّ أَكْثَرَهُمُ الْعَامَّ مِنْهُمْ يُجْرِي أُمُورَهُمْ عَلَى سُنَنِ أَهْلِ الْكِتَابَيْنِ، كَمَا قَالَ النَّبِيُّ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ، وَعَلَى سُنَنِ كِسْرَى وَقَيْصَرَ وَعَلَى سُنَنِ أَهْلِ الْجَاهِلِيَّةِ

=

کاروبارەکانی ئوممەت هەڵبداتەوە و ورد ببێتەوە بۆی دەردەکەوێت زۆربەی کاروبارەکانیان و بەگشتی لەسەر ڕێگا و شێوازی خاوەن کتێبەکان دەڕواتە ڕێوە».

هەروەها شوێنکەوتنی سەقافەتی کافران و خاوەن دینەکان لە ڕوی سەقافەتیەوە، بە گواستنەوەی بۆ نێو وڵاتی موسڵمانان، لەڕێگەی کتێب و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانەوە بەگشتی، کەئەم کارە هەر علمانیەکان پێی هەڵنەساون بەڵکو خەڵکی تریش لە میللەتی ئیسلام پێی هەستاون.

لەمەشدا نەڕۆیشتوون زانستە بەسوودەکانیان بهێنن، خۆزگە ئەوەیان بکردایە، بەڵکو زانستە بێسود و ڕەوشتە خراپەکانیان هێنا.

هەر لەم جۆرە هاوردەکردنی هەندێك بۆچونی فەلسەفی بو لە فەیلسوفەکانی یۆنان و شوێنەکانی ترەوە و

---

وَذَلِكَ مِثْلُ الْسَلْطَنَةِ وَأَحْكَامِهِمْ وَأَحْكَامِ الْعُمَّالِ وَالْأُمَرَاءِ وَغَيْرِهِمْ، وَأَمْرِ الْمَصَائِبِ وَالْأَفْرَاحِ وَالْمَسَاكِنِ وَاللِّبَاسِ وَالْحِلْيَةِ، وَالْأَكْلِ وَالشُّرْبِ وَالْوَلَائِمِ، وَالْمَرَاكِبِ وَالْخَدَمِ وَالْمَجَالِسِ وَالْمُجَالَسَةِ، وَالْبَيْعِ وَالشِّرَاءِ، وَالْمَكَاسِبِ مِنْ جهاتٍ كَثِيرَةٍ، وَأَشْبَاهُ لِمَا ذَكَرْتُ يَطُولُ شَرْحُهَا تَجْرِي بَيْنَهُمْ عَلَى خِلَافِ السُّنَّةِ وَالْكِتَابِ، وَإِنَّمَا تَجْرِي بَيْنَهُمْ عَلَى سُنَنِ مَنْ قَبْلَنَا، كَمَا قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)).

تێکەڵکردنــی بە کرۆکــی ئیســلام و پاشــان خەڵــك لەســەر دەرکردنی و بەندکردنی و سزادانی و تەنانەت کوشتنیشی.

لەکۆتاییەکانی سەردەمی بەنی ئومەیە بو، ئەم کارە شومە دەستی پێکرد، کاتێك خالدی کوڕی یەزیدی کــوڕی معــاویە نوسراوی یۆنانیەکانی هێنا بەمەبەســتی وەرگێڕانــی، چــونکە لێوەی دەگێڕنەوە کە زۆر هــۆگر و شــەیدای ئەو نوســراوانە بووە.

ئیتــر لەوەودوا هەر بەردەوام ئەنجــام دەدرا تــا ســەردەمی مەئمــون و لەوەو دواش شــوێنەواری خراپــی بەشــێوەیەك کەوتــوە، کە هەر کەس چــاوی هەبێــت و ببینێــت دەزانێــت ئیسلام چ زەرەر و زیــانێکی گەورەی لــێکەوت بەهــۆی ئەو کارە و لێکەوتەکانییەوە. دەبینێــت چ عامــل (فــاکتەر)ێکــی کــاریگەر بــوە بــۆ پەرتەوازەکــردن و لەتکردنــی لاشــەی ئوممەتی ئیسلام، کە هەتا ئەمڕۆ ئاسەواری دیارە.

تەماشای مەنهەجی قوتابخانە و خوێنـدنگا و پەیمانگــا و زانکۆکان بکە، بزانە بابەتی ئایین چی تێدایە، چەند کرچ و کاڵە، تەنانەت زۆرێك دەبینــی خەریــجە و خوێنــدنی تەواو کــردوە، بەڵام ئەفســوس زانیــاریەکی ئەو تــۆی لەبــارەی ئاینەکەی خۆیەوە نییە.

مــن بــۆ خــۆم مامۆســتام هەبــوە لە قوتابخــانە و خوێنـدنگاكان نـا، بەڵكـو لە زانكـۆ و پەیمانگاكانـدا، وای زانیوە عیسای مەسیح لە خاچ دراوە، کە بۆم ڕاسـت کـردەوە شۆك بو.

خۆ بابەتەكانی تر چەند ئامانجی خراپیان لەخۆ گرتـوە؟! مەپرسە!

هەمو ئەمانەش دەرئەنجامی شوێنكەوتنی ئەوانن.

هەر لەم جۆرەش كاریگەری دیـاری ڕۆژهەڵاتناسـەكانە بەسەر جیهانی ئیسلامیەوە، تەنـانەت بەشـێك لە موسـڵمانان ئەوەندەی بڕوای بە ڕۆژهەڵاتناسەكان هەیە ئەوەندە بـڕوای بە پسپۆڕ وشارەزا موسڵمانەكان نییە!

بەو ڕادەیە چاولێكەرە!

ڕاســتی ئەم خــاڵەش لە قورئانــدایە، خــوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا فَرِيقًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُـوا الْكِتَــابَ يَــرُدُّوكُمْ بَعْــدَ إِيمَــانِكُمْ كَــافِرِينَ﴾ [آل عمـران: ١٠٠]. «ئەی باوەڕداران، ئەگەر گوێڕایەڵی كۆمەڵێك لە خاوەن كتێبەكان بكەن لە جولەكە و گاورەكان شوێن وتەیان بـكەن و ڕایـان وەربگرن، ئەوا دەتانگێڕنەوە بۆ كوفر دوای ئیمـان هێنانتـان بە هۆی حەسودی و گومڕاییانەوە».

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ * بَلِ اللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٩-١٥٠].

❁ ❁ ❁

## چاولێكەری كوێرانە

ئەم دو خاڵە نزیكن لەیەكترەوە و لەوانەشە لە هەندێك ڕوەوە بچنە سكی یەكترەوە، بەڵام لەبەر گرنگیان جیاكرانەوە.

جا یەكێكی تر لە هۆكارەكانی پەرتەوازەیی: تەقلیدی كوێرانەیە، كاریگەری ئەم خاڵەش زۆر ڕون و ئاشكرایە.

بۆ نمونە: خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُمْ مَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ * أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا مِنْ قَبْلِهِ فَهُمْ بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ * بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٠-٢٢] «كافرەكان دەڵێن -بەڵگەی وتەكەشیان چاولێكەریە-: ئێمە باب و باپیرانی خۆمانمان بینی لەسەر دینێك بون كە بتپەرستی بو، ئێمەش لەسەر شوێن پێی ئەوان دەڕۆین و بت دەپەرەستین».

❁ ❁ ❁

## دروستبونی بانگەشەی نەتەوە پەرستی

یەکێکی دی لەو شتانەی ئـوممەتی ئیسـلام کەرت و لەت و پەرتکـــرد بریتـــی بـــو لە بانگەشـــەی قەومـــیەت و نەتەوەپەرستی.

ئاماژە بەوەش بکەم لە ئیسـلامدا خۆشەویسـتی خێـزان و خانەوادە و بنەماڵە و خزم و عەشیرەت و نەتەوە و نیشتمان، هیچ لەمانە ناشەرعی نییە، تەنانەت لە هەندێك لە پێشینانەوە دەگێـــڕدرێتەوە وتـــویەتی: خۆشەویســـتی نیشـــتمان لە ئیمانەوەیە[1].

(١) ذكره ابن بَطَّة العكبري في «سبعون حديثًا في الجهاد» (ص ٧٧). وقال السخاوي في «المقاصد الحسنة» (ص ٢٩٧): «لم أقف عليه، ومعناه صحيح» كذا قال. وانظر: «مجمع بحار الأنوار» (٥/ ٢١٥) للفَتَّنِي الكجراتي، و«الدرر المنتثرة في الأحاديث المشتهرة» (ص ١٠٨) (١٩٠) للسيوطي. وقال ملا علي القاري في «الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة» (ص ١٨٠): «وقيل إنه من كلام بعض السلف».
وقال الصغاني: «موضوع». «الموضوعات» (ص ٥٣). وانظر: «كشف الخفاء» (١/ ٣٤٥)، و«الضعيفة» (٣٦) (١/ ١١٠).
وبعضهم عارض السخاوي في معناه بأنه غير مستقيم؛ إذ إن حب الوطن كحب النفس والمال ونحوه، كل ذلك غريزي في الإنسان لا يمدح بحبه ولا هو من لوازم الإيمان، ألا ترى أن الناس كلهم مشتركون في هذا الحب لا فرق في ذلك بين مؤمنهم وكافرهم؟!
=

تەنانەت یوسف وەسیەت دەكات ئەگەر مرد، لە میصرەوە بیبەنەوە بۆ لای گۆڕی باب و باپیرانی: یەعقوب و ئیسحاق و ئیبراهیم عليهم السلام(١)!

تەنانەت لە قورئانیشدا ئاماژە كراوە بە خۆشەویستی نیشتمان، لەوانە: ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ مَا فَعَلُوهُ إِلا قَلِيلٌ مِنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ [النساء: ٦٦]، «ئەگەر ئێمە لەسەریانمان فەرز بكردایە كە یەكتر بكوژن، یان لە شار دەر بكرێن، ئەوە كەسیان فەرمانەكەمانی جێبەجێ نەدەكرد مەگەر كەمێكیان». ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێ كە خۆشەویستی نیشتمان و شوێنی لە دایكبون مرۆڤ بە

ثم قد يكون الإنسان في بلدٍ كافر، فهل إذا أحب وطنه الذي نشأ فيه ولو كان بلدًا كافرًا صار هذا من الإيمان؟! هذا غير صحيح. هذا اعتراضهم.

ولا يخفى أنه إذا كان حب الوطن من الإيمان، فالمقصود بهذا: المؤمن وبأرضهم. فحب الوطن والاعتِزازُ به لكَوْنه إسلاميًّا فهذا لا بأس بِه، فإنك تحبه لأنه إسلامي، ولا فرق بين وطنك الذي هو مسقط رأسك، أو الوطن البعيد عن بلاد المسلمين، كلها وطن إسلامي يجب أن نحبَّه ونحميَه فلأنه إسلامي، لا لمجرد الوطنية.

(١) ينظر: «الرسائل» (٢/ ٤١٠) للجاحظ. وفيه باب خاص بعنوان: «رسالة الحنين إلى الأوطان». أما حديث وصية يوسف -بأخذ عظامه من مصر مع بني إسرائيل- أخرجه أبو يعلى في «مسنده» (٧٢٥٤)، وابن حبان في «صحيحه» (٧٢٣)، وأخرجه الحاكم في «مستدركه» (٢/ ٤٠٤)، (٢/ ٥٧١). وسنده صحيح.

سكماك ئینتمایەكی بۆ هەیە، سوریشە لەسەری وەك چۆن سورە لەسەر گیانی خۆی.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَاشُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِنْ قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ * قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُمْ بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللَّهُ مِنْهَا وَمَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَعُودَ فِيهَا إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنْتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ﴾ [الأعراف: ٨٨-٨٩] «گەورە و سەرۆك و لوتبەرزەكانی گەلی شوعەیب وتیان: ئەی شوعەیب! ئێمە تۆ و ئەوانەشی لەگەڵتدان شار بەدەرتان دەكەین یان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەر دینەكەمان!... شوعەیبیش وتی: شوێنی دینەكەتان بكەوین دوای ئەوەشی كە بۆمان ڕون بۆتەوە دینەكەتان ناهەقە و ڕقمان لێی بێتەوە!؟ * نا بەخوا ئەگەر وامانكرد ئەوا درۆمان بەناوی خواوە هەڵبەستوە»[1]. ئێوە وا دەزانن ئەگەر بە شاربەدەركردن هەڕەشەمان لێبكەن واز لە تەوحید دەهێنین؟! ئێوە نەفامن بە تەوحید و قوڵی ڕیشەكەی لە

(١) ينظر: «تفسير البحر المحيط» (٥/ ٣٩٧).

دڵمانـدا، وەك چـۆن نەفـامن بەوەی خۆشەویسـتی زێـد و نیشـتمان و شـارەكەمان ناگـاتە خۆشەویسـتیمان بـۆ پەروەرێنەكەمـان، چـونكە وا دەزانـن لە ترسـی شـاربەدەر نەكردن دەستبەرداری باوەڕی خۆمان دەبین!! دیـن پلەیەكـی هەیە لە دەرونمان هەرگیز هیچ شتێك پلەكەی ناگـاتە ئەو[1].

كەواتە لای گەلەكەشیان زانـراو بـوە كە خۆشەویسـتیان بـۆ زێـد و نیشـتمانی خۆیـان هەیە، بـۆیە هەڕەشـەی وایـان لێـدەكەن، ئەگەرنـا كەسـێك حەزی لە شـتێك نەبێـت، وەك هەڕەشە ناڵێیت لەو شـتەت دور دەخەمەوە، بە پـێچەوانەوە ئەوە پاداشتە نەك سزا!

ئەمەش بەڵـگەیە لەسـەر ئەوەی جێهێشـتنی نیشـتمان قورسە و وەكو سزا بەكارهێنراوە هەر لە دێر زەمانەوە.

هەربۆیە بۆ سزای داوێن پیسێك هاوسەرگیری نەكردبێت نەفی كردنە، بۆیە شافعی دەڵێت[2]: «يَكْفِيـهِ مُفَارَقَـةُ الْـوَطَنِ وَالْعَشِيرَةِ خِذْلَانًا وَذُلًّا».

(١) ينظر: «تفسير المراغي» (٩/ ٤).

(٢) ينظر: «فتح الباري» (١٢/ ١١٠) (٦٨٠١).

تەنانەت جاحز دەڵێت -بە بێ سەنەد-[١]: عومەر وتویەتی: «لولا حب الوطن لخرب بلد السوء» «خۆشەویستی نیشتمان نەبوایە، ئەوا نیشتمانە خراپەكان تیادەچون». واتە: ئەو كاتە كەس نیشتەجێ نەدەبو مەگەر لە باشترین شوێن و نیشتمان و شاردا، كەواتە شوێنەكانی تر دەبون بە كەلاوە، سەرجەم شوێنە دورە دەستەكان و كەش و هەوا خراپەكان چۆڵ دەكران، بەوەش سودێكی زۆر لە دەست دەچو و خێرێكی فرە بنبڕ دەبو، چونكە لەو شوێنانە شتانێك هەیە لە شارە گەورەكان و هاوشێوەكانیان نییە لە خێر و بێرات و كانزاكان و هتد، بۆیە خوای گەورە خۆشەویستی نیشتمانی لە دڵەكاندا چاندوە، باش بێت شارەكە یان خراپ، شار و شوێن و جێ و ڕێی خۆیان بەهی ئەوانی تر ناگۆڕنەوە، تەنانەت هەیانە دێتە شارەكان تەنها شەوێك تێیدا دەمێنێتەوە ئاسودە نین و خۆش خەویان لێناكەوێت، لە كاتێكدا شارەكە زۆرجار لە دێهاتەكەی ئەوان خۆشترە و ئەوەی تێدایە كە لای ئەوان نییە، بۆیە پەلە پەلیەتی خێرا كارەكەی تەواو بكات و بگەڕێتەوە بۆ زێدی

(١) ینظر: «الرسائل» (٢/ ٤١٠) للجاحظ.

خۆی، تا لەگەڵ خانەوادەکەی بخەوێت ئیتر شەو بێت یان سەرما و گەرما.

بەکورتی: خۆشەویستی نیشتمان لە ناخی هەمو کەسێکدا هەیە، تەنانەت هەمو گیانلەبەرانیش وان[١].

بەڵام سەرباری هەمو ئەوانە ئەبێت بزانرێت خۆشەویستی نیشتمان لەبەرانبەر خۆشەویستی دین دەتوێتەوە[٢]. نابێت خۆشەویستی غەیرە خوا -ئیتر هەر شتێك بێت- ببێتە هۆی پەرت و کەرتبوونی یەکێتی پتەوی موسڵمانان.

❀ ❀ ❀

## لاوازی ئیمان

بێگومان ئەم خاڵە زۆر سەرەکیە و چەندین خاڵی تر لەوانەی باسکراون و باسنەکراون لە ژێری جێیان دەبێتەوە.

بۆ مەگەر هۆکاری زوو ساردبونەوە لە دینداری چییە؟

---

(١) ينظر: «بيان المعاني» (٢/ ٤٠٤) لعبد القادر بن ملّا حويش آل غازي العاني، مطبعة الترقي – دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٦٥م.
وفي حبّ الوطن، انظر: «الرسائل» (٢/ ٤١٠) للجاحظ، و«مطالع البدور ومنازل السرور» (ص ٣٠١)، «تفسير النيسابوري» (٢/ ٤٨٠)، «روح البيان» (٦/ ٤٤١).

(٢) ينظر: «تفسير المراغي» (٩/ ٤).

بۆ دروستبوونی گومان و شوبهە چییە؟!

بۆ مەگەر بەشێکی زۆری ئەو خیلافات و تەفرەقە و تەکەتول و حیزبایەتی و دەمارگیریە هی لاوازی ئیمان نییە؟!

ئەگەر ئیمان هەبێت، کابرا ستەمیشی لێبکرێت مادام بەرژەوەندیە دینیەکە گەورەترە، خۆی دەخواتەوە، بەڵام زۆرێك خوا پەنامان بدات ڕێك پێچەوانەکەی دەکەن.

❁ ❁ ❁

## سەرسامبون بەڕای خۆ و دەمارگیری و ئەنانیبون

لەو شتانەی دی کە ئیختلاف و کێشە دروست دەکەن، موعجیب بەخۆبون و دەمارگیری و باوەڕبونە بە ڕەئی خود و نەخوێندنەوەی بەرانبەرەکەتە کە براتە!

هەروەها زاڵکردنی بەرژەوەندییە شەخصییەکان بەسەر بەرژەوەندییە دینییەکان.

دەرمارگیری بۆ مەزهەبێك بێت یان زانایەك یان لایەنێك یان وڵاتێك یەکێکە لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و تێکچونی شیرازە.

هەروەها لەوانەی تر كە لە ژێـر ئەم خـاڵە و خاڵەكـانی تـردا جێـی دەبێـتەوە (وەك خـاڵی دەمـارگیری، یـان خـاڵی شـوێنكەوتنی هەواوئـارەزو، یـان سـتەمكردن لە یەكتـر ... هتد)، بریتییە لە تەنها خۆ بەهەق زانـین و هەرچـی ئەوانـی تـر هەیە لە كەس و لایەن بە ناهەقیـان دابنێیـت، تەنهـا تـۆ نەبێت، لەگەڵ ئەو حەوت كەسەی دەوروبەرت! ئەمە جگە لەبوونی لوتبەرزی و خۆبەشتزانینیكی زۆر!

## نەخوێندنەوەی بۆچونەكانی تر

خـاڵێكی تـر: كە هەر لە ژێـر خـاڵی پێشـوو كۆمەڵێـك خاڵی تردا جێـی دەبێـتەوە، بـریتییە لە دەمـارگیری بـۆ وتەو بۆچونێـك و نەخوێنـدنەوەی بۆچونەكـانی تـر، كە لەوانەیە زۆرجـار بەڵـگەكەی ئەوان لەوەی ئەم بەهێزتـریش بێـت، بەڵكو لەوانەیە موخالفەی ئیجماعیش بێت -كە ئەمە لەژێـر خاڵی ناشارەزاییش جێی دەبێتەوە و ئاماژەیەكیشی پێكرا-.

بۆ نمـونە: لەنـاو كـوردی خۆمانـدا، چەنـد كـاری بەنـاو شەرعی هەبوە، هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نەبوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مامۆسـتایەك لە مامۆسـتایەكەی خـۆی بەو شـێوازە

وەریگرتوە وازی لێنەهێناوە و دەمارگیری گرتویەتی وازی لێبهێنێت و بوە بە مایەی خیلاف و پەرتەوازەیی؟!

ئەوە نموونەیەك لەسەر ئەولا.

نمونەیەكی تر لەسەر ئەملا: كردنی نوێژی تەراویح یانزە ڕكاتە یان بیست و سێ؟! توخوا چەند باوك و كوڕ و براو برا، و كۆمەڵێكی یەكدەستی موسڵمانان، كێشە كەوتە نێوانیان لەسەر ئەمە، لەكاتێكدا بە كۆكدەنگی زاناكان، شەونوێژ ژمارەكەی دیاری كراو نییە. وەك ئیبن عەبدولبەڕو ئیبن تەیمیەو حافزی عێراقی وئەوانی تریش كۆدەنگی لەسەر دەگوازنەوە.

ئەحمەد بن عەبدولحەلیم دەڵێت[1]: «وَيُسْتَحَبُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يَقْصِدَ إلَى تَأْلِيفِ الْقُلُوبِ بِتَرْكِ هَذِهِ الْمُسْتَحَبَّاتِ [يقصد كمسألة البسملة هل هي آية من الفاتحة، وهل يجهر بها في الصلاة ونحو ذلك] لِأَنَّ مَصْلَحَةَ التَّأْلِيفِ فِي الدِّينِ أَعْظَمُ مِنْ مَصْلَحَةِ فِعْلِ مِثْلِ هَذَا كَمَا تَرَكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَغْيِيرَ بِنَاءِ الْبَيْتِ لِمَا فِي إبْقَائِهِ مِنْ تَأْلِيفِ الْقُلُوبِ وَكَمَا أَنْكَرَ ابْنُ مَسْعُودٍ عَلَى عُثْمَانَ إتْمَامَ الصَّلَاةِ فِي السَّفَرِ ثُمَّ صَلَّى خَلْفَهُ

(١) «مجموع الفتاوى» (٢٢/ ٤٠٧).

مُتمًّا. وَقَالَ الْخِلَافُ شَرٌّ» «وە چاكترە یان سوننەتە موسڵمان دڵەكان یەكبخات بە وازهێنانی لەو جۆرە سوننەتانە (مەبەستی وەك ئەوەی ئایا «بسم الله» كردن بەشێكە لە فاتیحا، وە ئایا بە دەنگی بەزر دەخوێنرێت؟! هاوشێوەی ئەمانەش) چونكە لە دینی ئیسلامدا بەرژەوەندی یەكخستنی دڵەكان و لێك نزیكردنەوەیان گەورەترە لە بەرژەوەندی كردنی ئەم جۆرە سوننەتانە، هەر وەك پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وازی لە گۆڕینی بینای ماڵی خوا (مەككە) هێنالە پێناو یەكخستن و نزیكردنەوەی دڵەكان...».

هەروەها دەڵێت[1]: «وَيَسُوغُ أَيْضًا أَنْ يَتْرُكَ الْإِنْسَانُ الْأَفْضَلَ لِتَأْلِيفِ الْقُلُوبِ وَاجْتِمَاعِ الْكَلِمَةِ خَوْفًا مِنْ التَّنْفِيرِ عَمَّا يَصْلُح، كَمَا تَرَكَ النَّبِيُّ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِنَاءَ الْبَيْتِ عَلَى قَوَاعِدِ إبْرَاهِيمَ، لِكَوْنِ قُرَيْشٍ كَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْجَاهِلِيَّةِ وَخَشِيَ تَنْفِيرَهُمْ بِذَلِكَ وَرَأَى أَنَّ مَصْلَحَةَ الاجْتِمَاعِ والائتلاف مُقَدَّمَةٌ عَلَى مَصْلَحَةِ الْبِنَاءِ عَلَى قَوَاعِدِ إبْرَاهِيمَ. وَقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: -لَمَّا أَكْمَلَ الصَّلَاةَ خَلْفَ عُثْمَانَ وَأَنْكَرَ عَلَيْهِ فَقِيلَ لَهُ فِي ذَلِكَ فَقَالَ:- «الْخِلَافُ شَرٌّ»؛ وَلِهَذَا نَصَّ الْأَئِمَّةُ كَأَحْمَدَ وَغَيْرِهِ عَلَى

(١) «مجموع الفتاوى» (٢٢/ ٤٣٦).

ذَلِكَ بِالْبَسْمَلَةِ وَفِي وَصْلِ الْوِتْرِ وَغَيْرِ ذَلِكَ مِمَّا فِيهِ الْعُدُولُ عَنْ الْأَفْضَلِ إِلَى الْجَائِزِ الْمَفْضُولِ، مُرَاعَاةَ ائْتِلَافِ الْمَأْمُومِينَ أَوْ لِتَعْرِيفِهِمْ السُّنَّةَ وَأَمْثَالِ ذَلِكَ، وَاَللَّهُ أَعْلَمُ».

«هەروەها ڕەوایە یان دەكرێت موسڵمان باشترین واز لێبهێنێت بۆ ڕاگیركردنی دڵەكان و كۆكردنەوەی قسەكان! لەترسی ئەوەی خەڵك لەوەی چاكە بڕەتێن!» پاشان هەمان بەڵگەی پێشو دەهێنێتەوە بۆ وتەكەی و، دەڵێت: «هەر وەك چۆن پەیامبەر ﷺ وازی لەدروستكردنەوەی بەیت هێنا لەسەر بینا كۆنەكەی ئیبراهیم ﷺ چونكە قوڕەیش تازە موسڵمان ببوون و هێشتا زۆر نەبوو نەفامییەتیان جێهێشتبو، ترسا بەو كارە بیانڕەتێنێت، بۆیە پێی وابو بەرژەوەندی كۆدەنگی و دڵگراگیركردن لە پێشترە لە بەرژەوەندی دروستكردنەوەی مەككە لەسەر بینا كۆنەكەی ئیبراهیم ... بۆیە پێشەوایان وەك ئەحمەد و جگە لەویش لەسەر ئەوەن وەك مەسەلەی بەسمەلەكردن و پێكەوەكردنی یەك ڕكاتە وترەكە لەگەڵ دوانەكەی پێش خۆی و جگە لەم پرسانەش كە لادانی تێدایە لە باشترینەوە بۆ خوار خۆی لەبەر ڕەچاوكردنی دڵڕاگیركردنی مەئمومەكان و هاوشێوەی ئەمانە».

ئەمەش بەواتـای کەمتەرخەمیکـردن نـایەت لە سـوننەتە چەسپاوەکان. بەڵکو مەبەستەکە بریتییە لە پشێوی نـانەوە و پەرتەوازەیی خستنە نێو ئومەت لەسـەر کۆمەڵێـك پـرس کە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی بەهێزی لەسەر نیـیە یـان بەڵـگەی پێچەوانەی لەسەرە یان خیلافی توندی لەسەرە و ئەنجامدانی پەرتەوازەیـی لێـدەکەوێتەوە ئەوسـا لەبەر دڵڕاگیرکـردن و کۆدەنگی موسـڵمانان واز لەو جـۆرە سـوننەتانە دەهێنرێـت وەك ئیبن تەیمیە وتی.

بوخاریش ئەو فەرمودەیەی لەژێر ناونیشانی: «باب تـرك بعض الاختيار مخافة أن يقصر فهم بعض الناس عنه فيوقع في أشد منه». ئیبن حەجەر دەڵێت: «استفاد منـه تـرك المصـلحة لأمـن الوقـوع فـي المفسـدة». کەواتە: لە جێبەجێکردنـی سونەتدا ئەبێت بەراورد بکرێت لەنێوان مەصاڵح ومەفاسد.

هەروەها ئەحمەد بن عەبدولحەلیم لەبارەی سونەتی پێش جومعە دەڵێت: «... وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مُطَاعًا وَرَأَى أَنَّ فِـي صَـلَاتِهَا تَأْلِيفًا لِقُلُوبِهِمْ إلَى مَا هُوَ أَنْفَعُ أَوْ دَفْعًـا لِلْخِصَـامِ وَالشَّـرِّ لِعَـدَمِ التَّمَكُّنِ مِنْ بَيَانِ الْحَقِّ لَهُمْ وَقَبُولِهِمْ لَهُ وَنَحْوِ ذَلِكَ، فَهَـذَا أَيْضًـا حَسَنٌ. فَالْعَمَلُ الْوَاحِدُ يَكُونُ فِعْلُهُ مُسْـتَحَبًّا تَـارَةً وَتَرْكُـهُ تَـارَةً بِاعْتِبَارِ مَا يَتَرَجَّحُ مِـنْ مَصْـلَحَةِ فِعْلِـهِ وَتَرْكِـهِ بِحَسَـبِ الْأَدِلَّـةِ

الشَّرْعِيَّةِ. وَالْمُسْلِمُ قَدْ يَتْرُكُ الْمُسْتَحَبَّ إِذَا كَانَ فِي فِعْلِه فَسَادٌ رَاجِحٌ عَلَى مَصْلَحَتِه كَمَا تَرَكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِنَاءَ الْبَيْتِ عَلَى قَوَاعِدِ إِبْرَاهِيمَ وَقَالَ لِعَائِشَةَ: {لَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثُو عَهْدٍ بِالْجَاهِلِيَّةِ لَنَقَضْتُ الْكَعْبَةَ وَلَأَلْصَقْتهَا بِالْأَرْضِ وَلَجَعَلْتُ لَهَا بَابَيْنِ بَابًا يَدْخُلُ النَّاسُ مِنْهُ وَبَابًا يَخْرُجُونَ مِنْهُ} وَالْحَدِيثُ فِي الصَّحِيحَيْنِ. فَتَرَكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَذَا الْأَمْرَ الَّذِي كَانَ عِنْدَهُ أَفْضَلُ الْأَمْرَيْنِ لِلْمُعَارِضِ الرَّاجِحِ وَهُوَ حِدْثَانُ عَهْدِ قُرَيْشٍ بِالْإِسْلَامِ لِمَا فِي ذَلِكَ مِنْ التَّنْفِيرِ لَهُمْ فَكَانَتْ الْمَفْسَدَةُ رَاجِحَةً عَلَى الْمَصْلَحَةِ. وَلِذَلِكَ اسْتَحَبَّ الْأَئِمَّةُ أَحْمَد وَغَيْرُهُ أَنْ يَدَعَ الْإِمَامُ مَا هُوَ عِنْدَهُ أَفْضَلُ إذَا كَانَ فِيهِ تَأْلِيفُ الْمَأْمُومِينَ مِثْلَ أَنْ يَكُونَ عِنْدَهُ فَصْلُ الْوِتْرِ أَفْضَلَ بِأَنْ يُسَلِّمَ فِي الشَّفْعِ ثُمَّ يُصَلِّيَ رَكْعَةَ الْوِتْرِ وَهُوَ يَؤُمُّ قَوْمًا لَا يَرَوْنَ إلَّا وَصْلَ الْوِتْرِ فَإِذَا لَمْ يُمْكِنْهُ أَنْ يَتَقَدَّمَ إلَى الْأَفْضَلِ كَانَتْ الْمَصْلَحَةُ الْحَاصِلَةُ بِمُوَافَقَتِه لَهُمْ بِوَصْلِ الْوِتْرِ أَرْجَحَ مِنْ مَصْلَحَةِ فَصْلِه مَعَ كَرَاهَتِهِمْ لِلصَّلَاةِ خَلْفَهُ وَكَذَلِكَ لَوْ كَانَ مِمَّنْ يَرَى الْمُخَافَتَةَ بِالْبَسْمَلَةِ أَفْضَلَ أَوْ الْجَهْرَ بِهَا وَكَانَ الْمَأْمُومُونَ عَلَى خِلَافِ رَأْيِه فَفَعَلَ الْمَفْضُولَ عِنْدَهُ لِمَصْلَحَةِ الْمُوَافَقَةِ وَالتَّأْلِيفِ الَّتِي هِيَ رَاجِحَةٌ عَلَى مَصْلَحَةِ تِلْكَ الْفَضِيلَةِ كَانَ

جَائِزًا حَسَنًا. وَكَذَلِكَ لَوْ فَعَلَ خِلَافَ الْأَفْضَلِ لِأَجْلِ بَيَانِ السُّنَّةِ وَتَعْلِيمِهَا لِمَنْ لَمْ يَعْلَمْهَا كَانَ حَسَنًا»(١).

واته: «ئەگەریش كابرا لەگەڵ خەڵكانێك نوێژیدەكرد گوێڕایەڵی نەدەكرا و ئەگەریش ئەو دو ڕكاتە بكات دڵیان ڕاگیر دەكات بۆ شتی بەسودتر یان كێشمەكێش و دوبەرەكی و شەڕی دور دەخستەوە، چونكە نەیدەتوانی هەقەكە ڕون بكاتەوە وئەوانیش لێی وەربگرن و هاوشێوەی ئەمانە، ئەمەش هەر چاكە.

جا یەك كار، ئەكرێ جاری وا هەبێت كردنی سونەت بێت و جاری واش هەبێت نەكردنی، ئەمەش بەگوێرەی ڕاجحبونی بەرژوەندی كردنی و نەكردنی بەگوێرەی بەڵگە شەرعیەكان.

موسڵمانیش هەندێك جار واز لە سوننەت دەهێنێت ئەگەر هاتو لەكردنیدا خراپەیەكی زیاتر هەبێت لەچاو چاكیەكانی» پاشان هەمان فەرمودەی پێشو دەكاتەوە بەڵگە و دەڵێت: «جا پەیامبەری خوا ﷺ ئەم كارەی نەكرد لە كاتێكدا پێی باشتر بو بیكات، ئەمەش لەبەر بونی

(١) «مجموع الفتاوى» (٢٤/ ١٩٤).

دژێکی ڕاجحترو لەپێشتر کە بـریتیە لە تـازە موسـڵمانبونی قـوڕەیش و نزیکیـان لەسـەردەمی نەفـامیەوە، کە ئەم کـارە ئەبێــتە مــایەی ڕەتانــدنیان، بــۆیە مەفســەدەی ئەو کــارە ڕاجحتربو بەسەر بەرژەوەندیەکەی.

بــۆیە پێشــەوایان وەك ئەحــمەد و جــگە لەویــش پێیــان باشبوە یان پێیان سـونەتبووە ئیمـام واز لەشـتێك بهێنێـت کە لای ئەو باشـترینە، ئەگەر هــاتوو بەوە دڵــی مەئمومەکــانی ڕادەگرت.

بــۆ نمــوونە: لای ئیمــامە جیــاکردنەوەی ویتــر لە دو ڕکــاتەکەی پێشــی باشــترە، بەڵام مەئمومەکــان پێیــان وایە هەردوکی پێکەوە دەکرێن، جا ئەگەر پێی نەکرا باشترینەکە بکات، ئەو کاتە بەرژەوەندیەکە بەدیدێت بە موافەقەکردنی مەئمومەکان بە پێکەوەکردنی هەردوو نـوێژەکە بۆیـان، ئەم بەرژەوەنــدیەش لەپێشــترە لەبەرژەوەنــدی جیــاکردنەوەی لەگەڵ حەزنەکردنی ئەوان بە نوێژکردن لەپشتیەوە.

بە هەمــان شـێوە ئەگەر ئیمــامەکە لەو کەســانە بــو کە بەســمەلە بە دەنگــی نــزم یــان بەرزی پــێ باشــتربو، بەڵام مەئمومەکــان لەســەر بۆچــونێکی پێچەوانەبــون، ئەویــش بڕوات ناباشترەکە بکـات، لەبەر بەرژەوەنـدی هـاوڕاکردنی

ئەوان و دڵڕاگیرکردنیان، کە ئەمە ڕاجحترە لە بەرژەوەندی ئەنجامدانی باشترینەکە= ئەوا کارێکی جائیز و چاکی کردوە.

هەروەها ئەگەر پێچەوانەی باشترین بکات لەبەر ئەوەی سونەت ڕون بکاتەوە و فێری خەڵکی بکات، ئەوا کارێکی چاکی کردوە...».

هەروەها شێخ عەبدولعەزیز ئەم پرسیارەی لێدەکرێت: «يقوم بعض الشباب عندنا باتباع السنة مثل: جلسة الاستراحة في الصلاة وغيرها من الأفعال، ولكن كل ذلك يولد نزاعًا من قبل بعض الشيوخ في المسجد مع الشباب، فهل ترون أن نترك السنة ونكسب هؤلاء أفضل، أم العكس؟ أم ماذا أفيدونا أفادكم الله؟».

واتە: «هەندێك گەنج لەلامان هەڵدەستن سوننەت جێبەجێدەكەن وەك: دانیشتی ماندوشكاندن (جلسة الإستراحة) لە نوێژدا و كارەكانی تریش، بەڵام ئەم كارانە دوبەرەكی دروست دەكات لە نێوان گەنجەكان و كۆمەڵێك لە مامۆستای مزگەوتەكان، جا ئێوە پێتان وایە واز لەو سوننەتانە بهێنین و ئەو كەسانە بەدەست بهێنین باشترە؟ (نەك بەو سوننەتانە لەدەستیان بدەین) یان بە پێچەوانەوە؟!».

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: «المحافظة على السنة أمر مطلوب، ولكن السنة سنتان: فريضة ونافلة، أما الفريضة فلا بد منها، وذلك أن تصلي كما صلى النبي صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تطمئن في ركوعك وسجودك وتقرأ الفاتحة، هذا أمر لا بد منه وفريضة، أما النوافل مثل: سنة الاستراحة، مثل: وضع اليدين على الصدر.. وضع اليمنى على اليسرى على الصدر وما أشبه ذلك من السنن، هذه إن فعلها الإنسان لإحياء السنة هذا مطلوب وأفضل، وإن تركها تأليفاً لجماعته الذين لم يعرفوا هذه السنة ولم يطمئنوا إليها لجهلهم أو لتقليدهم حتى يكسبهم في أداء الفرائض وترك المحارم فهذا حسن؛ لأن تحصيل الفرائض مقدم، وترك المحارم أمر مقدم على النوافل، فالمؤمن الداعي إلى الله يعمل الأصلح، فيجتهد في توجيه الناس إلى ما أوجب الله عليهم وتحذيرهم مما حرم الله عليهم، ويحرص على ما يؤلف قلوبهم ويرغبهم في الخير، فإذا اطمأنوا وعرفوا أن عنده النصح واطمأنوا إلى تعليمه وتوجيهه في إمكانه بعد ذلك أن يرشدهم إلى السنن التي قد تخفى عليهم من جنس جلسة الاستراحة فإنها سنة على الأرجح، وبعض أهل العلم لا يراها سنة وإنما يراها في حق المريض والعاجز، ولكن الصواب أنها سنة وهي جلسة

بعد الأولى من الرفع في الصلاة وبعد الثالثة في الرباعية، وبعد الأولى في كل صلاة جلسة خفيفة، ثم ينهض إلى الثانية وإلى الرابعة، فإذا فعلها فهي سنة كما ثبت ذلك من حديث مالك بن الحويرث وأبي حميد الساعدي ، وإن ترك ذلك تأليفاً لجماعته وقومه وما أشبهها من السنن التي ليست واجبة فلا حرج كما تقدم.

والخلاصة: أن الداعي إلى الله ينظر الأصلح، ويحرص على اكتساب قومه وجماعته وأهل بلده في أداء الفرائض وترك المحارم، وإن تركوا بعض السنن، فالأهم كل الأهم حفظهم للفرائض وعنايتهم بها وابتعادهم عن المحارم، أما تركهم بعض السنن فلا يضرهم ذلك، وفي إمكانهم بعد الطمأنينة إلى الداعي وبعد معرفتهم لنصحه واطمئنانهم إليه وثقتهم به، في إمكانهم بعد هذا أن يقبلوا منه ما خالف عادتهم. والله المستعان. نعم».

واته: «پارێزگاریکردن له سوننەت شتێکی داواکراوه، بەڵام سوننەت دو شت دەگرێتەوه: فەرز و سوننەت، فەرزەکان ئەبێت جێبەجێ بکرێن ... بەڵام سوننەت وەك ئەوەی: سوننەتی ماندوێتیشکاندن و دەستخستنه سەر سنگ، دەست ڕاست خستنه سەر چەپ لەسەر سنگ و

هاوشـــێوەكانی، ئەمە ئەگەر مـــرۆڤ بیكـــات بـــۆ زینـــدووكردنەوەی ســـونەت ئەوە داواكـــراوە و چـــاكترە، ئەگەریش وازی لێبهێنێت لەبەر دڵڕاگیركردنی خەڵـكەكەی دەورووبەری كە ئەم ســـــونەتانە نـــــازانن، لەبەر ئەوەی شارەزاییان لێی نییە یان تەقلیدكردنەوەیان، بـۆ ئەوەی ڕایـان بكێشێت بـۆ جێبەجێكردنـی فەرزەكـان و دوركەوتـنەوە لە حەرامەكـان، ئەوە كـارێكی چـاكە، چـونكە بەدیهێنـانی فەرزەكـان دەخـرێتە پێشـەوە، هەروەهـا وازهێنـانی لە حەرامەكان لەپێشترە لە سـونەتەكان، جـا بـانگخوازی ڕێـی دینی خوا چـاكترین دەكـات، هەوڵـدەدات خەڵـك ئاراسـتە بكات بـۆ واجبەكـان و وریایـان بكـاتەوە لە حەرامەكـان و سـور بێـت لەسـەر دڵڕاگیركردنیـان... كە ئەوانەیـان كـرد، ئەوسا ڕێنموییان دەكـات بـۆ ئەو سـوننەتانەی كە شـاراوەیە لەلایـان، ... ئەگەریـش ئەو سـونەتە كە بـریتیە لەدانیشـتنی ئیسراحەتكردن و هاوشێوەكانی كە سوننەتە و واجب نیـیە، نەكـاتن، بـۆ دڵڕاگیركردنـی جەمـاعەتەكەی و قەومەكەی، ئەوا هیچی تێدا نییە.

بە پـوختی: بـانگخواز تەماشـای باشـترین دەكـات، ئەوە دەكـــات، هەروەهـــا ســـور دەبێـــت لەســـەر دڵڕاكێشـــانی

كەسەكانی و كۆمەڵەكەی و هاوشاریەكانی بۆ كردنی فەرزەكان و دوركەوتنەوە لە حەرامەكان، ئەگەریش هەندێك سوننەت واز لێبهێنن، ئەوا گرنگترین شت بریتیە لە پارێزگاریكردنیانە لە فەرزەكان و دوركەوتنەوەیانە لە حەرامەكان. سەبارەت بە نەكردنی هەندێك سونەت، ئەوا زیانیان لێنادات ...»[١].

ئەمە جگە لەوەی شەریعەت ئەوەی فێركردوین: ئەگەر مەفسەدەیەك و مەصڵەحەتێك تێككگیران ئەوا زۆرجار دورخستنەوەی مەفسەدەكە پێشدەخرێت؛ چونكە بایەخدانی شەریعەت بە نەهیلێكراوەكان زیاترە وەك لە بایەخدانی بە فەرمان پێكراوەكان. ئەمەش لە دەقی فەرمودەكانی پەیامبەری خواوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فامراوە، هەروەها زانایانیش ڕونیانكردۆتەوە[٢].

❀ ❀ ❀

---

(١) من موقعه الرسمي. وانظر لزامًا: «إعلام الموقعين» (٢/٣٩٥)، و«الاعتصام» (١/ ٣٤).

(٢) «الأشباه والنظائر» (٨٧).

# فێڵبازی ئیستیعمار و عەلمانیەكان و هاوبیرانیان

یەكێكـی تـر لەو هۆكـارانەی كە بەڕاسـتی شـوێنەواری وەكو خۆر ڕون ودیارە بریتیە لە ئیستعمار.

بۆ مەگەر وروژێنەری بیـرۆكەی نەتەوایەتـی لە زۆربەی وڵاتانی موسڵمانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی كێ بو؟ ئیسـتیعمار نەبـو! ئەوانەی شـارەزای ئەو مێـژوەن وەڵامەكە دەزانن، ئەوانەشی نازانن با بێدەنگ بن!

ئیستیعمار خەنجەرێكی لەسەر جەرگـی ئـومەت دانـاوە، هەتـاوەكو ئێسـتا پێـوەی مـاوە، گەر خەنـجەرەكەش دەركرابێـت شـوێنەوارەكەی بە زەقـی مـاوە و دیـارە و دەشمێنێت تا نەگەڕێینەوە بـۆ دینـە ڕاسـتەقینەكەی خۆمـان، دینێكـی دور لە خورافیـات و زیـادات و شـیركیات و حیزبیات.

ئەگەر ئیسـتعمار هیچـی نەكردبێـت، هۆكـاری یەكێتـی موسڵمانانی -كە خەلافەت بوە- نەهێشـتوە، ئەوە گەورتـرین تاوانی كردوە دەرهەق بە موسڵمانان!

## نەبوونی سەرکردەیەکی دڵسۆز

بە تەعبیرێکی تر نەبونی مەرجەعێکی باڵا، گورزی توندی لە ئوممەت وەشاندوە.

پێشتریش باسی مەرجەعیەتی عیلمی کرا کە گەڕانەوەیە بۆ قورئان و سوننەت.

بەڕاستی نەبوونی سەرکردەیەکی دڵسۆز هۆکارە بۆ ئیختلافی نێوان موسڵمانان، فەرموودەکەی عیربادی کوڕی ساریەش بەڵگەیە بۆ ئەم پرسە.

هیچ کەسێکیش ناتوانێت دەور و ڕۆڵی پەیامبەری خوا صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ نادیدە بگرێت لە پێکەوەنان و تەبایی و برایەتی لەنێو یاران و کۆمەڵی موسڵمانان لەسەردەمی ویدا، هەروەها بونی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و حەسەن و خەلیفە دادگەرەکانی دوای ئەوانیش.

لەو پێناوەدا زۆر نەرم بوە لەگەڵیاندا و ئازار و ئێشیانی تەحەمولکردوە و عەزیەتەکانی ئەوانی خواردۆتەوە، پەروەردگاریش ئەو شایەتیەی بۆ دەدات و دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ

فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ [آل عمران: ١٥٩]. «بەهۆی ڕەحمەتێکی گەورەی خواوە بەسەر تۆوە -ئەی پەیامبەری خوا!- نەرم و نیانی لەگەڵ یاراندا، خۆ ئەگەر وا نەبوایەیت و ڕەحمی خوا نەبوایە، توند و تیژ بوایەی لە کردار و گوفتارت، دڵرەق بوایەیت بڵاوەیان لێدەکردی و لەدەورت دور دەکەونەوە ...».

لەگەڵ دەیان نموونەی دی.

ئەمە جگە لەڕوی دەوڵەتداری، کە کاریگەری زۆر گەورە و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر یەکڕیزی موسڵمانان و کۆکبونیان.

سیانزە سەدەی دەوڵەتداری خەلیفە و ئەمیر و سوڵتانەکانی ئیسلام لەناوچە جیاجیاکاندا بە باشی و خراپیانەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

تا ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و بە تایبەت نەمانی سوڵتان عەبدولحەمید -بە ڕەحمەت بێت- پچڕانی زنجیرەی خەلافەت کە بە ئەبوبەکر دەستی پێکردبوو، دەیەها حیزب و گروپ و کۆمەڵ و لایەن و ئاینزا و دەوڵەتۆچکە و بۆچوون دروستبوو. لە کاتێکدا خەلافەت ببوو بە ئەمانێک بۆ پەرتەوازەیی -تا ڕادەیەکی زۆر-.

ئەم خاڵە ڕوونە وەك خۆر.

پاشانیش بیرۆكەی جیاكردنەوەی دین و دەوڵەت لە وڵاتە ئیسلامیەكان سەری هەڵدا وەكو شوێنكەوتنێك بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەكان لە جیاكردنەوەی دین و دەوڵەت. ئەمەش دەورێكی زۆر خراپی گێڕا و عەلمانیەكانیش زیاتر هەڵگری ئەم بانگەشە بون بە تیۆری و كردەیی.

ئینجا ئیسلامیش سورە لەسەر ئەوەی موسڵمانان سەرێكیان هەبێت، سەركردەیەكیان هەبێت، پێشەوایەكیان هەبێت، ڕابەرێكیان هەبێت، تەنانەت نوێژی كۆمەڵیان هەیە، كەچی ئەبێت لە پشت كەسێكەوە بیكەن و ناویشی لێناوە: ئیمام (پێشەوا).

سەفەرێكیان كرد سێ كەس بوون، یەكێكیان دەكەن بە ئەمیر و ئەوانی تر بەقسەی دەكەن و لەقسەی دەرناچن. ئەمە ڕێنمایی خودی پەیامبەری خوایە ﷺ(١).

ئەمەش لە گەورەترین نیشانەكانی پاراستنی ئیسلامە بۆ یەكێتی و یەكڕیزی تاكەكانی، نیشانەی ئەوەیە كە ئیسلام دژی پەرتی و هەر كەس بۆخۆییە!

---

(١) الحديث أخرجه مسلم في «صحيحه» (٦٧٢).

بۆیە پێشەوا «ئەمان»ە بۆ ئومەت لە پەرتبون و کەرتبـون و لەتبون.

❃ ❃ ❃

## بونی سەرکردە و پێشەوای گومڕا و زانای فێڵباز و بەرژەوەندیخواز

بەڕاستی بونی پێشـەوای گـومڕا و زانـای بـاوش بە دونیـا کردو و سەرکردەی فێڵباز و بەرژەوەندیخواز جێی مەترسـی پەیامبەری خوا بون ﷺ!

ئەوەتا پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێـت - پێشتریش باسـکرا-(١): «... وَإِنَّمَـا أَخَـافُ عَلَـى أُمَّتِـي الأَئِمَّـةَ الْمُضِلِّينَ» «ئەو تەنها شتەی کە ترسم لە ئومەتەکەم هەبێـت لە ئاستیدا، بریتیە لە پێشەوای گومڕا».

(١) **إسناده صحيح**: أخرجه أبو داود في «سننه» (٤٢٥٢)، والترمذي في «جامعه» (٢٢٢٩) وابن ماجه في «سننه» (٣٩٥٢)، والدارمي في «مسنده» (٢١٥، ٢٧٩٤)، وأحمد في «مسنده» (٢٢٨٢٨، ٢٢٨٢٩، ٢٢٨٣٠، ٢٢٨٨٨)، وابـن حبـان في «صحيحه» (٦٧١٤، ٧٢٣٨). ولفظه -ولفظ غيره-: «إِنِّي لَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي إِلَّا الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ».

قال الترمذي: «وَهَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ». وصححه الحاكم ووافقه الذهبي. وينظر: «صحيح ابن حبان» (١٠/ ٤٣٣) (٤٥٧٢) تحقيق: شعيب رحمه الله.

هەروەها زیادی کوڕی حودەیر (حُدَيْرٍ) دەڵێت[١]: «قَالَ لِي عُمَرُ: هَلْ تَعْرِفُ مَا يَهْدِمُ الإِسْلَامَ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا، قَالَ: يَهْدِمُهُ زَلَّةُ الْعَالِمِ، وَجِدَالُ الْمُنَافِقِ بِالْكِتَابِ، وَحُكْمُ الأَئِمَّةِ الْمُضِلِّينَ» «عومەر پێی وتم: دەزانی چی ئیسلام دەڕوخێنێت، لەناوی دەبات؟! وتم: نەخێر! وتی: هەڵەی زاناکان و، دەمەدەمی موونافیقەکان لەسەر ئایەتەکانی قورئان و، حوکمی پێشەوا گومڕاکان».

هەروەها فەرموودەکەی حوزەیفەی کوڕی یەمانە، دەڵێت[٢]: «كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْخَيْرِ، وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللهُ بِهَذَا الْخَيْرِ فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ؟ قَالَ: نَعَمْ. فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَفِيهِ دَخَنٌ. قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟ قَالَ: قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي، وَيَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ.

---

(١) **إسناده حسن**: أخرجه الدارمي في «مسنده» (٢٢٠)، والمروزي في «أخبار الشيوخ» (٣٤٥)، وصححه العلامة الألباني في «المشكاة»، والشيخ حسين سليم أسد الداراني رحمة الله عليهما، فإنه توفي أيضًا قبل أيام.

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٦٠٦، ٣٦٠٧، ٧٠٨٤)، ومسلم في «صحيحه» (١٨٤٧).

فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا. فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، صِفْهُمْ لَنَا. قَالَ: نَعَمْ، قَوْمٌ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! فَمَا تَرَى إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ: تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ. فَقُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ».

له ڕیوایەتێکی تری موسلمدا دەفەرموێت: «يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ لَا يَهْتَدُونَ بِهُدَايَ ، وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي ، وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ إِنْسٍ».

«لەو شەڕ و خراپانەی بەرۆکی ئومەتم دەگرێت بریتییە لە کۆمەڵێك پێشەوا، ڕێنمایی لە من وەرناگرن و، لەسەر ڕێگای من نارِۆن بەڕێوە».

نەوەوی دەڵێت: «زانایان دەڵێن: ئەم پێشەوایانە ئەوانەن خەڵك بانگ دەکەن بۆ بیدعە یان هەر گومڕاییەکی تر وەك خەواریجەکـــان و قەرامیتەکـــان و میحنەتکەرەکـــان».

مەبەستی ئەوانەیە لەسەر خەلقی قورئان خەڵکیان تاقی دەکردەوە و سزا دەدا.

وتەی تریش لەم بارەوە زۆرن.

كاتێك زانایەك لەبەر هەوا و حەز و ئارەزوی یان پۆست و پلە و كورسیەكەی خۆی، فەتوایەك نادات كە دینەكەی خوا دەیخوازێت!

كاتێك زانایەك لەبەر ترسی دەسەڵاتدار و كاربەدستەكان ناوێرێت هەقیقەتەكان ڕون بكاتەوە یان فەتوایەك بدات دڵی ئەوان بڕەنجێنێت! ئەوسا ئیختیلاف دروست دەبێت.

كاتێك لەبەر دڵی حیزبەكەی بێدەنگە ئەگەر پێش بەسەر دەقی قورئان و فەرمودەدا بنێن! ئەو كاتە دوبەرەكی و پەرتەوازەیی دروست دەبێت.

ئەم جۆرە بەناو زانا و پێشەوایانە هۆكارن بۆ پەرتەوازەیی ئومەت.

بەڵام لە هەمان كاتیشدا كۆمەڵێك لە باشەكانیش كەمتەرخەمن لە خەمخواردنی یەكێتی و یەكڕیزی و تەبایی ئوممەتی ئیسلام.

❀ ❀ ❀

# ناڕەحەتی یەکێتی لە ڕەحەتی پەرتەوازەیی باشترە

بێگومان ناڕەحەتی لە یەکێتیدا، لە ڕەحەتی کاتی پەرتەوازەیی باشترە.

ئیبن مەسعود دەڵێت[1]: «الْزَمُوا هَذِهِ الطَّاعَةَ وَالْجَمَاعَةَ، فَإِنَّهُ حَبْلُ اللهِ الَّذِي أَمَرَ بِهِ، وَإِنَّ مَا تَكْرَهُونَ فِي الْجَمَاعَةِ خَيْرٌ مِمَّا تُحِبُّونَ فِي الْفُرْقَةِ، إِنَّ اللهَ لَمْ يَخْلُقْ شَيْئًا قَطُّ إِلَّا جَعَلَ لَهُ مُنْتَهًى، وَإِنَّ هَذَا الدِّينَ قَدْ تَمَّ، وَإِنَّهُ صَائِرٌ إِلَى نُقْصَانٍ، وَإِنَّ أَمَارَةَ ذَلِكَ أَنْ تَنْقَطِعَ الْأَرْحَامُ، وَيُؤْخَذَ الْمَالُ بِغَيْرِ حَقِّهِ، وَتُسْفَكَ الدِّمَاءُ وَيَشْتَكِيَ ذُو الْقَرَابَةِ قَرَابَتَهُ لَا يَعُودُ عَلَيْهِ بِشَيْءٍ، وَيَطُوفَ السَّائِلُ بَيْنَ جُمُعَتَيْنِ لَا يُوضَعُ فِي يَدِهِ شَيْءٌ، فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ خَارَتِ الْأَرْضُ خُوَارَ الْبَقَرَةِ يَحْسَبُ كُلُّ أُنَاسٍ أَنَّهَا خَارَتْ مِنْ قِبَلِهِمْ، فَبَيْنَا النَّاسُ كَذَلِكَ إِذْ قَذَفَتِ الْأَرْضُ بِأَفْلَاذِ كَبِدِهَا مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، لَا يَنْفَعُ بَعْدُ شَيْءٌ مِنْهُ: ذَهَبٌ وَلَا فِضَّةٌ». «پابەندی گوێڕایەڵی و کۆمەڵی موسڵمانان بن، ئەو حەبلەی خوا فەرمانی کردوە خەڵک

---

(١) أخرجه ابن أبي شيبة في «مصنفه» (٣٨٤٩٢)، والطبراني في «الكبير» (٨٩٧١، ٨٩٧٢، ٨٩٧٣)، والحاكم في «مستدركه» (٤/ ٥٥٥).

دەستی پێوە بگرن، بریتیە لە کۆمەڵی موسڵمانان، ئەو شتانەشی ڕقتان لێیەتی لە یەکێتیدا، باشترە لەوەی ئێوە پێتان خۆشە لە تەفرەقەدا».

بەڕاستی ئەبێت ئەوە بزانین ئەو لاوازیەی ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە دەرەنجامی پەرتەوازیی و ناکۆکی و دوبەرەکی نێو ڕۆڵەکانیەتی، ئەمەش دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارە لە دیارترینیان ئەو خەڵانەیە کە بە کورتی و پوختی و سەرپێی گوزەری پێدا کرا.

خوای مەزنیش دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ [الأنفال: ٤٦] «پابەندی گوێڕایەڵیکردنی خوا و گوێڕایەڵیکردنی پەیامبەرەکەشی بن لە وتە و کردەوە، لە هەمو حاڵ و بارێکتاندا، ڕاتان با جیاواز نەبێت لە نێوان یەکتردا، چونکە ئەبێتە مایەی لاوازیتان و نەمانی هێزتان».

کەواتە پرسیارێکی گرنگ و هەنوکەیی:

ئێمە لاوازین یان بەهێز؟!

وەڵامی هەمومان: لاواز!

ئەی بۆ لاوازین و کەس حسێبمان بۆ ناکات و فەشەلمان هێناوە و هێز و قوەتمان نەماوە!؟

وەڵامەکە لەفەرمایشەکەی پەروەردگاری مەزنە: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ [الأنفال: ٤٦].

نیزاعیش، فەشەل و «ذَهابُ ریح»ی لێدەکەوێتەوە.

نیزاع (جیلاف و جیاواز)یش: لە «النزع»ەوە هاتوە، بە واتای: ڕاکێشان و بردنی شتێك، «التنازع» و«المنازعة»ش بریتیە لە ڕاکێشان و بردنی دو لایەنە، وەك ئەوەی هەردولا بیانەوێت ئەوەی بەرانبەرەکەیان ڕابکێشن و لایبدەن. مەبەستیش لێرەدا خصومەت و موجادەلە و ئیختلافە.

فەشەلیش لێرەدا واتە: لاوازی و ترسنۆکی.

ڕۆیشتنی «ریح»یش لێرەدا، وتراوە: دەوڵەتە. هەروەها دەوترێت: بای فڵان کەس هەڵیکرد، ئەو کاتە وا دەوترێت کە کاروباری بە حەزی ئەم بڕوات، پێچەوانەش بو بە پێچەوانەوە.

لێرەشدا واتە: ڕۆیشتنی دەوڵەتتان و هێزتان و یەکدەنگیتان، هەروەها دوژمنەکانتان زاڵ دەبن بەسەرتاندا.

تەنانەت لەئایەتێکی تردا ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کەوا تەفرەقەی نێو ئوممەت و پەرتەوازەیی کارەساتێکی کۆمەڵایەتی کاولکەر و لەناوبەرە. مەترسیەکەی هیچی لە مەترسی کارەساتە گەردونیەکان کەمتر نیە: ﴿قُلْ هُوَ الْقَادِرُ

عَلَى أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِنْ فَوْقِكُمْ أَوْ مِنْ تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُمْ بَأْسَ بَعْضٍ انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ﴾ [الأنعام: ٦٥] «ئەی پەیامبەری خوا! خوا بەتوانایە سزایەکتان لەسەرەوەتانەوە بۆ بنێرێت وەك بەرد و هەورەگرمە و لافاو، یان لە خوارەوەتانەوە سزاتان بدات وەك زەویلەرزە و ڕۆچون، یان جیاوازی بخاتە نێوانتانەوە، بەوەی هەرکەس شوێن هەوا و ئارەزوی خۆی بکەوێت و دەست و یەخەی یەکتر بگرن و بجەنگن لەگەڵ یەکتردا». بێگومان ئەمەی کۆتاییش ئاسانترە وەك لەوەی خوای گەورە بە کارەساتێکی گەردونی هەمو ئومەت سزا بدات[1].

ئەوەتا دەبینی سزای پارچە پارچە کردنی ئوممەت بەراورد دەکات لەگەڵ کارەساتە گەردونیە کاولکەرەکان وەکو سوتاندن و خنکاندن.

لە صحیحی موسلمیشدا هاتوە، پەیامبەر ﷺ دەفەرموێت[2]: «إِنَّ اللهَ زَوَى لِي الأَرْضَ، فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا

(١) ورد ذلك في حديث صحيح أخرجه أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤٦٢٨، ٧٣١٣، ٧٤٠٦).

(٢) أخرجه مسلم في «صحيحه» (١٩٢٠، ٢٨٨٩). والزيادة لأبي داود في «سننه» (٤٢٥٢).

وَمَغَارِبَهَا، وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا مَا زُوِيَ لِي مِنْهَا، وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ، وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ، وَأَنْ لَا يُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، وَإِنَّ رَبِّي قَالَ : يَا مُحَمَّدُ، إِنِّي إِذَا قَضَيْتُ قَضَاءً فَإِنَّهُ لَا يُرَدُّ، وَإِنِّي أَعْطَيْتُكَ لِأُمَّتِكَ أَنْ لَا أُهْلِكَهُمْ بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ، وَأَنْ لَا أُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ يَسْتَبِيحُ بَيْضَتَهُمْ، وَلَوِ اجْتَمَعَ عَلَيْهِمْ مَنْ بِأَقْطَارِهَا أَوْ قَالَ: مَنْ بَيْنَ أَقْطَارِهَا حَتَّى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا، وَيَسْبِي بَعْضُهُمْ بَعْضًا، [وَإِنَّمَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ، وَإِذَا وُضِعَ السَّيْفُ فِي أُمَّتِي لَمْ يُرْفَعْ عَنْهَا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَلْحَقَ قَبَائِلُ مِنْ أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ، وَحَتَّى تَعْبُدَ قَبَائِلُ مِنْ أُمَّتِي الْأَوْثَانَ، وَإِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَلَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ تَعَالَى]» «خوای گەورە زەوی بۆ کۆکردمەوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایم بینی، موڵك و دەسەڵاتی ئوممەتەکەم دەگاتە ئەو شوێنەی کە بۆم کۆکرایەوە و پیشانم درا... داواشم لەپەروەردگارەکەم کرد ئوممەتەکەم بە وشکە ساڵی و قات و قڕی گشتی لەناو

نەبات، هەروەها داوام كرد دوژمنی دەرەكی زاڵ نەكات بەسەریاندا بنبڕیان بكات، خوای گەورە فەرمووی: ئەی موحەممەد! من ئەگەر بڕیارێكمدا ڕەت ناكرێتەوە، وە من بە قات و قڕی گشتی لەناویان نابەم، بە دوژمنی دەرەكیش لەناویان نادەم بنبڕیان بكات ئەگەر هەمو سەر زەوی لێیان كۆ ببێتەوە، مەگەر خۆیان خۆیان لەناو بەرن».

ئەم فەرمایشتە ئەوەمان پێ دەبەخشێت كەوا:

١- ئەم ئوممەتی ئیسلامە، هەمیشە بەهێز و دەسەڵاتە هەتا كۆك بن لەگەڵ یەك و دەستبگرن بە حەبلی نەپساو و پەتی نەپچڕاوی خوای مەزنەوە.

٢- ئەوەمان پێدەبەخشێت: درەختی ئیسلام هیچ هێزێك لەبنی ناهێنێت، بەڵام لاواز دەبێت، ئەوەشی لاوازی دەكات كرمەكانی هەمان درەختە نەك كرمی دەرەكی.

٣- ئەوەشمان پێدەڵێت: ئەوەی پەرتەوازەیی نێو خۆیی دەتوانێت بیكات، هەمو دوژمنە دەرەكیەكانی سەر زەوی كۆ ببنەوە بە تۆپ و تەیارە و دەبابەیانەوە ناتوانن بیكەن!

لەبیریشمان نەچێت، بێگومان، بێ دودڵی، تەفرەقە و ئیختلاف دەرەنجامێكی حەتمی و حاشا هەڵنەگرە بۆ دوری خەڵك لە تەتبیقكردنی شەریعەتەكەی خوای مەزن،

درەنجامی ئەوەیە نەفس و شەیتان و هەوا و ئارەزو دەیانجوڵێنێت نەك شەریعەتەكەی پەروەردگار، چونكە پیادەكردنی ئیسلامی ڕەسەن مرۆڤ بەرەو هەڵدێر و تەفرەقە نابات، ئەوە شەیتان و نەفس و هەواوئارەزو و هەتا دواییە ...

دەی هاوار... هاوار...! ئەی ئوممەتی موحەممەد صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ برایەتی بپارێزن! دەست بگرن بە حەبلی نەپچڕاوەی خواوە، لە دەوری عەقیدە و ڕێباز و دینە ڕەسەنەكەتان كۆببنەوە، نەك لە سەر هیچ تەصەورێكی تر، نەك لەژێر هیچ ئاڵایەكی تر.

بانگتان ناكەم بۆ هیچ پەرستراوێك جگە لە الله! بانگتان ناكەم بۆ هیچ ئاینێك جگە لەئاینی ئیسلام! بانگتان ناكەم بۆ هیچ شەخصێك جگە لەشەخصی پەیامبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَعَلَىٰٓ آلِهِۦوَسَلَّمَ! بانگتان ناكەم بۆ هیچ حیزبێك جگە لە حیزبی خوا، بۆ هیچ ئاڵایەك جگە لە ئاڵای ئیسلام، بانگتان ناكەم بۆ تێگەیشتنی هیچ كەسێك لە دەقەكانی قورئان و فەرمودە جگە لەو هاوەڵانەی لە خزمەت پەیامبەر بوون و ئامادەی دابەزینی وەحی بوون و ئامادەی فەرمایشتەكانی پەیامبەری خوا بوون، ئەوەش ئەگەر كۆكبون ئەگەرنا وتەی

کەسیان نابێتە بەڵگە بەسەر ئەوەکەی تریانەوە، تێگەیشتنی ئەوانەی دەقەکانیان بە زیندویی و تەرچکی و تازەیی و تەڕی پێگەیشتوە نەك بە مردویی و وشکی و کۆنی!

ماوەتەوە بڵێم:

کە باسی یەکڕیزی و تەبایی نێوان موسڵمانان دەکرێت دەبێت هەمیشە لایەنی عەقیدەمان لەبیر نەچێت، چونکە فاکتەر و عاملی یەکەم و جێی تەرکیزی سەرەکی، کە کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر بونیاد دەنرێت -بە بونیادێکی دروستەوە، بەبێ ترس لە داڕوخان-، عەقیدەیە.

لەژێر ئاڵای عەقیدەدا ڕیزەکانیان بۆ هەمیشە یەك دەبێت، ئەبێت بە تیشکی ڕوناکی عەقیدە ڕێگا ببڕێت بەرە و لوتکەکانی سەربەرزی و شکۆمەندی، بەعەقیدەی هاوەڵان فەتحی دڵان کرا پێش شار و وڵاتان. ئێمەش ئەگەر شوێن پێی ئەوان هەڵبگرین، ئەبێت هەر وا بکەین.

ئێمە لەساحەکەدا چ لەسەر ئاستی ناوچەکە بێت چ لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی، زۆرێك دەبینین هەوڵی یەکڕیزی دەدەن، چ لەڕێگەی موحازەرە و وتار و ئامۆژگاری و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە بێت، یان لەڕێگەی کۆبونەوە و کۆنگرە و سیمینارەوە بێت، هەڵبەت

چارەسەری زۆر و باشیش دەخەنە ڕو، بەڵام زۆربەی ناتەواوە و کەم و کورتی تێدایە، چونکە زۆرتر بایەخ بەلایە ناشەرعیەکان دەدەن، بۆ نمونە هەندێك لەوانە لەلایەنە سیاسیەکەوە هەوڵی خۆیان بەگەڕ دەخەن، هەندێکی تر زیاتر بایەخ بەلایەنی ئەخلاقی و سلوکی دەدەن، هەندێکی تریش لایەنی زوهد و تەقوا و دونیا نەویستی بایەخ پێدەدات...

کەمێك دەبینیت لەم نێوەندەدا بایەخ بەلایەنە سەرەکیەکە، بە کۆڵەکەی پرسەکە، بدەن، کە بریتیە لە تەوحید، کە بەهۆیەوە خوای مەزن دوای پەرتەوازەیی کۆی کردینەوە، بە هۆیەوە کردنی بە برا و تەبا، بوین بە خاوەن یەك ئوممەت، یەك ئامانج، یەك عەقیدە، کەسەرچاوەی سەربەرزی و ناونیشانی کامەرانیمانە، بەڵکو سیڕی وجودمانە لەم ژیانە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]، واتە: إلا لیُوحِّدون. واتە: جنۆکە و مرۆڤم دروستکردوە تەنها بۆ یەك ئامانج ئەویش عیبادەتکردنی منە بەوەی بە تەنهام ڕابگرن.

کاتێکیش باسی جەختکردنەوە دەکەین لەسەر ئەم لایەنە، ئەوە نەبێت لایەنەکانی تر وەلا بنرێت و بایەخیان

پێنەدرێت. بەڵكو مەبەست ئەوەیە ئەبێت لە بنەڕەت و ئەساسەوە دەست پێبكرێت و لەم بنچینەوە كارەكان شروع بكەین.

جا هەر بانگەوازێك بەرز بكرێتەوە بۆ یەكڕیزی و برایەتی ئیسلامی، لەمەوە سەرچاوە نەگرێت و بەمە بونیاد نەنرێت و بەمەشەوە نەڕۆین بۆ قۆناغەكانی تر، لەسەر بنەمای جێبەجێكردنی تەوحید و دووركەوتنەوە لە دژەكانی، هەروەها پاكسازی لە بیدعە و خورافات، چاكەكاری و خاوێن بوونەوە لە تاوان و خراپەكاری و سەرپێچیەكان بونیاد نەنرێت سەرەنجامی فەشەل و دۆڕانە، ئەگەریش بەڕوكەش تەبابن، لەناخەوە هەر جودان، وەكو جولەكەی لێدێت كە خوا وەسفیان دەكات دەفەرموێت: ﴿تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّى ذَلِكَ﴾ [الحشر: ١٤]. چونكە بونیاتنانە لەهەوادا، بیناش لەزەویەكی توند و تۆڵ و ڕەقدا دروستدەكرێت بۆ ئەوەی توشی داڕمان و داڕوخان نەیەت. لەگەڵ بونیادنانی كیانێكی سەربەخۆ بۆ موسڵمانان لەژێر قائیدێكی خەمخۆردا.

داواكارم لەخوای مەزن هەمومان لەدەوری قورئان و سوننەت كۆبكاتەوە، برایەتی و تەبایی لەنێوانماندا بەهێز

بكـاتەوە، هەمومـان بگەڕێنێـتەوە سـەر ڕاسـتە شـەقامی ئیسلامەتی، هەقمان پیشان بدات و بمانكاتە شـوێنكەوتەی، ناهەقیشمان پیشـان بـدات و لێیمـان بەدور بگرێـت، وامـان لێبكـات دۆسـتی دۆسـتانی بـین، دوژمنـی دوژمنـانی بـین، ئەوەمـان فێربكـات سـودمان پـێ دەگەیەنێـت، سودیشـمان پێبگەیەنێت بەوەی كەفێرمان دەكات.

﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ * وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ * وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

# پێڕستی بابەتەکان

پێشەکی ........................................................ ٥
پرسیاری ئاراستەكراو ............................................ ٨
وەڵام ........................................................... ٩
ئیختیلاف خۆلێلادانی بۆ نییە، ئەی چار چییە؟ ............. ١٢
ڕاجیایی و جیاوازی لەسروشتی مرۆڤە............................ ١٥
چارەسەری ئەو بارودۆخە .......................................... ١٦
جیاوازی دژبەیەك و جیاوازی نادژ.................................. ٢٠
هاندانی ئیسلام بۆ کۆمەڵ و نەهیکردنی لە پەرتەوازەیی ......... ٢٢
هاندانی ئیسلام بۆ برایەتی ........................................ ٢٣
ئیسلام موسڵمانان هاندەدات بۆ خۆشەویستی ................... ٢٤
سەلام لەیەکترکردن ............................................. ٢٥
تەوقەكردن ........................................................ ٢٦
دەم بە پێکەنینبون ................................................. ٢٧
سەردانکردنی یەكتر ............................................... ٢٨
یارمەتیدانی یەكتر.................................................. ٢٨
لادانی ستەم لەسەر موسڵمان ..................................... ٢٩
بەزەیی هاتنەوە بە یەکتر.......................................... ٣١
لادانی نارەحەتی لەسەر براكەت ................................. ٣٤
حەرامکردنی ئیسلام بۆ سەرجەم بەربەستەكانی بەردەم برایەتی و دژەكانی. ٣٥
غەیبەتکردن ........................................................ ٣٥

قسەهێنان و قسەبردن بۆ تێکدان ........................ ٣٦

لەکەدارکردنی کەسایەتی حەرامکراوە ........................ ٣٧

هەروەها ڕێگری کردوە لە دەمەدەم و موجادەلە ئەگەر لەسەر هەقیش بێت ........................ ٣٩

هەروەها ڕێگری کردوە لە حەسودی و ڕقلەیەکتربونەوە ........................ ٤١

دورکەوتنەوە لە مونافەسەی یەکترکردن ........................ ٤٢

پشت لەیەکتر مەکەن ........................ ٤٣

بەکەم تەماشانەکردنی برای موسڵمان و گاڵتەپێنەکردنی و سیخوڕینەکردن بەسەریەوە و گومانی خراپ پێنەبردنی ........................ ٤٤

سوکایەتینەکردن بەیەکتر ........................ ٤٥

گومانی خراپ نەبردن ........................ ٤٧

جاسوسی نەکردن بەسەر یەکترەوە........................ ٤٨

توانج نەدان و خۆشحاڵی دەرنەبڕین بە هەڵەی براکەت ........................ ٤٩

نابێت چەك دژی براکەت هەڵبگری ........................ ٥٠

نابێت فێڵ و غەش بکەی لە براکەت ........................ ٥٠

دور لەیەکتر دامەنیشن، بڵاوەی لێمەکەن ........................ ٥١

پێشی پێشەوا مەکەون ........................ ٥٢

هۆکارەکانی پەرتی و ئیختلاف و ناتەبایی لەدیندا ........................ ٥٤

خۆشویستنی دونیا و ڕقبوون لەمردن ........................ ٥٥

ستەمکردن لەیەکتر ........................ ٥٨

شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزو (شەهوە) ........................ ٦٢

شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتان ........................ ٦٦

شوێنکەوتنی هاوشێوەکانی قورئان و وەلانانی موحکەمەکانی (اتّباعُ المُتَشَابِهاتِ وَترکُ المُحْكَمَاتِ)........................ ٦٩

شوێنکەوتنی دەقە هاوبەش (المشترك) و موجمەلەکان........................ ٧١

پێنەگەیشتنی بەڵگەی پێویست، بەهۆی هەر بیانوویەکەوە، یان بەهۆی نەزانین و نەفامین و کەم شارەزاییەوە........................ ٧٢

پێگەیشتنی بەڵگەکە........................ ٧٨

دژبەیەکی ڕووکەشی خوودی بەڵگەکان........................ ٧٩

جیاوازی لە خوێندنەوەی دەقەکان ........................ ٧٩

نکوڵیکردن لەسەر پرسە خیلافیەکان........................ ٨٠

لادان لە قورئان و سونەت........................ ٩١

نەبوونی ئەدەبی خیلاف، هۆکارێکە بۆ درووستبوونی خیلاف............ ٩٦

زیادەهێنانە نێو دین، کە خوا ڕێی پێنەداوە (الشبهات) ........................ ٩٧

دروستبونی چەندین گروپ........................ ١٠٣

پێویستە بزانرێت نەیارانی هەق هەموویان لەیەك ئاست نین ............ ١٠٤

میانڕەوی نەبون........................ ١٠٥

چاولێکەر و شوێنکەوتنی گەلە بێباوەڕەکان لە گاور و هاوشێوەکانیان .١٠٧

چاولێکەری کوێرانە ........................ ١١٣

دروستبونی بانگەشەی نەتەوە پەرستی........................ ١١٤

لاوازی ئیمان........................ ١١٩

سەرسامبون بەڕای خۆ و دەمارگیری و ئەنانیبون.................................١٢٠
نەخوێندنەوەی بۆچونەكانی تر ..................................................١٢١
فێڵبازی ئیستیعمار و عەلمانیەكان و هاوبیرانیان.................................١٣٤
نەبوونی سەركردەیەكی دڵسۆز...................................................١٣٥
بونی سەركردە و پێشەوای گومڕا و زانای فێڵباز و بەرژەوەندیخواز .....١٣٨
نارەحەتی یەكێتی لە ڕەحەتی پەرتەوازەیی باشترە ..............................١٤٢
پێڕستی بابەتەكان.................................................................١٥٣